مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد

نووسینی: ئیحسان نوری پاشا

پێشەکی و گۆڕینی: حەمەکەریم عارف

چاپی سێیەم: 2008

پێڕست

* پێشەکیی وەرگێڕ
* پێشەکیی نووسەر
*رەگ و ریشەی نەژادی
*مێژووی کورد
*ئاراراتییەکان
*نەمروودەکان
* پوختەی نێوەرۆکی کتێبەکە

پێشەکیی وەرگێڕ

ئاگری، ئاگری، تۆ ئاگر بووی
لە ناو دنیا سەر بڵند بووی
لەسەر کوردستان چرا بووی
هەلبە ئاگری هەلبە ئاگری
ئاگر درژاند سەر سەران
روناهی درشاند هر دران
ئاردی دهژاند جار جاران
هەلبە ئاگری هەلبە ئاگری

www.pertwk.com

((1))

ئیحسان نوری پاشا، یەکێکە لە ناوە درەوشاوەکانی مێژووی بزووتنەوەی سیاسی رزگاریخوازی کورد، هەر لە سەرەتاوە بە نەفەسێکی نەتەوەییانەی کراوەوە هاتۆتە مەیدان و تا دوا هەناسە، بەپێی توانای خۆی و بە گوێرەی کات و شوێن، لەسەر خەباتی خۆی بەردەوام بووەو هیچ سازشێکی لەسەر باوەڕی بەرزی نەتەوەیی خۆی نەکردووەو هیچ ئامانجێکی لە ئامانجی رزگاریی نەتەوەیی کورد بە زیاتر نەزانیوەو هەموو ژیانی خۆی بۆ ئەو مەسەلەیە تەرخان کردووەو مەینەتی و دەربەدەری زۆری لەو پێناوەدا چەشتووەو کێشاوە. بەڵام بەقەد ئارارات سەر بەرز بووە.

ئیحسان نوری پاشا، یەکێك بووە لە ئەفسەرە کوردە بە تواناکانی سوپای عوسمانی و تورکیا، کە لاپەڕەیەکی پرشنگداری لە خەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردی بندەستی تورکیا تۆمار کردووە.. کاتێ دەوڵەتی تورکیای تازە هاتە سەر کار، هەر لە سەرەتاوە لە گفت و بەڵێنەکانی سەبارەت بە مافی رەوای کورد ژێوان بوونەوە بۆیە خەڵکانی هۆشیاری وەکو ئیحسان نوری پاشا بیریان لەوە کردەوە، گونجاوترین رێگە بۆ وەدەست هێنانی مافی کورد بگرنە بەر. یەکێك لەو رێگایانە کاری سیاسی و دامەزراندنی حیزب و رێکخراوی سیاسی بوو. ئەوە بوو لە ساڵی 1927دا رێکخراوی خۆیبوون بە ڕابەرایەتی جەلادەت عالی بەدرخان، لە شاری (بحەمدون)ی لوبنان بە مەبەستی ئازادکردنی باکووری کوردستان (کوردستانی تورکیا) دامەزراو یەکەم کۆنگرەی لە 1927/8/5 بەست، لەو کۆنگرەیەدا ئیحسان نوری پاشا بەبێ ئەوەی خۆی لەوێ بێ، بە فەرماندەی هێزی شۆڕشگێڕی کورد لە ئارارات، هەڵبژێردرا .(واهان هاپازیان)ی ڕابەری حیزبی (داشناك)ی ئەرمەنیانیش لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوو..

ئەوە بوو بۆ ماوەی چوار ساڵان (1927–1930) لە دەڤەرێن ئارارات، لەگەڵ سوپای پڕ ئەزموونی تورکیای ساز بە تانك و تۆپ و باڵەفرێن جەنگی، بەبێ هیچ جۆرە پشتیوانیەکی مادی یان مەعنەوی لەلایەن هیچ وڵاتێکەوە، درێژەی بە خەباتی رەوای ئەو قۆناغەی گەلی کوردی بندەست دا... ئیدی لە ئەنجامدا سوپای تورکیا بە کۆمەکی یەکێتیی سۆڤیەت و دەوڵەتی شاهنشاهی ئێران هێزی شۆڕشگێڕی کوردیان لە دەڤەری ئارارات گەمارۆداو توانیان شکست بە شۆڕشگێڕانی کورد بێنن و خەڵکێکی زۆر قەتڵ و عام بکەن و بەتۆبزی رایان بگوێزن بۆ ناوچە تورك نشینەکان. ئیدی ئیحسان نوری و هاوسەرەکەی ناچار پەنایان وەبەر دەوڵەتی ئێران برد! و ئەم کەڵەمێرە بۆ ماوەی چل و شەش دانە ساڵ (1930–1976) لە دەربەدەری و ئاوارەیی لە وڵاتی ئێراندا تا نزیکی دوا ساڵەکانی تەمەنی لەوپەڕی هەژاری و بێ نەوایی و دەستکورتیدا ژیا، بەڵام هەمیشە وەکو رابەرو فەرماندەیەکی مەزن و فیداکار، مەنگ و مەند، مەردو ڕەند رەفتاری دەکرد، بەپێی تواناو بە شێوازی جۆراو جۆری وەك نووسینی نامەو گوتاران، کتێبان دەربارەی کوردو رووداوەکانی شۆڕشی ئارارات درێژەی بە

www.pertwk.com

خەباتی خۆی داوە. ئیحسان نوری پاشا، زوانی فارسی بە باشی دەزانی و بەشێکی زۆری کتێب و وتارەکانی بە فارسی دەنووسی..

***

ئیحسان نوری لە نووسراوێکی خۆیدا لە ژێر سەرناڤی (ژ سەر بهوری من)دا دەڵێت:
"فەرماندەی گشتی نەتەوایەتی کورد، لە سالا 2542–2539 کوردی بەرەف 1927–1930 زاینی لەسەر چیای ئاگری لە ناڤا کوردستان تورکی یی:
ئیحسان نوری:
سالٚ، 1892دا، لە کوردستانی باکوور لە باژێری بەتلیس لە شەقامی ئەلی قولی (عەلی قولی) لە مالٚی ئەلی قولی دا هاتیمە گێتی. بەری ل مزگەوتی گوگ مەیدان، پاشی قوتابخانەی روشدییەی ئەسکەری بەتلیسدا، م خواند، شادەت نامەی شاگرد ئەوەلی راگرتم، سالا 1907 چوومە ئەرزەگان (ئەرزەنجان) کە تیم اولا دیی ئەسکەری سالی پاشی من شورگریدا کەتم زانیشگاهی شەڕی.
زانیشگاها بەرێن ئستانبول، لە 1909 خاندوارێن زانیشگاه شۆڕش کرن، ئەزژ تەڤ وان بووم بەلام موئەسیر نەبووم. لە بەهاری سالٚی 1910دا بەپلەی ئەفسەری لە نێو 339 دەرچووی ئەفسەریدا پلەی بیست و حەوتەمم بەدەست هێنا...)) بڕوانە کتێبی ژنرال احسان نوری پاشان ص 12 رحیم اشنویی محمود زادە.

*****

بە هەر حالٚ ئیحسان نوری پاشا، لە کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەی خۆیبووندا، بە فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی شۆڕشی ئارارات هەڵبژێردرا، هەر چەندە کەسێکی سوپایی بوو، بەلاٚم لە سیاسەت و دنیای سیاسەتیش بی ئاگا نەبووەو هەرگیز کاتی دەست پێکردنی شۆڕشی ئاراراتی بە کاتێکی گونجاوو لەبار نەزانیوە. ئەوەتا سەرهەنگ عیسا پژمان لە کتێبێکی سیٚ بەرگی خۆیدا بە نێوی (کردها و کردستان) چاپی پاریس 1992 هەندیٚ بیرەوەری خۆی دەربارەی ئیحسان نوری نووسیوەو لە زمانی ئەوەوە دەڵێت: "من لە کۆنفرانسی بەیروت نەبووم، لەو روونووس یا پەیامەی کە لەوێندەرەوە ناردبوویان، زۆر وەعدو بەڵێن و قسەی باشیان دابوو و کردبوو. بەلاٚم هەستم دەکرد کە بڕیارەکەیان لە رووی پراکتیکییەوە باش نییە، من بەر لە دەستپێکی ئۆپراسۆنەکان، هەموو مەسەلەکانم لەگەڵ نوێنەرانی ئەواندا باس کرد. کەمو کوڕی و گیروگرفتی کارەکانم پیٚ گوتن، و دەمزانی کارو مەسەلەکەی ئێمە بە رێگەی لەشکری و چەکداری چارەسەر ناکرێت. دەبیٚ چارەسەرێکی سیاسیانە بدۆزینەوە. منیش لەلای خۆمەوە لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی تورکیادا کەوتمە گفتوگۆ و تا رادەیەك هەندیٚ دەستکەوتیش بە دەست هات. تورکەکان بەڵێنیان دا کە ئەگەر بگەڕێمەوە سەر کاری خۆم، یەکسەر پلەی سەرگوردیم دەدەنیٚو هەموو موچەکانی پێشووی خۆم و ئەو ئەفسەرو دەرەجەدارانەی بەگەڵ من کەوتبوون دەدەنەوە. بووردنی گشتی دەدەن،

www.pertwk.com

به مەرجێ چەکەکانمان تەسلیم بکەینەوە. تورک جێگەی متمانە نەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر چەندە من لە رووی تەمەن و ساڵ و لە رووی سیاسییەوە لە پیاوان و سەرانی رۆشنبیر یا عەشایەری بەشداری کۆنفرانسەکە ئەزموونم کەمتر بوو، هەمیشە بە نامەو پەیام ئاگادارم دەکردنەوە کە لە دەستپێکی کاری سوپاییدا نابێ پەلە بکرێ، پەلە کردن لەم کارەدا، پەلە کردنە لە شکستی خۆمان بە دەستی خۆمان. من لەو کارو کردەوانەی کە کردوومن ژێوان نیم، و شانازییان پێوە دەکەم، بەڵام باوەڕم وابوو و ئێستاش هەر لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئۆپراسیونی لەشکری (خۆیبوون) لە نالەبارترین هەلومەرجدا دەستی پێکرد..."

ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵەی خۆیبوون بریتی بوون لە: (قەدری جەمیل پاشا، جەلادەت عالی بەدرخان بەگ، حەسەن ئاغا حاجو، ئیحسان نوری پاشا، ئەکرەم جەمیل پاشا، ممدوح سەلیم و عارف عەباس). جەلادەت عالی بەدرخان و کامەران عالی بەدرخانی برای بزووتنەوەیەکی رۆشنبیریی گرنگیان بەرپا کرد کە بلاوکردنەوەی گۆڤارێن هاوارو روناهی و رۆژنامەێن روژانو و ستێر لە دیمەشق و بەیروت و بلاوکردنەوەی بەرهەمێن ئەدەبی جۆراو جۆر لە جوملەی چالاکیەکانی وان بوو. هەروەها ئەم جووتە برایە داهێنەری ئەلفبای لاتینی کوردیش بوون. (کردها، کندال– عصمت شریف وانلی، مستەفا نازدار، ترجمە (ابراهیم یونسی چاپ سوم 1379.)

هەڵبەتە ئیحسان نوری پاشا، کە پەیوەندی بە شۆڕشی ئاراراتەوە کردوو ڕابەرێتی لەشکریی شۆڕشەکەی گرتە دەست، پێشوەختە، خۆی بۆ هەموو ناخۆشی و نەهامەتییەك ئامادە کردبوو، و ئامادە بوو لە پێناوی هەڵوێستی شۆڕشگێرانەی خۆیدا هەر باجێکی مادی یا مەعنەوی چەند گەورەش بێ بیدات و هیچ دەستکەوتێکی شەخسی بەلاوە گرنگ نەبێ و تەنیا شانازی بەوەوە بکات کە بەوپەڕی دڵسۆزی و پاکی ڕێبەرایەتی قۆناغێکی شۆڕشی رزگاریخوازی کوردی کردووە و هەموو ئاواتێکی ئەوە بووە کە شایستەی ئەو شانازییە بێ..

هەڵبەتە شایستەی ئەو شانازیەو زیاتریشە.. ئەوەتا نووسەری کتێبی (ژنرال احسان نوری پاشا) مامۆستا رەحیم شنۆیی مەحمود زادە، کە کەسێکی زۆر نزیك بووە، لە ئیحسان نوری، بیرەوەری خۆی لەو بارەیەوە دەگێڕێتەوەو باسی ئەوە دەکات کە پاش ساڵی 1958، دوای شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم لە عێراق، حکومەتی ئێرانی موچەی پەناهەندەیی ئیحسان نوری زیاد کرد، لە مانگانەی دوو سەدو پەنجا تمەنەوە، بۆی کرا بە هەزار تمەن و هەندێ وردە پێداویستی ناو ماڵیان بۆ دابین کرد و ژیان و گوزەرانیان کەمێك بوژایەوە. هەڵبەتە ئەم مانگانەیە لە دوا ساڵی تەمەنی ئیحسان نوری دا گەییە چوار هەزار تمەن و تۆزێك لە هەژاری و دەستکورتی دوور کەوتنەوە، نووسەر باسی ئەوە دەکات کە هاوسەرەکەی ئیحسان نوری بە گۆڕانی ژیانیان خۆشحاڵ بوو. بەڵام جەنابی ئیحسان نوری بەلایەوە ئاسایی بوو، و دەیگوت: "ئەم گۆڕانی بارودۆخەو بایەخدانی حکومەت بەو، بە ئەنجامی شۆڕشی عێراق و گەڕانەوەی مەلا مستەفابارزانی و دەست پێ کردنەوەی سەر لە نوێی خەباتی نەتەوەیی کورد دەزانم نەك بەشتێکی دی..."

www.pertwk.com

نووسەر لە لاپەڕە (98)ی کتێبی نێو براودا دەڵێت:
"لە بیرمە، لە هاوینی ساڵی 1956دا ڕۆژێك جەنابی ئیحسان نوری، بە خەمگینی باسی وەزعی نالەباری کوردانی دەکرد، هاوسەرەکەی هەڵیدایەو گوتی: ئیحسان تاکەی دەست لە کوردان هەڵناگریت، بۆ کوردان هیچ کاتێك خەمی ئەم وەزعە نالەبارەی ئێمە دەخۆن؟ ئایا لە ئێراندا ئەم هەموو کوردە هەن، جگە لە چەند کەسێك، ئەوانی دی دەزانن کە ئیحسان نوری کێیە و چۆن دەژی و ئەگەر تۆ وەکو ئەفسەرێك لە سوپای تورکیادا مابایتەوە و پەیوەندیت بە شۆڕشی کوردانەوە نەکردبوایە، ئێستا لە تورکیادا پایەیەکی بەرزو ژیانێکی زۆر باشت دەبوو. جەنابی ئیحسان نوری، بەو قسانەی هاوسەرەکەی ناڕەحەت بوو، و گوتی: یاشار چما من بۆ ژیانی باشترو پایەی بەرزتر پەیوەندیم بە شۆڕشی کوردانەوە کرد؟ نەخێر، من ئەو کاتەی کە پەیوەندیم بە شۆڕشەوە کرد پێشبینی ڕۆژانی سەخت و ڕووبەڕوو بوونەوەی مەرگم لە ریزی خەباتکارانی گیانفیدای کوردا کردبوو و هەرگیز لە کردەوەی خۆم ژێوان نیم. شانازی بەو ڕۆژە دژوارانەی ئەوساو ئەم ڕۆژە نادیارانەی ئێستا دەکەم، ئەوەندە بۆ من بەسە کە لە ژیانمدا لە پێناوی میللەتی زۆر لێکراوی خۆمدا، هەنگاوێکم ناوە..
((2))

ڕەحیم شنۆیی مەحمود زادە لە کتێبەکەی خۆیدا باسی ئەوە دەکات چۆن بەرە بەرە لەگەڵ ماڵی ئیحسان نوری دا خوویان بە یەکەوە گرتووەو ئەگەر ماوەیەکی کەم سەری نەدابان ناڕەحەت دەبوون و چۆن هەندێ جار کە دەچووە ماڵی ئەوان یاشار خانم، هاوسەری ئیحسان نوری باسی ڕۆژانی سەختی جەنگی ئارارات و پەرستاری و برین پێچی زامداران و بۆمبارانی تورکیای بۆ دەکرد و چۆن هێشتا بووکی هەشت مانگە بووە، مێردەکەی پەیوەندی بە ڕاپەڕینی کوردانەوە کردووە و ئەوی بە تەنیا بە جێ هێشتووەو دوای ماوەیەك لەگەڵ دایکی دا و لە ڕێگەی سوریا و ئێرانەوە بە کۆمەکی ئەرمەنییەکان پەیوەندی بە مێردەکەیەوە کردووە، لە غارو ئەشکەوتانی ئارارات دا یاری غاری مێردەکەی و شۆڕشگێڕان بووە، لە کاتی شکستی کورد لە ئارارات دا، ئەو خشڵ و زێڕانەی کە مێردەکەی لە کاتی زەماوەندا بۆی کڕی بوو و یا باوك و دایك و براکانی خۆی دابوویانێ، بۆ ئەوەی بە دەستی سەربازانی تورك نەکەوێ و بۆ ڕۆژانی تەنگانەی خۆی و مێردەکەی هەڵی بگرێ، لە دەسکەواندا کوتیونی و کردونی بە وردە ئاسنجاو.. باسی ڕۆژانی سەختی دوای پەنا بردنە ئێرانی سەردەمی ڕەزا شا پەهلەوی و زیندانی بوونی ئیحسان نوری بۆ ماوەی نۆ هەیڤان لە ئەمن و دوور خستنەوەی بۆ ساوە دەکرد.. دەیگوت: لە ترسی ئەوەی نەبا مێردەکەم لە زینداندا ژەهر خوارد بکرێ، هەموو ڕۆژێ خواردنی ئیحسانم ئامادە دەکردو لەگەڵ دایکم دا بۆ زیندانم دەبردو دەمدا بە ئیحسان نوری. دایکی یاشار خانم لە ڕۆژانی تەنیایی یاشار خانم و ساڵانی نەفی لە کرمان و ساوە لەگەڵ ئەواندا بووە، تا لە ساڵی 1941، لە تاران مردووە، لە گۆڕستانی شاه عەبدولعەزیزیم نێژراوە. هەروەها باسی ئەوەی دەکرد کە لە

www.pertwk.com

ماوەی دووەم جەنگی جیهانیدا کە گوێزراونەتەوە بۆ تاران، هەندێ خشڵ و زێڕی ژنانەی هەبووە کە لە تورکیاوە دەگەڵ خۆی هێنابوو، بردبوویان لە بازاڕ فرۆشتبوویان و بە پارەکەی کامیونێکی باری دەکڕن و لە ڕێگەی ئاشنایەکی ئەرمەنی سەردەمانی شۆڕشی ئاراراتەوە، شوفێرێکی ئەرمەنی بۆ دەگرن، تا بە دەرامەتی کامیونەکە ژیانی خۆ بەڕێوە بەرن، چونکە مانگانەی پەناهەندەییەکەیان لەو سەروبەندەدا زۆر کەم بووە، بەڵام ئۆتۆمبیلەکەیان لەبری قازانج، زەرەریان لێدەداو ناچار بە زەرەر دەیفرۆشنەوە.. و بە هەر حاڵ یاشار خانم پشت و پەنایەکی زۆر چاکی ئیحسان نوری پاشا دەبێت، ئەم ژنە ناوی خەدیجە یاشار تەکتامیش و تورك بوو، بە تورکی ئەستەمولی و فارسی قسەی دەکرد، لە کوردی تێ دەگەیشت، بەڵام نەیدەتوانی لە چەند وشەو رستەیەکی کەم بەولاوە قسەی پێ بکات. کارەکەرێکیان هەبوو بە نێوی زەهرا بەهنامە، کە داك و بابی کورد بوون، و لە سێ ساڵیەوە هێنابوویانە لای خۆیان، لەگەڵ یاشار خانمدا فێری تورکی بووبوو و بە تورکی قسەی دەکرد... هەر چەندە ئیحسان نوری کەسایەتیەکی نەتەوەیی بوو، بەڵام هیچ کاتێك داوای لە هاوسەرەکەی نەدەکرد بە کوردی قسە بکات یان فێری کوردی ببێ..

****

ئیحسان نوری پاشا، کەسایەتیەکی نەتەوەیی کراوەی واقیع بین بووەو لە هەر توندڕەوییەکی مەزەبی و ئایدولۆجی دوور بووە. کوردو تەبایی و رزگاری کوردی زۆر مەبەست بووە. هەر چەند زۆری حەز کردووە راستەوخۆ لە خزمەتی کۆماری مەهابادا بێ، بەڵام لەبەر هەندێ هۆ، کە تا ئێستا روون نییە، ڕێگە نەدراوە... لەگەڵ ئەوەشدا دوورو نزیك پەیگیری ڕووداوەکانی کردووە، گەلێك بە خەمەوە بووە، ئەوەتا دکتۆر هاشم شیرازی لە کتێبی (**خاطرات دکتر شیرازی**)دا لە باسی دیدارێکی ئیحسان پاشا وپێشەوا قازی محەمەد لە تاران، دەڵێ بەپێشەوای گوت: " جەنابی قازی، کورد کە نەهو خەریکی دروستکردنی بینایەکن، نابێ بەر لە دروستکردنی بیناکە، لەسەر ڕەنگی ناوەوەی بینایەکە بەگژ یەکدا بچن.))

یان لە دیداری دووەمیا، لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی، لە ساڵی 1974، وەکو نەتەوەییەکی مارانگەستە، ئومێدی سەرکەوتنی بۆ دەخوازێت، بەگومانێکی پڕ لە دڵسۆزییەوە پێی دەڵێت: ".. ئومێدەوارم ئەم بزاڤەی کوردو ئەم پەناهەندەبوونەیان بۆ ئێران، دووچاری هەمان چارەنووس نەبێت کە ئێمە لە ئارارات دووچاری بێ بەڵێنی و پەیمانشکێنی رەزا شا بووین، چونکە ئێمەی کورد خۆمان لەگەڵ ئێرانیاندا بەهاو نەژاد دەزانی و تەسەورمان نەدەکرد ئێرانیەکان خیانەتمان لێ بکەن، لێ رەزا شا خیانەتی لێکردین..."

ئەوە بوو نسکۆی ساڵی 1975 بەسەر بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردیدا هات و هەڵبەتە یەکێك لە فاکتەرەکانی ئەم نسکۆیە خیانەتی محەمەد رەزا شای ئێران بوو..

www.pertwk.com

بەلام ئیحسان نوری پاشا، تاکو مردیش هەر پیاوێکی مەردو ڕەند، مەنگ و بە هەیبەت و ویقار، بەورەو نەفس بەرز، گەشبین بەئایندەو هەرگیز لە هەلوێستی شۆڕشگێڕانەی خۆی ژێوان نەبوو، ئارمی خۆیبوون لە ماڵەکەیدا و بە بەرزییەوە هەلواسرابوو کە بریتی بوو لە (خەنجەرێکی ئەستوونی لە ناوەڕاست و گوڵە گەنمێك لەلایەکی و قەڵەمێك –پەڕە مووچێك– لەلایەکەی تری، کە لە خوارەوە یەکیان دەگرتەوە، نیوە هەتاوێك لەسەر نووکی خەنجەرەکەوە هەبوو، هەرسێکیانی غەرقی تیشکی خۆی دەکرد).

بەو جۆرە، ژیانی دەگوزەراند تا لە ساڵی 1976دا بۆ جاری دووەم ماتۆڕ لە نزیکی ماڵەکەی خۆی لێیداو دوای هەفتەیەك ژیانی پڕ لە شانازی و سەربەرزی جەنەڕال ئیحسان نوری پاشا، (ئیحسان جەبرانی) لە تیرەی حەسە سووری جەبرانی، کوڕی نوری، لە دایکبووی ساڵی 1892، لە 1976/3/25دا لە تاران کۆتایی هات. لە پشتی وێنەیەکی ئیحسان نوری پاشا، کە بۆ پرسەکەی لە ماڵی خۆیدا دانرا بوو، جەنابی مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی ئەمەی نووسی بوو: " ئیحسان نوری پاشا لە ساڵی 1273ی هیجری شەمسی لە دایك بوو، لە1354/12/28 سەعات شەشی پاش نیوەڕۆ ماتۆڕسکیل لێیداو ڕۆژی پێنج شەممە 1355/1/5 سەعات شەشی بەیانی لە خەستەخانەی سینا وەفاتی کردو سەعات سێی پاش نیوەڕۆ لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا، کەرتی نۆ، بە خاك سپێردرا).هەڵبەتە گۆڕەکەی لە بەهەشتی زەهرای تارانە، کەرتی نۆ، ریزی پەنجاو هەشت، ژمارە (12).

هەڵبەتە ماتۆڕ سوارەکە گیرابوو، درابووە دادگا، بەلام پاش ماوەیەك ئەوقاتەکەی یاشار خانم پێی گوتبوو، دادگایی و سۆراخکردنی قانوونی بکوژی ئیحسان نوری پاشا، بێ سوودەو هیچ ئەنجامێکی نابێ. یاشار خانم پێی وابوو مەبەستی ئەوقاتەکە ئەمە بوو کە لەگینە ساواك دەستی لە کوشتنی ئیحسان نوری پاشادا هەبوو بێ.

* * *

وەکو مامۆستا ڕەحیم شنۆیی مەحمود زادە لە کتێبەکەیدا دەیگێڕێتەە، ئیحسان نوری پاشا، کە منداڵی نەبوو لە پارچە کاغەزێکی چکۆلەدا ساڵانێك پێش مردنی، وەسێتی کردبوو کە هەرچییەکی هەیە لە پاش مردنی بۆ هاوسەرەکەیەتی و ماڤ چ کەسێکی تری بەسەرەوە نییە... نووسەری بەڕێز دەڵێت ئەو وەسێت نامەیە لای منەو هەموو ساڵێك مێژووەکەی تازەکراوەتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە یەشارخانمی یەکجار خۆش ویستووە.

بە هەر حاڵ ئیحسان نوری پاشا، تەنیا دەفتەرێکی پاشەکەوتی هەبووە کە مانگانەی پەناهەندییەکەی لە بانکدا بۆ دەخرایە سەرو خۆی بەپێی پێویستی لێی دەردێنا..هەموو پاشەکەوتی ئەم دەفتەرچەیەی لە ڕۆژی هەشتەمی بەر لە مردنەکەی تەنیا هەزارو سەدو پەنجا ریاڵ بووە. لەو ساڵەدا (1976) دۆلارێکی ئەمریکی بەرابنەر هەفتا ریاڵی ئێرانی و یەك کیلۆ گۆشتی مەڕ بە سەدو چل ریاڵ بوو.

www.pertwk.com

ئیحسان نوری تا ڕۆژی مردنی هەر کرێچی بوو، هیچ جۆرە موڵکێکی ئەقاری نەبوو. ژنەکەی بڕێك زێڕو خشڵی ژنانەی هەبوو کە هیچ کاتێ بەکاری نەدەیەنا، هەموو جار یاشار خانم دەیگوت ئەم تۆزە خشڵ و زێڕەم بۆ ڕۆژانی تەنگانە داناوە.

ناو ماڵەکەی ئیحسان نوری بریتی بوو لە یەخچاڵێك، تەلەفزیۆنێك، رادیۆیەکی بچووك کە هەمیشە لە تەنیشت ئیحسانەوە بوو، چەند تەختە قاڵییەکی ئاسایی کۆن و چەند قەنەفە و کورسی و مێزێکی نانخواردن و هەندێ وردەو پردەی دیکەی ناو ماڵ، دیارە ئەم ناو ماڵەش لەگەڵ زیادکردنی مانگانەی پەناهەندەییەکەیدا وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە، دوای شۆڕشی ساڵی 1958ی عێراق و گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە سۆڤیەت و سەرهەڵدانەوەی سەر لە نوێی مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەلاتی ناڤیندا، لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دابین کرابوو... یاشار خانمیش چونکە ئافرەتێکی کەیبانۆو بە سەلیقە بوو، لەگەڵ زیاد کردنی مانگانەکەی ئیحسان دا توانی بووی هەندێ پاشەکەوت بکات و بڕێك خشڵ و زێڕان بکڕێ و خۆی گوتەنی بۆ ڕۆژانی تەنگانەی هەڵبگرێ.

بەڵام دوای شۆڕشی ساڵی 1978ی ئێران، مانگانەکەی ئیحسان نوری کە بە ژنەکەی دەبڕا، پاش ماوەیەك بڕدرا، کە یاشار خانم لە نامەیەکدا بۆ کەریم سنجابی وەزیری کاروباری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی داوای کردەوەو ئەوە بوو داواکەیان جێبەجێ کردو موچەکەیان بۆی گەڕاندەوە...

یاشار خانم، ژنێکی بە ئەمەك و دڵسۆزی ئیحسان نوری پاشا بوو، تەنانەت پاش مردنی مێردەکەشی، وێڕای ئەوەی هێشتا هەر هاووڵاتی تورکیا و پەساپۆرتی تورکی هەبوو، دڵی نەهات بەجێی بێڵێ و لەگەڵ زەهرای کارەکەریاندا تا ساڵی 1361هەر لە تاران و لە ماڵەکەی خۆیاندا مایەوەو هەمیشە هەر ئیحسان نوری لە یاد بوو، و وێنەیەکی بچووکی ئەوی لە چوار چێوەیەکی شووشەیی گرتبوو و هەمیشە بە یەخەیەوە بوو... تەنانەت (سەرهەنگ عیسا پژمان)ی بەرپرسی کاروباری کورد لە دەزگای ساواك، لە ئەمریکاوە چەند جارێك تەلەفۆنی بۆ دەکات کە خۆی و زەهرا بچن بۆ ئەمریکا و بە یەکجاری لەوێندەر ئاکنجی بن، کەچی یاشار خانم لە وەڵامیا دەڵێت بەبێ ئیحسان هەموو شوێنێکی دنیا بۆ من وەکو یەکە و فەرق ناکات...

عیسا پژمان دەیگێڕێتەوە ئەو ئێوارەیەی کە ماتۆڕسکیل لە ئیحسان نوری دابوو و بە پەلە گەیاندبوویانە خەستەخانە، نەیان هێشتبوو یاشار خانم بچێتە دیاری، بە تەلەفۆن ئەوی ئاگادار کردۆتەوە، ئەویش شوفێرەکەی و پاسەوانێکی خۆی دەنێرێ بە شوێنی داو داوا لە دکتۆرەکان دەکات ڕێگەی بدەن بێتە دیار مێردەکەی.. کاتێ کە دێتە ژووری و چاوی بە ئیحسان دەکەوێ، دەبورێتەوەو دەکەوێتە سەر زەوی، خێرا هەڵی دەگرنەوەو لەلای ئەوەوە لەسەر تەختێکی دەخەوێنن، دکتۆرەکان خێرا چەند دڵۆپە دەرمانێکی دەدەنێ و دەرزییەکی لێ دەدەن، دوای چەند دەقەیەك بە هۆش دێتەوەو دەکەوێتە گریەو زاری، دکتۆرەکان دڵخۆشی دەدەنەوە و پێی دەڵێن کە وەزع و حاڵی مێردەکەی باشەو پێویستی بە ئیسراحەتە

www.pertwk.com

و دوای چەند رۆژێك چاك دەبێتەوەو جێگەی نیگەرانی نییە. ئیدی بە کۆمەکی پژمان هەڵدەستێ، دەچێتە دیار ئیحسان، دەستی دەگرێت، نێو چەوانی ماچ دەکات و دەڵێت: "ئیحسان گیان، ئیحسان گیان، بە قوربانت بم، بریا ماتۆڕ لە منی دابا، ملم بشکێ، بۆ تۆم بۆ کڕینی شتێکی هیچ نارد؟ خودا من بکوژێت.."

بەڵێ ئەم ژنە بە ئەمەك و رەسەنەش لە رۆژی 1362/10/12دا لە نەخۆشخانەی بانکی میللی تاران کۆچی دوایی کردو رێورەسمی ناشتن و پرسەی لەلایەن ماڵباتی بارزانی و دۆستانی ئیحسان نوری پاشاوە بۆ ئەنجام دراو لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا، کەرتی 97، ریزی 163، ژمارە (30)دا بە خاك سپێردراو لە خاکی غەریبی دا کۆتایی بە ژیانی هات..

رەحیم شنۆیی مەحمود زادە، باسی ئەوە دەکات کە یاشار خانم و زەهرا، سێ مانگێك بەر لە مردنی، لە ماڵی ئەوان، لە ورمێ بووەو دەربارەی کتێبانی راپەڕینی ئارارات و بیرەوەرییەکانی ئیسحان و بیرەوەرییەکانی خۆی (یاشار خانم) گوتوویەتی: "من پار (1982) ئەو بەرهەمانەم داوە بە جەنابی ئەیوب بابۆ (پێ رەش)ی برازای مەلا مستەفا بارزانی تا لە سویسرا بە چاپیان بگەیەنێ و ئەیوب گوتویەتی پارەی فرۆشەکەی نزیکەی لە سەدا پەنجایت یان هەموویت بۆ دەنێرمەوە."، جا ئەوەندی من ئاگادارم راپەڕین یان شۆڕشی ئارارات لە گۆڤاری هیوا، لە پاریس لە ساڵی 1985دا بە شێوە زاری بادینی بڵاوبووەتەوەو دوایی لە رۆژنامەی گەلدا بە عەرەبی تەرجەمەو بڵاوبووەتەوە، لە ساڵی 1986دا لەلایەن عیسمەت شەریف وانلییەوە تەرجەمەی فەرەنسی کراوە، دوایی سەلاح بەرواری لە بادینییەوە کردویەتی بە عەرەبی. بەڵام کتێبی (ژ سەر بوری من یا ژیانی من) و بیرەوەرییەکانی یاشار خانم تا ئێستا چاپ و بڵاو نەبووەتەوە..

رەحیم شنۆیی مەحمود زادە دەڵێت دوای مەرگی یاشار خانم، من و دۆستانی ئیحسان نوری واتە دکتۆر عەلی مەولەوی و دکتۆر جەعفەر رەحمانی و دکتۆر شیرازی هەواڵی مەرگی یاشار خانم-مان بە کچ و کوڕێکی برازای بە ناوانی بنگولێ توقتامیش و چاغلار تۆقتامیش لە ئەستەمولێ دا، لێبڕاین لەبەر ئەوەی زەهرا عومرێك، لە منالییەوە تا مەرگی ئیحسان نوری پاشاو یاشار خانم لە خزمەتی ئەواندا بووە، ئەو کچ و کوڕە رازی بکەین کە زەهرا بکرێ بە میرات گری یاسایی یاشار خانم و هەر چیەك لە پاش ئەوو مێردەکەی (ئیحسان) بەجێماوە بدرێ بە زەهرا، و ئەم کارە سەری گرت و زەهرا بوو بە خاوەنی ناو ماڵ و هەندێ زێڕو خشڵی یاشار خانم کە بۆ ئەو کاتە نزیکەی پتر لە ملیۆنێك تمەن دەبوو. ئەو سەردەمە نرخی هەر دۆلارێکی ئەمریکی نزیکەی سی ((30) تمەن بوو.

بە هەر حاڵ زەهرا، دوای چەند ساڵێك پاش مەرگی یاشار خانم، بۆ رەحیم شنۆیی مەحمود زادەی دەگێڕێتەوە کە یاشار خانم پێی گوتبوو (بە زەهرا) کە قەرارە ئەیوب بابۆ، دوای چاپ کردنی کتێبەکان بێ بۆ تاران.. لە کاتی نەخۆشی و لە دوا رۆژەکانی ژیانیدا بە زەهرای گوتووە کە ئاڕمی ئارارات، ئەوەی بەسەر سەری وێنەیەکی دوو قۆڵی من (یاشار خانم) و (ئیحسان)ـەوە هەڵواسراوە، لەگەڵ ئەڵقەی دەزگیراندارێ ئیحسان و من کە نێوی ئیحسان و

www.pertwk.com

یاشاری لەسەر هەڵکەندراوە و ئەسڵی کتێبە دەستنووسەکانی ئیحسان نوری لەمەڕ شۆڕشی ئارارات و ژیانی ئیحسان و بیرەوەرییەکانی من (یاشار) و سەعاتە قەدیمییەکەی ئیحسان، بدات بە ئەیوب بابۆ تا ئەویش بیدات بە دەزگاو ڕێکخراوێکی کوردی کە بتوانێ ئەو شتانە بۆ نەتەوەی کورد بپارێزێ... زەهرا بە ڕەحیم شنۆیی دەڵێت کە هەموو ئەو شتانەی لە تاران داو بەر لە دەزگیرکردنی مێردەکەی (خەلیل) داوە بە ئەیوب بابۆ. بەڵام سەعاتە قەدیمییە زێڕەکەی ئیحسان نوری نەداوە بە ئەیوب بابۆ، چونکە قەرار بوو ئەیوب بابۆ لە فرۆشی چاپی بیرەوەریەکانی ئیحسان نوری و یاشار خانم پارەی بۆ بەرێ و بۆ نەبردووە. زەهرا پاشتر سەعاتەکەی بە نرخی ئەو زێڕەی کە تیای بوو، فرۆشتبوو.

* * *

ئیحسان نوری پاشا، زمانی فارسی بە باشی دەزانی و بەشێکی کتێب و وتارەکانی بە فارسی نووسیوەو بڵاوکردۆتەوە. ناوبراو، لە ماوەی ئاکنجی بوونیا لە تاران توانی هەردوو کتێبی (تاریخ ریشەی نژادی کرد) و (وقائع ارارات) بنووسێت و بڵاوبکاتەوە.

(وقائع ارارات) لە هەفتەنامەی کوهستان، چاپی تاران، کە بەڕێوەبەرو خودان ئیمتیازەکەی جەنابی دکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵان بوو، لە ساڵی 1324ی هەتاوی (1945) بە زنجیرە لە چەند ژمارەیەکدا چاپ و بڵاوبووەتەوە، هەڵبەتە ئەم (وقایع ارارات)ەی کە ئێستا بە کتێب چاپ بووە، لە هەندێ شوێن دا جیاوازی لەگەڵ ئەوەی هەفتەنامەی کوهستاندا هەیە. چونکە ئیحسان نوری لەبەر وەزع و حاڵی پەناهەندەیی خۆی نەیتوانیوە هەموو شتێك بنووسێت و بیانوو بە دەستی سانسۆرەوە بدات، هەمیشە ئەو کتێبەی شاردۆتەوە تا دەستی مامورانی ئاسایش نەکەوێ و لە دەرفەتێکی لەبارو گونجاودا چاپ و بڵاو ببێتەوە.

ئەم هەفتەنامەیە لە رۆژی 7ی بەهمەن/1323 دەستی بە کار کردووەو لە ئەسفەند مانگی 1325 (1946) داخراوە، تێکڕا هەشتاو چوار ژمارەی لێ چاپ و بڵاوبووەتەوە.. هەروەها کتێبی (تاریخ ریشە نژادی کرد)ش بەزنجیرە لە هەمان هەفتەنامەدا بڵاودەبووەوە ،بەڵام بەهۆی راگرتنی هەفتەنامەکەوە، تەواو نەبوو... "اسرار بارزان"ش کە لە نووسینی دکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵان بووە، بە زنجیرە لە هەمان رۆژنامەدا بڵاودەبووەوە.. کتێبی (تاریخ ریشە نژادی کرد) لە ساڵی 1955دا لە چاپخانەی سپهر چاپ بووە... ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی شەخسی پیاوێکی مەهابادی، دانیشتووی تاران، بە نێوی حاجی مستەفا ئەتمیش کە لە تاراندا خەریکی بازرگانی بوو، چاپ کراوە، چاپی کتێبەکە نزیکەی هەزارو پێنج سەد تمەنی ئەو کاتەی تێ چووە، گوایە نێو براو لەسەر راسپاردەی جەنابی شێخ عەبدوڵڵا ئەفەندی گەیلانی زادە، ئەو برە پارەیەی بۆ چاپی کتێبەکە داوە. بێگومان ئیحسان نوری بە خۆی ئەو پارەیەی پێ هەڵنەسوڕاوە تا کتێبەکەی پێ چاپ بکات. دیارە لەو سەرو بەندەدا وەشانخانەکانیش ئامادەی چاپ کردنی کتێبی نێو براو نەبوون یان پارەیان نەبووە. ئەم کتێبە ئەوسا بە تیراژی سێ سەد- چوار سەد دانە چاپ کراوە، نرخی هەر دانەیەك چوار

www.pertwk.com

تمەن و نیو بووە، نزیکەی (30-40) دانە دراوە بە ئیحسان نوری بۆ خۆی بیفرۆشێتەوە..
تەنانەت رەحیم شنۆیی مەحمود زادە پێنج دانەیەکی بۆ فرۆشتووە..
جەنابی ئیحسان نوری پاشاو مامۆستا ئیبراهیم پورداود گرتنی نەینەوای پایتەختی ئاشوریەکان لەلایەن هوخشترەی پاشای مادەوە، بە گوێرەی کەتیبەو بەردەنووسەکانی ئاشۆر بە سالّی (612پ.ن)دادەنەن وچونکە پێیان وابووە کوردی ئیستا پاشماوەی مادەکانن، بۆیە سای ڕوخانی نەینەوایان لە(612پ.ن) بە مێژووی کوردی- مادی داناوە..
ئیحسان نوری پاشاش ئەو ساڵەی بە مێژووی دامەزراندنی شاهنشاهی ماد زانیوەو لە کتێبەکەی خۆیدا (مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد) دەڵێت: "چونکە روخانی دەوڵەتی ئاشور کە لە سالّی 612پ.ز بە دەستی هوخشترەی پاشای بە توانای ماد ئەنجام دراوە، بۆیە میللەتی کورد-ماد- ئەم مێژووەیان بە سەرەتای مێژووی نەتەوەیی خۆ قەبولّ کردووە" و ئیحسان نوری یەکەمین کەسە کە ئەم مێژووەی بەناوی مێژووی کوردەوە تۆمار کردووە.
جەنابی ئیحسان نوری بە گوتەی خۆی دوو مەبەستی لە نووسینی کتێبی (مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد) هەبوە یەکەمیان ئەوە بووە بە پێی توانای خۆی مێژووی کۆنی نەتەوەی کورد روون بکاتەوە، دووەمیان ئەوە بووە کە وەلآمێکی کتێبی (کردو پیوستگی نژادی و تاریخی او)ی مامۆستا رەشید یاسمی بداتەوە، کە بە خۆی کورد بووەو بە هاندانی رەزا شا پەهلەوی ئەو کتێبەی داناوە و مەبەستیش ئەوە بووە وەکو لە ناوی کتێبەکەوە خۆیایە رەگ و رەسەنی کورد بەرێتەوە سەر پارس، لە کاتێکا بەڕای ئیحسان نوری کورد، پارس نین، بەڵکو کورد یا مادو پارس پەیوەندی نەژادیان هەیە.. بۆیە (مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد) وەلآمێکە بۆ مامۆستا رەشید یاسمی..
جا خوێنەری ئازیز. فەرموون ئێوەو مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، بە ئومێدم جێی رەزامەندی بێ و کەلێنێك لە کتێبخانەی کوردیدا بگرێت.

حەمەکەریم عارف
سلێمانی 2008

تێبینی:

بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم پێشەکییە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

1- ژنرال احسان نوری پاشا، رحیم اشنویی محمود زادە، چاپ اول، 1386.
2- کردها، حسن ارفع، لندن چاپ دانشکده اکسفورد نیویورك، تورنتو 1966
3- کردستان وکرد در اسناد محرمانە. بریتانیا. و. همدی ترجمە بهزاد خوشحالی، چاپ اول، 1378.

www.pertwk.com

4– شـورش كردهـاي تركيـة و تـأثير ان بـر روابـط خـارجى ايـران، كـاوه بيات،چاپ اول 1374.
5– وقائع ئارارات، به كوشش كاوه بيات،چاپ اول 1378.
6– كردها، كندال – عصمت شريف وانلى، مصطفى نازدار ترجمه ابراهيم يونسى چاپ سوم، 1379.
7–كـريس كوچـيرا، كـورد لـە سـەدەی نـۆزدەو بيسـتەم دا، چـاپی چـوارەم 2007 كتێبفرۆشی ئاوێر. و:حەمە كەريم عارف

مێژووی رەگ و رەچەڵەكی كورد

نووسينی : ئيحسان نوری پاشا
پێشەكی وگۆڕينی : حەمەكەريم عارف

پێشەكيی نووسەر

ئەو كەسانەی كە لە كارێن پڕ شانازی رابردووی ميللـەتی خـۆ بێخەبەرن، نـاتوانن ئارمـانجی پێشخستن و بەرز كردنەوەی ئاستی ميللەتەكەی خۆيان لە مێشكی خۆدا پەروەردە بكەن.
بێئاگايی لە رابردوو دەبێتە مايەی فەرامۆش كردنی ئاينده! دەڵێن شانازی بە كێلـی قـەبرەوە ناكرێت، لیٚ سەر هەڵدان و بتەوبوونی هەستی پاراستنی ئازادی لـە نێـو ميللەتانـدا پێوەنـدی بـە زانـينی كـارە پـڕ لـە شـانازيەكانی بـاب و باپيرانـەوە هەيـە! جێـی خۆيـەتی بڵـێين كـە ئـەو شـانازيانە چـرای رێنـوێنی رێگـەی شـكۆی ميللەتانـە. نووسـەر، لـە كاتێكـدا كـە دان بـە كەمدەستی زانستانەی خۆيدا دەنێت، لیٚ چونكە بەشێك لـە كارەسـاتەكانی ئـەم ميللـەتە زۆر لێكـراوەی وەئەسـتۆيەو بـە پشـتيوانی خوێندنـەوەو موتـاڵای ئـەو نووسـين و سەرچـاوانەی لەسەر كوردو كوردستان نووسراون، دەستی داوەتە نووسينی ئەم نامەيە، هێڤيدارە سـوودی خۆی بگەيەنیٚ.
مەبەستم ئەمە نييە مێژووی كـوردو كوردسـتان بنووسـم، بـەڵكو ئەوەنـدەم گەرەكـە خزمـەتی قەومێكی ئێرانی نـەژاد بكـەم كـە خەريكـە لەلايـەن نـەژادەكانی ديكـەوە لـە نێـو دەبرێت. هـەر

www.pertwk.com

ئەوەندەم گەرەکە ئەم میللەتە رەشید و عەگید و زۆر لێکراوە لە گومناوی دەرباز بکەم، نەیەڵم لە شەرەڤ نەژادی ئێرانی خۆی مەحروم بێ، ئەگەر چی لەوەیە لە سایەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی خەمناکی ئەم میللەتەدا باسکردنی رەچەڵەك و کورد بوونی هەندێ هۆزو تیرە کە دەوڵەتانی گەورەیان دامەزراندووەو باسکردنی زنجیرە پاشایانێك کە وڵاتانیان فەتح کردووەو باسی کورد بوونی پێغەمبەرانێك کە رێی دروستیان بە مرۆڤایەتی نیشانداوە، هەندێ سەیرو سەمەرە بێتە بەرچاو وا وێنا بکرێ نووسەر کەوتبێتە ژێر کاریگەریی توندڕەوانەی هەستی ناسیونالیستیەوە. بەڵام پاش خوێندنەوە و موتالای وردی ئەم کتێبۆکەیە دەردەکەوێ کە نووسەر لە دەمارگیری و توندڕەوی دوور بووە.

مێژووی (کورد و کوردستان). بەزمانی کوردی، بەرهەمی خامەی بە نرخی نووسەری گەورەی کورد ئەمین زەکی بەگی رەحمەتی، و کتێبی (کورد و پەیوەندییە نەژادییەکانی) مامۆستای زانستگە (رەشید یاسمی) رەحمەتی لە نووسینی ئەم نامەیەدا نەك هەر ئەرکی گەڕان و پشکنین و پەیگیریان لە کۆڵ بەندە کردووەتەوە، بەڵکو زەحمەتی زێدە روونکردنەوەشیان لە سەرشان سووك کردوم.. لێ نا بێ ئەوە فەرامۆش بکرێ کە: میللەتێك کە بە زەبری بریقەی شمشێر تاریکی مێژووی روناك کردوەتەوەو لە هەموو سەرو بەندێکا بە دەنگی دلێرو هەڵوێستی قارەمانانەی خۆی دژمنانی خۆی هێناوەتە لەرزین، حەیف و مەخابنە ئەو نازناوی مەردایەتی و جەنگاوەریەی کە لە وشەی کوردا بەرجەستە بووە، و لاپەڕەی دەسەڵاتداریەتی پڕ لە شانازی ئەو (کورد) نەخرێتە بەر چاوی دۆست و دژمن!..

میللەتێك کە بەردی بناغەی شکۆداری ئێرانی هەوەڵینی بە خوێنی پیرۆزی جەنگاوەرانی خۆی پێکەوە چەسپاندووەو پێغەمبەران و زنجیرە پاشاو سەردارانی گەورەو بە ناڤ و دەنگی تێدا هەڵکەوتووە، بێ ئینسافیە لە شانازییە میللەیەکانی خۆی مەحروم بکرێ و میناکی تیرەیەکی ناڤبزر و بێ ناوو نیشان بناسرێت، ئەگەر ئەم نامیلکەیە ئەو پەردە تاریکەی کە بەسەر ئەم راستیانەدا دراوە، لا بردبێ، خۆشحاڵم.

ئیحسان نوری پاشا

www.pertwk.com

((1))

ڕەگ و ڕیشەی نەژادی

میللەتی کورد لە سەدە دێرینەکانی حەشرو نەشری تیرەی بەشەردا بەشداری کردووە. جڵەوی فەرمانڕەوایی بەشێك لە ئاسیای ناوەندی و ئاسیای رۆژئاوای بە دەست بووە. مێژوو، قارەمانیەتی و دلاوەریو وڵاتگیری ئەم میللەتەی بە هەمان ناوە کۆنەکانی ئەم میللەتەوە تۆمار کردووە.

گەرچی قەڕاڵ لاگاشە ئاداد ناراری، 2400 پ.ز، باسی تیرەی (کاردا)ی کردووە، و (کەمیل سین)ی پاشای ئور، 2200 پ.ز، سەر زەمینی کاردای بەمیرڤردنز سپاردووەو لە ساڵی 1370 پ.ز (شوبی لکمبە)ی پاشای هیتت ناوی تیرەیەکی بە ناوی "گوردە" هێناوە. پاش ئەمانەش نووسراوو کەتیبەکانی ئاشوریش ناوی دەشتی کارداو تیرەی کورتیەو کورتی بردووە. ئەگەرچی لە ساڵی 401 پ.ز گەزنەفۆنی سەردارو مێژوونووسی یونانی و فەرماندەی دە هەزارەکە گاڤیٚ کە لە ئێران دەگەڕایەوە، لە دۆڵەکانی زاخۆدا، نزیکی کێوی جوودی، تووشی میللەتی کاردۆ بووەو پاشاکەیان نێوی ئورونتاس بووە کە بە فارسی کۆن (ئورونتاسپ)ـە، ئەمڕۆ بە "لهراسب" دەخوێندرێتەوە. لە ساڵی 334 پ.ز کاتیٚ ئەسکەندەری مەکدونی هێرشی کردە سەر ئێران میللەتی کاردو لە ریزی لەشکرەکانی داریوش دا بووە، (ئارستوفلس)ی نووسەری ئەسکەندەرنامە کە لەگەڵ ئەسکەندەر بووە،

www.pertwk.com

دەڵێت: "کاتێ دارا بیستی ئەسکەندەر دێت، سی هەزار سوارەو سی هەزار پیادەی ناردە ئەوبەری چۆمی پینارۆس تا بەری لەشکری مەکدۆنیان بگرن، بەو جۆرە شەست هەزار کورداك پشتی مەگدۆنیەکانیان گرت، کورداك تایفەیەکە لە باشووری دەریاچەی وان دا دەژین." بەڵام میللەتی کوردی ئەمڕۆ تەنیا ئەو کاردۆیانە نین، بەڵکو کاردۆکان، کلیلن بۆ ناسینی رەچەڵەك و ناسنامەی کوردانی ئەمڕۆ.

بە شێوەیەکی گشتی لە مێژوودا سەر زەمینی کاردۆکان بریتییە لە دەڤەری سەرووی دیجلەو فورات و ناوچەی کێوی جوودی. ئارامییەکان بەم دەڤەرەیان گوتووە کازاتا، کاردو. لە ئیتاڵیادا، لە بیست میلی باکوری رۆژهەلاتی ناپۆلی شارێك هەیە بە نێوی (کازاراتا).

مێژوونووسانی کۆن دەڵێن گوندی (بقردا) یەکەم گوندەکە پاش تۆفانەکەی نوح لە نزیکی جوودی دروستکراوە. بە بەبۆچوونی سترابوون، بەو ناوچە شاخاویەی نێوان موش-دیاربەکر، گوتراوە (کاردۆ). (سێر مارك سایس)ش دەڵێت: لە ساڵی شەش سەدی پ.ز، تایفەی (کوردوین) لە نێوان دیاربەکرو سەرچاوەکانی زێی گەورەدا دەژیان.

هەندێ کەس لەو باوەڕەدان کە ناوی کێوی جوودی لە ناوی تایفەی (گوتی guti، ژوتی)یەوە هاتووە کە بەر لە مێژوو لەو دەوروبەرە ژیاون و وشەکە مانای قارەمان و جەنگاوەری کورد بووە. ئەمڕۆ گەورەترین خیڵی کورد پێی دەگوترێ کرمانج کە رەنگە لە ناوی (ژوتی)یەوە هاتبێ. بەم پێیە ئەو تایفەیەی کە ناوی بەندە بەکێوی جوودی و گوندی (بقردا) یەکێکە، ئەویش ژوتی، گۆتی بووە.

نووسراوەکان، چالاکی و چەلەنگی گۆتییەکانی لەو ناوچانەی سەرێ ڕا، تا ساڵی سێ هەزارو سەدی پێش ز (3100)گەیاندووە، ناوی پاشای گۆتیەکان لەو سەرو بەندەدا (ئانناتوم) بووەو لەگەڵ عیلامیەکاندا شەڕی کردووە. (لوکال زاکیس)ی پاشای گۆتی لە ساڵی دوو هەزار و نۆ سەدی (2900) پ.ز، قەڕاڵی ئەرخ و سۆمەر بووە.دکتۆر سپایزەر پێی وایە کە بە گوێرەی ناوە تایبەتیەکانی سۆمەر، رەگەزی گۆتی لە سەردەمانی زۆر کۆندا لە ویلایەتی سۆمەردا ژیاون. (بڕوانە: تاریخ کردو کردستان)، بە بابلیەکانی باشووری دۆڵی دوو روبار و (ئەکەدەکان)ش گوتراوە سۆمەر، لە ساڵی چوار هەزار و پێنج سەدی پێش زایندا، ئەمانە خودانی شارستانیەتی مەزن و خەت و نووسین بوونە. یاسا بە نێوبانگەکەی (حامورابی)ش لە یاسا سۆمەرییەکانەوە وەرگێراوەو مانگە قەمەریەکانیش پاشماوەو یادگاری سۆمەریەکانە.

خەڵکی بابل، کە لە رەگەزو نەژادی جۆراو جۆر بوونە، بە زمانانی جۆراو جۆر قسانیان کردووە. شارستانیەتەکەیان لە سۆمەریەکانەوە وەرگرتووە. رێورەسم و سرووتە ئاینییەکانیان بە زمانی سۆمەری و نووسینیان بە خەتی سۆمەری بووە. ڤادن، کە جاران مامۆستای زانستگەی لەندەن بووە، فەرهەنگێکی بە نێوی (سۆمەریانی ئاری) بڵاو کردوەتەوەو سەلماندوویەتی کە سۆمەریەکانیش ئاری بوونە. (بڕوانە: مجله ایران کوده) بەم پێیە ئاریەکان بەر لەو مێژووەی کە تا ئێستا زانراوە لە دۆڵی دوو رووباردا هەبوونە.

www.pertwk.com

ناوی سەر زەمینی لولوبیوم، گوتیوم، لە نوسراوو کەتیبەکانی سەردەمی (سارکن)ی پاشای ئاشوریەکاندا (2700 پ.ز) هاتووە. هەر چەندە وا وێنا دەکرێت کە لولوبیەکان باپیرانی لوڕەکان بووبن، لێ لوڕستان بەشێك بووە لە دەڤەری ئەنزان کە دانیشتوانەکانی لە کۆنا کۆسۆکان بوونەو تا دەوروبەری (زاین)ش لە شوێنی خۆدا بوونە و دواتریش کەس لەو ناوەی دەرنەپەڕاندوون. پاشتر دیێنە سەر ئەم (کۆسۆ)یانە. لولوبیەکان تا سەردەمی (سلم نەسری سێیەم) (828پ.ز) دەسەلاتیان هەبوو. دەولەتی ئاشور کۆتایی بە دەسەلاتیان هێناوە.. ئەمڕۆ خەلکی کرمانج گەر بخوازن یەکدی گاز بکەن یان لە گفتوگۆدا یەکدی بدوێنن، لەبری ناوی بەرانبەرەکەیان وشەی (لۆلۆ) بەکار دێنن. بەم پێیە بەدیار دەکەوێ کە بەشێك لە تایفەی لولوبیەکان دەگەڵ کاردۆکان دا تێکەڵ بوون و ئەمڕۆ خێڵێك هەن لە ناوچەی کرماندا، چادرنشین و کۆچەرن، پێیان دەگوترێ (لۆلۆ).

لوڕ، لە ناوی شارێکەوە هاتووە کە لە ناوچەی رۆژهەلاتی دیزفول بووە. یاقووتی حەمەوی دەلێت:" لوڕ خێلێکی کوردە کە لە کێوەکانی نێوان خوزستان– ئەسفەهاندا نیشتەجێن.

(زبدە التواریخ) دەنووسێت بۆیە بە لوڕ دەلێن (لوڕ) چونکە لە ناوچەی مانرود، گوندێك هەیە بەناوی (کورد) کە لەو دەوروبەرەدا دەربەندێك هەیە بە شێوە زاری لوڕی (کول)ی پێدەلێن و لەو دەربەندەدا شوێنێك هەیە پێی دەوترێ (لوڕ) جا چونکە ئەم جەماعەتە لەو شوێنەوە هاتوون بۆیە پێیان وتراوە (لوڕان).

میللەتی گوتی لە ناوەڕاستی سەدەی بیست و شەشەمی پ.ز، ئەکەد، سۆمەر، عیلامی داگیرکردوە و بۆ ماوەی سەدو بیست ساڵ وچل رۆژ لە بابلدا حوکی کردووە. دوایی (ئوتون لوگال)ی پاشای شاری (ئەرخ). (لە باکوری کێوی جوودی دا، لە دەڤەری بۆتان شارێکی کۆن بە ناوی ئەرخ هەیە) کە بە ناوەکەیدا دیارە لە نەژادی گۆتی بووە– لە (تیریکان)ی شاهنشای خۆی هەلگەڕاتەوەو بەسەریا زاڵ بووە. لە ئەنجامی هەلوەشاندنەوەی دەولەتی گۆتی لە باکوری رۆژهەلاتی عیلامدا ویلایەتێك بەنێوی ئەنزان، ئەنشان هاتە ئاراو جیا بووەوە. ئەنزان، بە واتای کوێستانە و بە کوردی زۆزانە. لە سیماشدا (کوێستانی بەختیاری) مێرێك جیا بووەوە بە ناوی (گێر). (شوبی لکمبە)ی پاشای هتیت لە کەتیبەکەی خۆیدا دەلێت ناوی ئەو خوایەی کە گوردەکان gurde، دەیانپەرست ((گێرە)). بەم پێیە دەتوانین بلێین ناوی خودای دانیشتوانی کوێستانی بەختیاریش (گێر) بووە. میرەکەشیان ناوی خۆی لە ناوی خوایەکەی خۆیەوە وەرگرتووەو لەگەڵ (گوردە)کاندا رۆڵەی یەك میللەت بوونە.

چونکە وشەی کاردا پاش تێشکانی تیریکان پەیدا بووە، بۆیە دەشێت بگوترێ لەم دابڕان وپارچە پارچە بوونەدا بەشێك لەو گۆتۆیانەی کە لە دەڤەری سەرووی دیجلە مابوونەوە ناوی کاردایان بە بالادا براوە، کە ئەکەدو سۆمەرییەکان، قارەمان، جەنگاوەرو پالەوانیان پێ دەگوتن. ئیدی بە تێپەڕبوونی رۆژگار وشەی کاردا گۆڕاو بوو بە غۆردۆ، کۆردۆ.. تا ئەمرۆش کوردێن ئەو ناوچانە بەلاوەکانی خۆیان دەلێن خورتۆ کە دەبێ لە وشەی

www.pertwk.com

(غوردۆ)وە هاتبێ، مێژووی کوردو کوردستانی ئەمین زەکی بەگ دەنووسێت: "توکولتی ئینورتای قەراڵی ئاشوریان لە دوو تابلۆیاندا باسی یەك رووداوی کردووە، کە لە تابلۆیەکیاندا وشەی کوتی و لەوی تریاندا وشەی کورتی بەکار هێناوە، نووسەری کتێبی تیرەکانی میزوپۆتامیا، بە بەڵگە سەلماندوویەتی کە کورد لە نەژادی گۆتیە.

(دراڤەر)ی رۆژهەڵاتناس رای وایە کە یا کوتی و کورتی هەردووکیان ناوی یەك میللەت بووە یا کورتی بە گەورەترین بەشی گوتییەکان گوتراوە. وشەی کورتی لە سەرەتادا بە هەموو گۆتیەکان نەگوتراوە.

بەڵگەنامەیەك دۆزراوەتەوە ئەوە دەسەلمینێ کە بەشێك لە گۆتیەکان تا سەردەمی کوروش، ناوی کۆنی خۆیان پاراستووە. بەڵگەنامەی نێوبراو سەبارەت بە فەتحی بابل لەلایەن کوروشەوە کە لە مێژووی (مشیر الدولە)دا بەمجۆرە هاتووە (ساڵنامەی ساڵی 17 نبوئید) نووسیویەتی کە (ئوگبارو–ugbaru)ی والی گۆتییەکان بە قۆشەنەکەیەوە دای بەسەر بابلداو نبوئید لە لایەن کاندیشەوە لە بابل یەخسیر بووە، ئەوجا سوپای ئێران داخڵی بابل بووە. تا کۆتایی مانگ دەروازەی پەرستگەی ئەساهیل، واتە ماڵی گەورەی مەردوك لە ئابلۆقەی گۆتیەکاندا بووە.

تاقە نێزەیەك نەبرایە ناو ئەم شوێنە پیرۆزە، ئالاو بەیداخێك نەبرایە ئەوێ. لە سێیەمی هەیڤی مرهش وان –مانگی بابلییە– کوروش بەخۆی چووە نێو شارو ئەمن و ئاسایشی بەرقەرار کرد و (ئوگبارو)ی کرد بە والی ئەوێندەر. ئوگبارو لە شەوی یازدەی (مرهش وان)دا چووە شەڕو کوڕی پاشای کوشت –لە 27 ئازەرەوە تا سێی نیسان– ئەکەد لە پرسەدا بوو. وەکو دەردەکەوێ چۆن باپیرانی کورد نەینەوایان فەتح کرد. بەو جۆرەش یەکەم تایفە کە بە زەبری شمشێر چوونە بابلەوەو پاشاکەیان یەخسیر کرد، گۆتیەکان بوونە. مێژوو، شانازی فەتحی (بابل)یشی بەنێوی باپیرانی کوردەوە تۆمار کردووە. لە کاتی روخانی بابلدا دوو راگەیاندن بلاوبووبوونەوە کە دیارە کاهینە رۆحانیەکان لە یەکێك لەو راگەیاندانەدا (اعلامیە) دەڵێن: "چونکە پاشای بابل کەمتەرخەمی دەرهەق بە (مەردوك)ی پاشای خودایان کردووە، ئەویش کوروشی بە دادپەروەر زانیوەو داوای لێکردووە حوکمی دنیا بکات و گۆتیەکان و (ئومانماند)ەکانی خستونەتە ژێر پێی ئەو. بابلییەکان بە خەڵکانێکیان گوتووە (ئومانماندا) کە خاکەکەیان لە عیلامەوە تا دەریای رەش بووە.

لە سەدەکانی پاشتردا ئیدی ناوی گۆتیەکان نەماوە، لە هەموو شوێنێ بووە بە کاردا، کورتی، کوس. کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) کە بە زمانی کوردیە، دەنووسێت: "دکتۆر کونتیناف دەڵێت: لە هەزارەی چوارەمی پێش. زدا، خەڵکانێك لە دەشتەکانی باشوری سیبیریاو روسیاوە بۆ کۆسارەکانی زاگرۆس کۆچیان کردووە و جێ گۆرکێیان کردووە، بەوانە دەڵێن ئازیاییك یان ئاسیایی. لە ساڵی سێ هەزاری پێشز (پێشز= پێش زاین) دەستەی دووەم لە هەمان شوێنەوە کۆچیان کردووە و گەییونەتە کێوەکانی زاگرۆس، کە زانایان، ئاری یا هندو ئەوروپاییان پێگوتون. هەردوو دەستەکە پاش پێکادان و شەڕو شۆڕ،

www.pertwk.com

تێکەڵاوی یەکتر بوون و میزوپوتامیان داگیر کردووە، کە ئەوانە بە (گوتی، کوسی) ناسراون. لە شوێنێکی دیدا بە گوێرەی باوەری ئوجین پیتار سولاك، فون لوشان دیسان دەنووسێت: "بەشێك لەو ئارییاییانەی کە لە تورکستانی ئەمڕۆی شورەوی کۆبووبوونەوە رویان کردە باشوری ئێران و لێرەدا بوون بەدوو بەشەوە.بەشێکیان رویان کردە کێوەکانی هەمالایاو بۆ هیندوستان چوون و میللەتی هیندیان لێکەوتەوەو بەشێکی تری لە ئیراندا مایەوەو ناوی ئیرانییان گرتەخۆ. دوور نیە لە ساڵی دوو هەزارو پێنج سەدی پێش زایندا هاتبنە ئێران. بەشێك لەمانە لە دەشتدا مانەوەو بوون بە فارس. بەشێکی تریان رویان کردە چیاکانی زاگروس، بە تایفە و تیرەی میناکی: لولو، گوتی کوسی، مانای، کاردوش، خالدی، کاردۆ، ناویان دەرکردو ناسران.

هەر چەند بە گوێرەی باوەڕو بۆچوونی ئەم زانایانەش یەك ئاکام و ئامانج بە دەست دیٚ، ئەویش ئەوەیە کە تایفەو تیرەکانی زاگرۆس بە گشتی لە یەك نەژاد بوون و هۆزو تیرەی یەك میللەتی ئاریایی بوونە.. بەڵام ناوی میللەتێك کە بەر لە گۆتیەکان لەم دەڤەرو قەڵەمرەوەدا ژیا بیٚ، هێشتا ئاشکرا نەبووە. ئەو حەفریات و پشکنین و دۆزینەوانەی لەو ناوچانەدا کراوە، شوێنەواری هیچ میللەتێکی کۆنتر لە گۆتیەکانی بۆ نەدۆزرایتەوە. بەم پێیە بیٚ کە دکتۆر سپایزەر، مێژووی مادەکان لە کۆجارەکانی زاگرۆسدا دەگێرێتەوە بۆ شەش هەزار ساڵ پێشز و ئامارەی بۆ گۆتی بوونیانیش کردووە، ئەمە پشتیوانی لە بۆچوونەکانی (بروس)ی مێژوونووس و پێشەوای کلدانی دەکات -کە لە سەدەی سێیەمی پ.ز ژیاوە- دەربارەی باسی نەژادی (زەردەشت) کە ئەم پێغەمبەرە دەباتەوە سەر رەگو رەچەڵەکی ماد نەژادان و بەمادی دەزانێت کە لە ساڵانی 3000- 2300پ.ز لە کلدەدا حوکمرانیان کردووە. لە راستیدا گۆتیەکان بوونە کە لەو سەدانەدا، لە دەوروبەری کلدە شەڕو شۆڕیان کردووەو ناوە ناوە حوکمڕانیان کردووە. هەر لەبەر ئەمەشە هەندیٚ کەس بە هەڵە ئەم تیرەیە بە کلدانی دەزانن، بە هۆی ناوە تایبەتیەکانی گۆتیەکانەوە. هەمو توێژەرو لێکۆڵەرەکان لەسەر ئەو رایەن کە گۆتیەکان سامی نەژاد نین، بەڵکو بە تێکەڵەیەکی ئازیاییك و ئارییان ناسیون - ئازیاییك بەو تیرانە گوتراوە کە لە کۆنا لە بنارو قەد پاڵەکانی زاگرۆسدا ژیاون و سامی نەژاد نە بوونە. سەرباری ئەو بۆچوونانەی سەرێی رۆژهەڵاتناسەکان، کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکی وردتر هەیە، ئەوە دەسەلمێنیٚ کە گۆتیەکان کۆنترین نەژادی ئاریایی بوونە. کتێبی (ادبیات مزد یسنا پشت ها) کە لەلایەن مامۆستای بەرێزی زانستگەو پسپۆری زمانی زەند -ئاویستا، و سەرۆکی کۆری ئێران ناسی، جەنابی (أ- پور داود)ەوە دانراوە لە (فەروەردین پشت)ی کتێبی پیرۆزی ئاوێستاوە هەندیٚ شتی وەرگرتووەو تەرجەمەی کردووەو باسێکی لەمەڕ ناوی(گیوتمە) نووسیوە. بەپێی ئەم باسە بیٚ، یەکێك لە خەنیم و نەیارەکانی زەردەشت ناوی (گیوتمە) بووە، لە سانسکریتیشدا بەچینی سروود بێژان وتراوە (ڤیدا گیوتمە). ناوی دامەزرێنەری ئاینی (بودایی)ش هەر گوتمەیە.

www.pertwk.com

بە بۆچوونی من،وشەی (گۆتی) لە (گیوتی)یەوە هاتووەو بە مەعنای گاپ هاتووە، جەنابی پورداود لە کتێبی گاتاکانی زەردەشتدا دەنووسێت: "گیوش اوروان –ئێستا گوش گوئیم–ە چواردەمین ڕۆژی هەر مانگێ بە نیگابانی ئەم فریشتەیە دەسپێردرێت. لە ئاوێستادا گیوش اوروان، ڕۆحی یەکەم ئافەریدەی ئاهورا مەزدایە –مەبەست گاب"ـە، ئەمەی کە (گوش)ی پێدەگوترێ، کوسی یە، وەکو چۆن گیوش لە فۆنەتیکا گوش، کوسییە.(گیوتە)ی ئاوێستاش گوتی بووە کە لەگەڵ گیوشەدا یەکەو بە مەعنای (گاب)ـە.

(ئەشپیکل)ی ڕۆژهەڵاتناس وتوێژەری بە نێوبانگ لە تەرجەمەی ئاوێستاکەی خۆیدا، فەقەرە شازدەی (فەروەردین پشت) گیوتمەی بە ناوی تایبەتی –بەمانای جووتیار– نەزانیوەو بە مانای تیرەو قەبیلە تەرجەمەی کردووە. یوسنی پاش ئەوەی کە گیوتمەی بە یەکێك لە دژمنەکانی مزدیسنا ناو بردووە، ئەگەری ئەوەی داوە کە وشەی نێو براو لە بنەڕەتدا ناوی ڕەگەز بێ نەك ناوی تایبەتی، (بڕوانە: ادبیات مزدیسنا پشتها، از تألیفات جناب پور داود).

ئەم زانایانە وشەی گیوتمەیان بە ناوی قەبیلەو تیرەیەك زانیوە. بەڵام لە بەرە بەیانی مێژووەوە تا سەردەمی ئاوێستا غەیرەز گۆتی چ تایفەیەکی دی بەم ناوە لە نیشتمانی زەردەشت و دەوروبەریا نەبووە. ئاشوریەکان بەم تایفەیەیان دەوت گوتیوم، بەم پێیە دەشێت گیوتمەی ئاوێستا بە گۆتی بزانین.

حەزرەتی (بودا) لە نزیکی سنووری باشووری نیپال لە دایك بووە. بابی لە میرەکانی (سوهودان)و لە تیرەی (سکیا) بووە. هەندێك ناوە ئەسڵەکەی بە سیدهیتا و شۆرەتەکەی بە گیوتمە دەزانن. (چونکە لە سەردەمی قۆشەنکێشییەکەی داریوش بۆ سەر تراکیا، ناوی تیرەو تایفەکانی گوت و بودین لە نێو سکیاکاندا بەرچاو دەکەوێ و لە گینە قەبیلەی (سکیا)، (سکا)کان بوو بێ. بە هەر حاڵ وشەی گیوتمە، گیوتە، وگوت کە لە بنچینەدا لەگەڵ گۆتیدا یەکن، لە نێو ناوە ئارياييەکاندا بەرچاو دەکەوێ!...

وا دەردەکەوێ، گۆتییەکان بانگەوازەکەی حەزرەتی زەردەشتیان قەبوڵ نەکردووەو بە نەیارو ڕەقیبی زەردەشت ناسراون، زەردەشت ناچار بووە ڕوو بکاتە ڕۆژهەڵات و بۆ ئەوێندەر کۆچ بکات... سەرباری ئەمەش:

1– لە شوێنەوارە کۆنەکانی بابلدا ستایشی کەنیزەکە گۆتی نەژادەکان کراوەو پێیان گوتراوە (مامروتی)، ڕەشید یاسەمی ڕەحمەتی پێی وایە لەم بارەیەوە جیاوازی تەواویان لەگەڵ زوانی سومەری و ئەکەدی هەبووە. دەشێت بگوترێ هەردوو وشەی (مامرو)و (ماهرو) زۆر لێکدی دەچن و یەك مانایان هەیە.

2– لە نێو پاشایانی گۆتیدا ناوی (شورلك، لاسیراب، تیریکان) دەبینین کە دەشێت ئەو ناوانە بە ئاریایی بزانرێن.

بۆ نموونە ناوی (شەڕلك) کە بەشی یەکەمی (شەڕ)ـە لەگەڵ وشەی (گەڕ)ی فەرەنسیدا یەکەو هەرتکیان بە مانای (جەنگ) دێن. میللەتی کورد تا ئەمڕۆش بە جەنگ دەڵێن (شەڕ)، (لك) بە مانای سەد هەزارەو لەزوانە ئاريايیەکانی هیندی و کوردیدا باوە. لە سەردەمی دەوڵەتی

www.pertwk.com

سالارییەدا کە بریتی بوو لە کوردە دەیلەمیەکان، ناوی هەندێ لە سەردارەکانیان (شەڕمەزن) بوو کە ئەویش مانای (شەڕلك) دەگەیەنێ و زاراوەیەکی کوردیە و بە مانای شەڕی گەورەیە. (مەزن) لە (مها)ی سانکسریتیەوە هاتووە، لە ئاوێستادا بووە بە (مازا) و لە کوردی ئەمڕۆدا بووە بە (مەزن) کە بە مانای گەورەیە. نیشانەی ئاریایی بوون لە ناوانی (لاسیراب، تیریکان)شدا ئاشکرایە و لە سەردەمی ساسانیەکاندا بە جەژنی (تیرماە) گوتراوە (تیریگان).

3- لە سەردەمی نارامسیندا، (پوتی مادال)ی فەرمانڕەوای (نمر) دژمنایەتی ئەکەدییەکانی دەکرد. وەکو چۆن فەرەنسییەکان بە بچووك دەڵێن (پوتی) کوردی باکووریش بە کیژی بچووك دەڵێن: "پتی Piti" کە وشەیەکی ئاریایی کۆنە. بە چ مەعلوم لە وشەی (پوتی مادال)دا بەشی یەکەمەکەی (پوتی) بە مانای بچووك نەبێ، و بەشی دووەمەکەی (مادال) بە مانای (ماترا) نەبێ، و (ماترا) ناوی یەکێك لە خودایانی ئاریایی کۆن نەبێ کە (پوتی مادال) بە مانای خوای بچووك بووبێ. لێرەدا جێی خۆیەتی وشەی (نەمرود) لەگەڵ (نەمر)و خوای بچووکدا بەراورد بکرێ... ئەم بەشە لە کۆتایی کتێبەکەدا بە درێژی باسکراوە بۆیە لێرەدا چیتر لەسەری ناڕۆین. وشەی (نەمر) لەگەڵ نەمری ئێرانی ئەمڕۆدا یەکێکە و کوردەکان لە پاڵ وشەی (زیندوو)دا (نەمر)یش بەکار دێنن.

4- لە زاگرۆسدا پاشایەك هەبووە بە نێوی (ئاریزن) و ئەم (ئاریزن)ـە هیچ جیاوازیەکی دەگەڵ وشەی (ئاریزانت)دا کە نێوی تایفەیەکی ماد بووە نییە.

5- لە سەدەی بیست و پێنجەمی پێش زایندا، ناوی پاشای ئەرخ، (ئوتون لوگال) بووە. لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆیەمی زاینیدا، پاشای ئەڵەمان، ناوی (ئوتون) بووە. (ئوتون)ی دووەم لە ساڵی 982دا، (تیوفانو)ی کیژی ئیمپراتۆری رۆمی خواست. بەم لێکچونانەدا دەبێ ئەوەمان قەبوڵ بێ کە ئەو وشانە ئاریایی بوونەو ئەو تیرەو هۆزانەی ئەم ناوانەیان تێدا بووە هاو خاك، هاوسێ، هاو نەژاد و تەنانەت خودی گۆتییەکان بوونە کە وشەی ئاریاییان بە کار هێناوە، واتە لە نەژادی ئاری بوونە.

پاشان لە هەندێ شوێنی نیشتمانی گۆتیەکاندا، کۆسیەکان لە مەیدانی سیاسەتی میزوپوتامیادا خۆیان نواندووە، ناوی خواوەندان و پاشایانی کوسی بە زۆری ئاریایی بووە.

پاشای لولوبی (ئانوبانی نی)ی پاش تێپەڕ بوونی رۆژگار بە ئانقەست پاشای گوتی بە میری (کوثە) ژماردووە، لەمەوە وا بە دیار دەکەوێ کە لەگینە (گوتی) بە تێپەڕ بوونی زەمان لە هەندێ شوێنا بووبێ بە (کوثي، کاسی، کسی). لە راستیا لەو سەروبەندانەدا کە گۆتیەکان لە زاگرۆس و ئەنزاندا بوون، بە باکووری عیلام گوتراوە (کاشن) کە لە بنەڕەتدا کاسییە.

(هرتسفلد)ی توێژەری ئەڵەمانی دەڵێت دەریای خەزەر کە ناوە ئەوروپاییەکەی (کاسپین)ـە، لەناوی تایفەیەکەوە هاتووە کە بەر لە مێژوو، لە رۆژاوا باشووری ئەم

www.pertwk.com

دەریایەدا دەژیان و ناوی (کوسی، کاسو، کسی) بوو، چونکە کۆی وشەی کاسو: (کاسپ، کسپ، کسپین)ـە، بۆیە ئەم ناوەش لە دەریای خەزەر نراوە، بە باوەڕی هرتسفلد تەنانەت ناوی (قەزوین)ش لە (کسپین)ەوە هاتووە. (بڕوانە: ایران باستان).
بە گوێرەی نێوەڕۆکی گاتاکانی زەردەشت کە لە لاپەڕەکانی پێشترا باسم کردووە، ئەم وشەی کوسییە کە لە مێژووی فارسی و عەرەبیدا بە هۆزی کوسی مەنشورە (بڕوانە: کرد، پیوستگی نژادی و تاریخی او) لە ئاوێستادا بە شێوەی گیوش و بە واتای گاب هاتووە کە دەگەڵ (گوتە، گیوتمە، گوتمە)دا یەك مەعنایان هەیە، و ناوی یەك میللەت بووە. لە شێوەزاری ناوچە جیاوازەکانا (کیوتە، گیوشە) بە شێوەی (گوتی، گوش، کوسی) تەلەفوز کراون.
ناوی گوتی لە شوێنەوارە کۆنەکانی ئەکەدو ئاشوڕشدا هاتووە، کە ڕاویانی ئەم نووسینانە نەگەییونەتە کۆجاڕەکانی دەریای خەزەر، دەنا لەوە بوو لەوێندەریش ناوی (گوتی)یان هێنابوایە، بۆ وێنە لە ناوچەی (وەزیر)ی ئەفغانستاندا، کە نزیکی سنووری هندستانە تایفەیەك هەیە بە ناوی (پیر گوتی). هەندێ لێکۆڵەرەوە دەڵێن: بەشێك لە تیرەکانی هندو –ئەوروپایی دوو هەزار ساڵ پ.ز لە دەشتەکانی تورکستان و سارای باکووری قەوقاز و دەریای خەزەرەوە کۆچیان کردووە و هاتوونەتە ئێران و نزیکی ناوچەکانی (کاسو) بوونەتەوە و لەگەڵ ئەو تیرەیەدا تێکەڵ بوون.. مسیو (ئاندرکدا) بەڕێوەبەری گشتی دایەرەی موزەخانەی ئێران وتارێکی لە ژێر سەر ناڤی (حفریات علمی در ایران) داوە بە ساڵنامەی پارس 1310، لەم وتارەدا دەڵێت: "ئەو شتانەی لە لوڕستاندا، لە بن عاردی دەرهێنراون، کێونشینانێك دروستیان کردووە کە لە سەردەمانێکی نەدیاردا لە کێوەکانی خەزەردا ژیاون و پاشان لە ئاکامی هێرش و پەلاماری تیرەو تایفەی دیکەوە، کە لە باکوورەوە هاتوون، ئەوێیان بەجێ هێشتووەو نزیکەی چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر چوونەتە لوڕستان و لە مێژوودا بە کاسیت ناسراون. ئەم هۆزە، بابلی داگیر کردو نزیکەی شەش سەدە فەرمانڕەوایی ئەو هەرێمەی کردووە، پاشان هاتۆتەوە زۆزانەکانی خۆی و سەر قاڵی ماڵات بەخێو کردن و بازرگانی ئەسپ بووە. ئەسپیان بە هێزی سوارەی ئاشوریان دەفرۆشت و سەروەت و سامانێکی باشیان لەم بازرگانیە وەدەست دەهێنا. ئەو شتانەی دۆزراونەتەوە بریتین لە شتی برونزی بەنرخ، لە ئامێری جەنگ و لغاوی ئەسپ و جەواهێرات و هیربارو ئامانی گڵین و هەر هەموو ئەمانە نیشانەی زەوقی پیشەسازی و لێهاتوویی هونەری ئەو هۆزەن و یادگاری سەرکەوتن و سامانی ئەون. نێوبراو بەم لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەیە بۆچوونەکەی هرتسفلد دەسەلمێنێ.. بەم پێیە تایفەی هیندو ئەوروپایی کە لە جێی خۆ جوڵاون، هاتوونەتە لوڕستان، شوێنە کۆنەکەیان هاوسنووری باکوری ئێران بوووە. بە گوێرەی قسەی هرتسفلد هەر لە هەوەڵەوە ناویان کوسی بووە. واتە لەگەڵ دانیشتوانی باکووری

www.pertwk.com

ئێرانا هاوناو بوونەو بە گوێرەی هاوناوی و نزیکیان لە یەکدییەوە، هاوزمان و هاو نەژادیش بوونە.
دەربارەی جیاوازی زوانی دانیشتوانی ئێرانی رۆژاواو دەریای خەزەری هەزارەی چوارەم لەگەڵ هەزارەی سێیەم و دووەمی پ.ز، دەبێ ئەوە وەبیر بهێنرێتەوە کە زمانی ئێرانی سەردەمی (هەخامەنشیەکان) لەگەڵ زمانی سەردەمی ساسانیەکان و زمانی ئێرانی سەردەمی ساسانیەکان لەگەڵ زمانی ئێرانی ئەمرۆدا چ جیاوازیەکی گەورەیان هەیە؟!...
لە کاتێکدا کە لەو سەدانەدا کتێب و نووسراوان هۆی پاراستنی وشەو زمان بوون، کەم و زۆر رەواجی هەبووە. لێ بە پێچەوانەوە لە هەزارەی سێیەم ودووەمی پێش زایندا تیرەو هۆزەکانی زاگرۆس لەم نیعمەتە بێ بەش بوون، بۆیە ئەگەر زمانی گۆتی، کۆسی کە نوێنەرو سەر قافڵەی زمانی تیرە بچووك، هاوسێ، هاو خاکەکانی خۆی بووە. یانی ئەو تیرانەی کە بە ئازیاییك ناسراون، بە زمانی سەرەتای (ئارییەکان) قەبوڵ بکەین، ئەوا بە هەڵەدا نەچووین! دەستەکانی پاشتر کە گەییونەتە کێوەکانی زاگرۆس و هەندێ شتی تازەیان هێناوەتە ناو زمانەکەوە، لەبەر ئەوەی بەگشتی سەر بە یەك نەژاد بوونە بە ئاسانی تێکەڵی یەکتر بوونەو لە ماوەیەکی کەمدا یەکێتیی خۆیان سەلماندووە.
دەربارەی ئاڵوگۆڕەکانی زمان بڕوانە وتاری (ژیانی زمان)ی مامۆستا رەشید یاسمی کە لە ژمارە نۆی گۆڤاری (ئێرانی ئەمڕۆ)دا بڵاوبووەتەوە. جگە لەمانە رۆژهەڵاتناسان، یەکەم شوێنی تایفەی گەورەی ئاریایی (کورتی)یەکان بە رۆژهەڵاتی ئێران دەزانن و دەڵێن یەکەم بەشی ئەو تایفەیە کە هاتوونەتە رۆژاوای ئێران (ساکارتیەکان) بوونە کە ئاشوریەکان (زاگروتی)یان پێدەگوتن و تەنانەت (توکولتی ئینورتا)ی پاشای ئاشور بە گوتیەکانی هاوسێی خۆی گوتووە (کورتی).
دەربارەی بوون و کەسایەتی (گۆتییەکان) نووسراوی پاشاکانی ئاشور باشترین و بە متمانەترین زانیارین کە تا ئێستا بە دەست کەوتوون. بەم پێیە چ گومانێك لەوە نامێنێ کە وشەی (کورتی) لە (گوتی)یەوە هاتووەو بە باڵای گەورەترین بەشی (گۆتییەکان)دا بڕاوە. ئەگەر پشت بە قسەی رۆژهەڵاتناسەکان ببەستین، ئەوا دەبێ ئەوەمان قبوڵ بێ کە نیشتمانی (گۆتی)یەکان تاکو رۆژهەڵاتی ئێران هاتووەو پاشان بەشێك لە (کورتی)یەکان لە وێندەرەوە بەرەو رۆژاوا هاتوون و چوونەتە نێو (کورتی)یەکانی رۆژاوای ئێران و باکووری میزۆپۆتامیا و گومانی تێدا نیە کە زمانی (کورتی) یەکانی رۆژئاواش لە ئاکامدا هەندێ گۆڕانی بەسەر هاتووە... بەشێك لەم کورتیانە لە رۆژهەڵاتی ئێران و باشووری دەریای خەزەر ماونەتەوە کە لە سەدەکانی دواترا بە هەندێکیان گوتراوە (کورتی، کورد) لەو ناوچانە بوونە. ئەبو موسلیمی خۆراسانی نێودار لەو کوردانەی رۆژهەڵاتی ئێران بووە.
بەشێك لەو (گۆتی)یانەی کە زوو لە باکوری عیلام دەژیان لەو (گوتی)یانە بوونە کە سەردەمانێك لە عیلامەوە تا کێوی (ئامانوس)یان –دەکەوێتە ناوچەی ئاتنەی کەناری

www.pertwk.com

دەریای مدیترانەوە- داگیر کردووەو لەو ناوچە بەرینەدا حکومەتیان هەبووە. ئەوانەی کە لە کۆسارەکانی باکوری عیلامدا نیشتەجێ بوون، پاشان دەوڵەتێکی سەربەخۆیان دامەزراند بوو بە نێوی ئەنزان یا ئەنشان.
لە قەڵەمڕەوی بەختیاری، لە ناوچەی مالامیر، (مالامیر: وشەیەکی کوردیە یانی ماڵی میر یا موڵکی میر) و کول فرە، (کول فرە: وشەیەکی کوردیە واتە فراوان) و لە شکەفتی سلێمان (شکەفت: وشەیەکی کوردیە، یانی ئەشکەوت و غاڕ) هەندێ بەردەنووس و کەتیبە دۆزراونەتەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ سەدەکانی دوانزە و سیانزەی پ.ز، لە پاش (تخی خی کوتوا مارد)ی پاشای (خنی) بە جێماون و خۆی بە پاشای ئەنزان لە قەڵەم داوە.
لەو سەردەمەدا کە کوسیەکان ئەستێرەیان دابوویە کزی، پاشای ئەنزان دیسان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شوێنی کوسیەکانی خستوەتە ژێر رکێفی خۆی و گوتی و ئەماردیەکان کە تایفەیەکی کورد بوونە، لە سایەی ئەودا بوونە. ئەمەش بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە دانیشتوانی ئەنزان گوتی بوونەو کوسی و گوتی هیچ جیاوازییەکیان نەبووەو یەك میللەت بوونە.
لە سەردەمی ئەکەدو سۆمەرو ئاشوردا، زۆر ناوی تیرەو هۆزی غەیرە سامی لە کۆجاڕەکانی زاگرۆس و بناری ئەو ناوچەیە و پێکادانی ئەو تیرەو هۆزانە نیشانەی بوونی نەژادی جۆراو جۆرو جیاواز نییە، لە راستیدا نابێت ئەو تیرەو هۆزانە لە گۆتی و کوسیەکان جیابکرێنەوەو بە جیا بزانرێن.
لەو سەرو بەندەدا کە مەیدانی نێوان کێوەکانی زاگرۆس و کێوی ئامانوس لە ژێر دەستی گۆتییەکان بووە، لە هەمان شوێندا (سوباریەکان) هاتوونە مەیدان و سنووریان لە باکووری عیلامەوە تا چیای ئامانۆس دیاریکراوە. نارامسین بە (سوبارتیم)ی ناسیون. ئەم سۆبارییانە تایفەیەك بوونە لە گوتییەکان. تەنانەت هەندێ لێکۆڵەرەوە (سوباری)یان بە پایتەختی گۆتیەکان زانیوەو هەندێکی دی (سوباری)یان بە شوێنی جوگرافیایی گۆتییەکان زانیوە. پاشان هەر لە هەمان ناوچەدا (نایریەکان) رەونەقیان پەیدا کردووەو سەرچاوەی دیجلەو فورات و نێوان چیاکانی نەتلیس- توروس)یان گرتووە. بەپێی نێوەڕۆکی کتێبی (کارنامە ایرانیان در عصر اشکانیان) پاشایانی (ئورارتو)ش بە خۆیان گوتووە پاشای نایری. زۆر لەگینە ئەم پاشایانە لە (نەمر، نەمری)یەکانی کۆن بن کە لە سەرێرا باسمان کردوون. ناوی نەهری (ناوچەی شەمدینان) پاشماوەی ئەم هۆزەیە. ئەم (نایری)انەش لە هۆزی گوتی و سوبارییەکان بوونە. لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیدا، لاپەڕە بیست و دوو، نووسراوە: "مێجەر سۆن" دەڵێ: ئەگەر چاوێ بە سەردەمی گۆتیەکانی نێوان سەدەی یازدەو دوازدەی پێش زایندا بگێڕین سەیر دەکەین کە ئەم (نایری)یانە -کە پێش میدیەکان بوونە- لە کوردستاندا ژیانێکی خۆشیان هەبووەو ترسیان خستۆتە دڵی دراوسێکانیانەوە. هەر

www.pertwk.com

ئەم قەومەیە کە پاشان ناوی گۆڕاوەو بووە بە کورد. لە راستیدا چونکە (نایریەکان) لە گۆتیەکان بوونەو گوتیەکانی ئەم ناوچەیەش کە پاشان بوونە بە کورتی، پاش لە ناوچوونی دەسەلاتی نایریەکان ئەم تایفەیە بە ناوی خۆیانەوە (کورتی) ماونەتەوە. بێگومان تا ماوەیەك میناکی کرمانج، کەلهوڕ، لوڕ، ناوی قەبیلەیی خۆی پاراستووە.

لە سالی هەزارو سەدو پەنجای پێش زایندا، تایفەی موشکی دەسەلاتیان پەیدا کردووەو ناوچەی کوردستانی باکووریان خستوەتە ژێر دەسەلات و رکێفی خۆیانەوە و لە سالی هەزارو سەدی پێش زایندا، (قوبادو کیە و کلیکیا)شیان داگیر کردووە. (قوباد و کیە) لە کۆنا (کپودو کیەو یاکات پتو) بووە. خەرپوت، ئاتنەی بەشی باکووری حەلەب، بەشی خواروی سیواس، قۆنیە لە باشوورو کیلکیە لە باکوورو پانت–ی گرتبووەوە. شاری (موش)ی ئەمڕۆکە ناوەکەی لە ناوی تایفەی نێو براوەوە وەرگرتووە. لە سەدەی هەشتەمی پێش ز، میداس ناوێك لە (لدیە) دەسەلاتی گرتووەتە دەست و لە مێژوودا بە (میتای موشکی)ش ناو براوە. ئەمەش بەلگەی یەکبوونی میتان و موشکیەکانەو بەلگەی ئەوەیە دەسەلاتیان لە (لدیە) هەبووە. پاش نایری و موشکیەکان، ئاراراتیەکان لە باکووردا ناویان پەیدا کردو لولوبیەکان لە باشووردا لە مێژ بوو دەولەتی ناوچەیی و سەربەخۆیان دامەزراندبوو. حوکمڕانانی ئاشوری لە سەدەی نۆزدەو هەژدەی پ.ز، لە تیرەی لولوبیەکان بوونە. لولوبیەکان سەردەمانێ لە سوریا ژیاون. پاشایەکی لولوبی ناوی (ئیماش گوش) بووە کە گوش ناوێکی دیکەی کوسیە. بەم پێیە ئەم تیرەو هۆزانە:ماننائی، میتانی، پارتواو مادەکان کە قەفقازو کەناری دەریای رەش تا شوشی رۆژهەلاتی ئێران و تا ئاتنە دەڤەرێکی شاخاوین گرتبوو، بەگوتەی ئوجین پیتار سولاك و فون لوشان، کە باوەڕی وان لە مێژووی ئەدەبی کوردیەوە وەرگیراوەو لەسەرێڕا نووسراوە، خەلکانی سەر بە یەك میللەت بوونە، کە باب و باپیرانیان لە سەردەمێکی نەدیاردا ناوچەکانی نێو براویان داگیر کردووە. ئەو بەشەیان کە لە قەفقازو رۆژهەلاتی ئێران و رۆژهەلاتی دەریای رەشدا بوون، خۆیان لەبەر پەلاماری تیرەو هۆزی دی نەگرتووەو روویان کردووەتە نێو هاو نەژادەکانی خۆیان لە کۆجاڕەکانی زاگروس و نیفاتسدا (نیفاتس: ناوچەی دیاربەکر، خویفت و دەرسیم دەگرێتەوە.) هەندێ جار تیرەیەکیان هێزی پەیدا کردووەو لە بەردەم پەلامارو هێرشی دوژمنی بێگانەدا وەستاون و یارمەتی یەکتریان داوە.

کوسیەکان، گاڤێ کە هێرشیان کردە سەر بابل، نموونەی هاوکاری عەشایەری گوتی و لولو بوون. لە سەردەمی ئەکەدییەکاندا، ئەکەدیان خاکی (لولو)یان داگیر کردبوو. لەشکری گۆتیان، ئەکەدیەکانی تەفرو تونا کردو لولوکان جارەکی دی سەربەخۆیی خۆیان بە دەست هێنایەوە. بەپێی نووسراوی ئادادنیراری، پاشای ئاشور لەگەل لەشکری کاسی، گوتی، لولوم و سوباریدا جەنگیوەو زال بووە بەسەریاندا و هەر ئەم پاشایەیە کە بە گۆتیەکانی گوتووە کۆتی.

www.pertwk.com

پاشایانی ئاشور، بۆ وەی خۆیان بە تواناتر نیشان بدەن، کە لە شەڕێکدا شکابان، ئیدی ئەو شەڕەیان لە نووسراوەکانیاندا وا تۆمار دەکرد کە گوایە تیایدا سەرکەوتوو بوونە. بۆ ئاگاداری زیاتر بڕوانە گۆڤاری (ایران کودە، شمارە 8) کە ڕوونکردنەوەو نموونەی پتری داوە. ئێمە کارمان بە دروستی یا نادروستی ئەم نووسراوانەی پاشایانی ئاشور نییە. ئەوەی بەلای ئێمەوە مەبەستە، ناوی تیرەو کەس و ناوی شوێن و مێژووی تەقریبی ڕووداوەکانە.

کە دەوڵەتی بابی بە یەکجارەکی بە دەستی کوروش لە بەین چوو گوتیەکانیش چوونە هیمدادی ئێرانیەکان و لەشکری گوتی، بابلی فەتح کردو (نبوئید)ی پاشای بابل بە دەستی وان دیل بوو.

لە هەموو ئەمانە خۆیاتر ئەوەیە کە بەڵگەیەکی مێژوویی ئەوە دەسەلمێنێ کە ناوی گشتی تیرەی خالدییەکان –ئاراراتیەکان– سوباری، نایری، میتان، موشکی و... هتد. گۆتی بووە. ئەم بەڵگەنامەیەش بەردەنووسێکی (کەتیبە) "سلم نصری یەکەم"ـە کە لەمێژووی (کوردو کوردستان) وەکو خۆی وەرگیراوەو بەم جۆرەی خوارەوە تەرجەمە کراوە. ئەم پاشایە لە ساڵانی 1280– 1261 پ.ز حوکمڕانی کردووە. لە کەتیبەکەدا نووسراوە: "قەومی گۆتی کە لە ئاسمانی ئەم سەردەمەدا وەکو ئەستێرە دەدرەوشایەوە نەك هەر بە زۆری ژمارە، بەڵکو بە عەزم و جەزم و توندو تیژی و وێرانکاریش مەنشور بوو، بەرانبەر بەمن درێژەیان بەیاخی بوون و دژمنایەتی خۆدا!".

پاش جەنگەکە پێیان دەڵێت: "لە سنووری ئاراراتەوە تا کەموخی –تورعابدین– لە نێو ئەم وڵاتە گەورەیەدا خوێنی گوتی وەکو ئاو ڕژاوە".

نووسەری گرانقدری مێژووی (کوردو کوردستان) ئەمین زەکی بەگی ڕەحمەتی دەنووسێت: "لەمەوە وا دەردەکەوێ کە دەڤەری یاخیبوونی هۆزی گۆتی لە ئاراراتەوە تا کێوی تورعابدین درێژەی هەبووە. بە پێی ئەم بەڵگەنامەیە و گێڕانەوەی (توکولتی ئینورتا) بە شێوەیەکی گشتی هەرێمی زاگرۆس نیشتمانی هۆزی گۆتی بووە. کەتیبەی مالامیر بەختیاری کە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە دەیسەلمێنێ کە ناوچەی نێوبراو واتە (ئەنزان)ش تیرەی گۆتی تیا نیشتەجێ بووە. ئەو ناوچانەی کە بەپێی بەڵگەنامەو کەتیبە کۆنەکان لە ژێر دەسەڵاتی گۆتیەکاندا بووە، ئەمڕۆکەش هەموو دانیشتوانەکانیان کوردن.

دەربارەی ئەو دەوڵەوتانەی کە گوتی، سوبارو، لولو، کوسی، میتانی، نایری، موشکی، خالدی،ماننائی، ماد، کە باوباپیرانی کورد لە خاکی خۆیاندا دروستیان کردوون، نووسەری ڕەحمەتی ئەمین زەکی بەگ لە مێژووەکەی خۆیدا بە درێژی باسی کردووە. بۆ زانیاری پتر بڕوانە کتێبی نێوبراو. زۆر جێی داخە کە ئەم کتێبە بە نرخە لە کاتێکدا دەربارەی نەژادی ئێرانیە، تەرجەمەی زمانی عەرەبی کراوە کەچی هێشتا نەکراوە بە فارسی.

www.pertwk.com

میللەتان لە تیرەو هۆزی جیاواز پێکهاتوون کە هەریەکەیان ناوی سەربەخۆی خۆیان هەبووەو بە تێپەڕبوونی رۆژگار ژمارەی ئەم تیرەو هۆزانە زیادی کردووە. لە نێو ئەو هۆزو قەومانەی کە هێشتا هەندێکیان بە شێوەیەکی خێڵەکی و کۆچەری دەژین و ئەم دەستوورەیان بە روونی پێوە دیارە.

بۆ نموونە:

زۆربەی کوردستانی باکوور بریتییە لە دوو تیرەی گەورە:

أ/ زیلان- زیل بەکوردی ناوی گیایەکی ناسکە کە لەسەر کێوان دەڕوێ.

ب/ میلان- مل بە کوردی ملەی کێو دەگەیەنێ..

تیرەی زیلان: ناوی سەرۆك تیرەکە "زیل" بووەو بە رەعیەتەکانی گوتراوە (زیلان). زیل، کوڕێکی گەورەی بووەو کە ئەو کوڕەی دەمرێ (جەلال) ناوێکی لە پاش بە جێ دەمێنێ. واتە (جەلال) نەوەی (زیل) بووە، هەروەها زیل دوو کوڕی دی هەبوون بە ناوانی (حەیدەر) و (مەمی). پاش مردنی زیل کوڕەکانی لە یەکدی جودا بوونەتەوەو هەر یەکەیان بە نێوی خۆیەوە تایفەی: (جەلالی)، (حەیدەری)و (مەمان)یان دامەزراندووە. تەنیا بە شێك بە ناوی (زیلان) ماوەتەوە. ئەم چوار تایەفەیەش بە هەمان شێوە تایفەی دیکەیان لێ بووەتەوە. لە کاتێکدا هەر هەموو ئەم تایفانە (زیلان)ن، ئەو بەشەی کە بە نێوی (زیلان) ماوەتەوە لە رووی ژمارەوە لەوانی دی کەمترن. ئەم تایفانە زۆر جار بەگژ یەکدا چوونە. ئێستا بیری یەکێتی نەتەوەیی و کەڵکەڵەی ئازادی، لە تورکیادا تەبای کردوون.

ئایا بەم جیاوازی ناوو پێکادانانەیاندا دەکرێ بوترێ ئەمانە سەر بە نەژادی جیاواز یا میللەتانی جیاوازن؟! تا بۆ کۆنتر بگەڕێینەوە ئەم بنەمایانە روونتر دەبێتەوە...

ناوی یەکێك لە خوداوەندە کۆنەکانی کوسییان (هوذا) بووە، لە سەردەمی ساسانییەکانیشدا (خوذا)و (خوذای) گوتراوە. بۆ نموونە (خوذای نامك) ناوی یەکەمی شانامەیە. پاشان بووە بە (خودا) چونکە خودان بە مانای خاوەندە ئیدی مەعلومە کە (هوذا) بە مانای (ڕەب) بەکار هاتووە.

بە تواناترین پاشای کوسی- کوش- لە بابلدا (ئاگوم کاك ریم) بوو کە لە ساڵی (1700 پ.ز) دەسەڵاتی گرتە دەست و هەموو ناوچەکانی سۆمەری خستە سەر ئاکاد و ناوی نا (کاردونیاش)! مێژووی کوردو کوردستان لەمبارەیەوە دەنووسێت: "هەندێك دەڵێن (کاردونیاش) ناوە کاسابیەکەی شاری بابل بووە. (سیرکیغ)ی رۆژهەلاتناس دەڵێت: "کاردونیاس، مانای هەرتك ولاتی یەکگرتووی سۆمەرو ئەکەد بووە. (سیرسیدنی سمیث) دەڵێت: "دونیاش، یەکێك لە پەرستراوەکانی کاسای بووەو (کار)ش مانای خاك و ولات بووە، کاردونیاش، یانی مەملەکەتی دونیاشی خواوەند، ئایا ناشێت کاراد و کاردو پەیوەندییان بە وشەی (کاردونیاش) یا (کاردونیش) هەبێ. (نیش، نیژ) لە زمانی کۆنی ئێرانیدا بە مانای مەنسوبیەت، ناوەوە، پەیدا بوون هاتووە. هەروەها لە ساڵی

www.pertwk.com

(1450 پ.ز) ناوی پاشای کوسی (کارا ینداش) بووه! که دوای (کاردا) گۆڕاوەو بووه بە (کاردوش).

ئەحمەد رەفیق بەگی مێژوونووسی عوسمانی لە مێژووە گشتیەکەی خۆیدا، کوسیەکانی بە باپیرانی کوردانی ئەمڕۆ داناوە. هەروەها کتێبی (ایران نامە، یا کارنامە ایرانیان در عصر اشکانیان) لە بەرگی دوەمیدا دەربارەی کوردستان یا (سویچرە)ی ئێران دەنووسێت: "لەوەیە ئەو ئارییاییانەی کە لە ساڵی (1800 پ.ز) لە بابل فەرمانڕەواییان کردووەو یاسازانان و زاناو فەیلەسوفانیان تێدا هەڵکەوتووەو لە مێژوودا بە کاسو یان کاسیت ناسراون، باو باپیرانی کوردەکانی ئەمڕۆ بووبن."

(تاج العروس) لە مەڕ کوردەکان دەنووسێت: "کوردی کوڕی کەنعان کوڕی کوش کوڕی حام کوڕی نوح)ـە. (کوش) ناوێکی تری کۆسیە کە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە کۆسیەکان باپیرانی کوردەکان بوونە.

لە سەدەی شازدەی پ.ز، لە دەڤەرێن سەرووی دیجلەو فورات واتە لە نیشتمانی گۆتیەکاندا لە بەشێکی خاکی سوباری دا حکومەتی بەهێزی میتان سەری هەڵدا کە (نەهوتمسی یەکەم)ی فیرعەونی میسر پەلاماری داو شکاندی. دوایی پاشای میتانی (کوشان ریشی ئاسام) سوریای داگیرکردو هەشت ساڵ حوکمی کرد. لە رۆژهەڵاتیشەوە ئاشورستانی داگیر کردو سنووری دەسەڵاتداریەتی خۆی گەیاندە کەرکووك. ئەم دەوڵەتە لە ساڵی 1350 پ.ز پەیمانێکی لەگەڵ دەوڵەتی هیت دا مۆر کردووە کە بەردەنووسی (کەتیبە)ی ئەم پەیمانە لە (بوغازکوی) پایتەختی کۆنی هیتیەکان دۆزراوەتەوە. گەورە پیاوانی میتانی سوێندیان بە خواوەندی (ئاندرا- وا رونا) خواردووە. چونکە ئاندرا خواوەندی ئارییەکانی هیندش بووە، دەبێ بگوترێ ئەم تیرەیە پێوەندی بەو تیرانەوە هەیە کە روویان کرووەتە هند.

دەوڵەتی میتانی لە رۆژاوا و باشووری رۆژاوادا، هاوسێ و هاوسنووری دەوڵەتی هیت و میسر بووە. لە کاتێدا پێکادای کاسیتەکان یەکەمجار دەگەڵ هیتیەکاندا بووە، لەم حاڵەدا پێویستە چ پەیوەندییەکیان لەگەڵ میسرییەکاندا نەبووبێ. جا چۆن لە نێوان میتانی و میسرییەکاندا شەڕو پێکادان روویداوە.

بەم پێیە دەبێ بگوترێ: یا میتانیەکان بەگژ کۆسیەکاندا چوون و پاشەکشەیان پێکردوون و خۆیان گەیاندووەتە سنووری میسر، یا کۆسیەکان بە رەزامەندی خۆیان ئەو ناوچانەیان بۆ میتانیەکان چۆڵ کردووە. یا لە بنەڕەتدا میتانیەکان لەگەڵ کۆسیەکاندا هاونەژاد بوونەو بۆ خۆیان ماڵبات و ئەنجومەنی سەرکردایەتیان هەبووەو ئازادی کار کردنیان هەبووەو هەر بە ناو سەر بە کۆسیەکان بووە. چونکە چ بەڵگەیەك لە دەستدا نیە ئاماژە بۆ جیاوازی کۆسی و میتان بکات. دیارە پێدەچێت ئەم بۆچوونەی دواییان لە راستیەوە نزیکتر بێ. چونکە (سیرکیغ)ی رۆژهەڵاتناس، میتانیەکانی بە تیرەیەکی کۆسیەکان ناسیوە. (جونسن)ش دەڵێت: "میتانی لە ماڵباتی حوکمدار بووەو

www.pertwk.com

لـه ئەسـلاّ لـە سـوبارییەکانی بـووه. ئـەمین زەکـی بـەگ ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـردووه کـە میتانییەکان لە کۆسیەکان بوونەو سەر بە تیرەی (سۆباری) بوونە.
نێوی (ئارتاتمە)ش هەم لە لیستی پاشایانی کۆسی و هەم لە لیستی پاشایانی میتانیـدا دەبینریّ. هەر ئەم(ئارتاتمە)یەی پاشای میتانی بوو کە کیژەکەی خۆی دایە فیرعەنی میسر. (دلاپورت)ی لێکۆڵەرەوەش میتانیەکانی بە تیرەیەکی کۆسی زانیوە. مێژووی کوردو کوردستان لەم بارەیەوە دەنووسێت: "تایفەیەکی سەرەتایی کە ناوی (ئوممان- ماندا) بوو لە زومرەی ماد، سیت بووە. لە کەناری رۆژهەڵاتی دەریای رەشدا ئاکنجی بوونەو لە نەژادی هند- ئێرانی بوونەو جەماعەتێکی بچووکیان کۆچیان کردووەو تا رۆژاوای کوردستان هاتوون و یەکێك لە بنەماڵەکانیان بە ناوی میتانی حکومەتیان دامەزراندووه". کەواتە دەبیّ بگوتریّ: کۆسیەکان بە هاوکاری هاونەژادەکانی خۆیان، واتە بە کۆمەکی سوبارییەکان وەختیّ کە (بابل)یان داگیر کرد، لە رۆژهەڵاتەوە لەگەڵ دەوڵەتی هیت و میسردا شەڕیا کردووە. پاشان تایفەیەك لە سوباری و لە خێڵی نایری کە شوێنیان بەشی باکووری کەناری رۆژهەڵاتی دەریای رەش بوو یا لە پێناوی سوود وەرگرتن لە فەتح و سەرکەوتنی هاونەژادەکانی خۆیان بە مەبەستی یارمەتی دانیان یەکڕاست روویان کردووەتە بەرەی شەڕەکە و خۆیان گەیاندووەتە دەڤەری سەرووی دیجلە و فورات و بنەماڵەی سەرۆکانی ئەو تایفەیە کە ناوی خۆیان لە ناوی خواوەندی خۆیان (میترا) وەرگرتبوو، دەوڵەتێکیان بە ناوی میتانی دامەزراندو دەستیان کردە شەڕ لەگەڵ دژمنانی کۆسیەکان، واتە دەگەڵ دەوڵەتانی هیت و میسر، پاشان دەستیان بەسەر (ئاشورستان)شدا گرتووە.
لەو سەردەمەدا کە میتانیەکان لە باکووری ئاشوردا بوونە، شەڕو پێکادانیان دەگەڵ ئاشورییەکاندا هەبووە، پاشای ئاشوری دەربارەی میتانیەکان لەو ناوچەیەدا دەڵێت: "خوێنی گۆتیەکان وەکو ئاو دەڕژا". لێرەدا هەموویان بە گۆتی نێو براون. لە راستیدا لە ناوچەی دەرسیم کە تورکەکان لەم دواییانەدا ناویان گۆڕیوەو کردوویانەتە (تونجەلی)- بەشی باکووری خاکی میتانیەکان بووە- دۆڵێکی مەنشوور هەیە کە تا ئەمڕۆش پێی دەڵێن دۆڵی گوتی، بە -کۆتی دەرەسی- بەنێو بانگە.
کتێبی موقەدەسی یەهود تایفەی میتانی بە (ئارام نهارم) قەید کردووە. ئەو مەملەکەتەی کە لە باکووری فەلەستیندا بوو، واتە لە رۆژهەڵاتەوە دیجلەو لە باکوورەوە کێوەکانی تۆرۆس دەوریان دابوو، (ئارام)ی ناو بوو. عبریەکان "ئارام نهریم" (کتاب پیدایش، 24: 10) یا "پدن ئارام" واتە دەشتی ئارام -یان پێدەگوت. بەمەدا وا دەردەکەویّ کە میتانیەکان، خاکی ئارامیەکانیان گرتووەو کتێبی پیرۆزی یەهود ئەم هۆزەی بە ناوی شوێنە جوگرافیاییەکەوە ناو ناوە (ئارام نهارم). میسریەکان پێیان گوتووە "ناهاری". (نهارم و ناهاری) زۆر لە (نایری) دەچن کە لە زومرەی سوباری بووە. پاشایانی ئاراراتیش خۆیان بە نایری دەزانی و ناو و شوێنەواری خالدیەکان کە بە میللەتی

www.pertwk.com

ئارارات دەگوترا، لە قەوقاز، لە کەناری دەریای ڕەشدا، و تەنانەت لە پالوو مەلاتیەدا کە مەملەکەتی میتانیان بووە بەرچاو دەکەوێ. دەشێت بگوترێ لە کەنارێن ڕۆژهەلاتی باشوری دەریای ڕەشدا عێلی ئاریەکان نیشتەجێ و ئاکنجی بوونە، میتانیان لەوێوە بەرەو باشور هاتوون.. لە سەرێ ڕا ئاماژەم بۆ ئەم باسە لەمەڕ عێلی ئاریی کردووە.

زۆر ئەستەمە ناوانی: گۆتی، کورتی و کۆسی لێکدی جودا بکرێنەوە. لەو مەملەکەتانەدا کە بوو بوو بە نیشتمانی گۆتیەکان، لەوێدا کورتی و کۆسیەکان، ئەو شوێنەی کە بوو بووە مەڵبەندو نیشتمانی کۆسیەکان، وەك: ئەنزان، لوڕستان، لەوێش کۆتی و کۆرتی و بلادی کە کاردۆ و کۆرتیەکان ئاکنجی بوون، گوتی و کۆسیان دەبینین. بەم پێیە نابێ گومان لەوەدا هەبێ کە ئەم سیانە ناوی یەك میللەت بووە و کورتی و کۆسی کە گەورەترین تیرەی گۆتی بوون گوتراوە کە تێکەڵی یەکتر بوون و پێکەوە ژیاون لە ئەنجامدا بەگشتی ناوی کوردیان بە بالادا بڕاوە. نیشتمانیان لە کۆنی کۆنا لە ڕۆژهەلاتی ئێرانەوە تا ئاتنە و لە قەفقازو کەنارێن دەریایێن خەزەرو ڕەش-ەوە تا شووش درێژەی هەبووە. ئەم میللەتە بە ناوی گوتی و سۆباریەوە لە باکوری شووشەوە تا ئاتنە حوکمڕانی کردووە، پاشان کۆسیەکانی ئاکنجی زۆزانی ڕۆژاوا و باشوری دەریای خەزەر بە ناوی تایفەی (کی خودکاسیت) لە دوو هەزاری پێش زایندا، بەرەو باشور کۆچی کردووە و هاتووەتە لوڕستان، لەگەڵ بەشێکی تری عێلی خود کۆسیانی باکوری ئەنزان و بە کۆمەکی گۆتیان پەلاماری (بابل) یان داوە، هیتەکانیان، کە لە باکورەوە هاتبوون، دەپەڕاندووە و بە خۆیان جێگیر بوون و لە بابلدا دەولەتی (کاردونیاش)یان دامەزراندووە. پاشان ماڵباتی میتانی لە باکوری جەزیرەدا دەوڵەتی میتانی دامەزراندووە کە هەرتکیان یەك میللەت بوونە. کێردێکی برونزی نەخشین، لە کۆڵنیکاریە ئارکۆلوجیەکانی لوڕستاندا دۆزاوەتەوە کە لەسەر دەسکەکەی ناوی (بخت نسر)ی پاشای کاسیت نووسراوە.

کتێبی (دۆزی کورد) لە بلاوکراوەکانی (خۆیبوون)، جفاتی وەلاتی کورد دەنووسێت تیرەی کەلهوڕ بە گوێرەی ئەو شوێنەوارە ئارکۆلوجیەی کە لە ناوچەی ئەواندا دۆزراوەتەوە، خۆیان بەنەوەو نەتیرەی (جودەرز)ی کوڕی گیو، کە کوڕی ڕحامی پێ گوتراوە، و لەلایەن (بەهمەن گیانی)یەوە بۆ وێرانکردنی قودس و بەدیل گرتنی جولەکە نێردراوە, ڕحام بە گوێرەی کتێب و سەرچاوانی عەرەبی (بەخت نەسر)ی بەناوبانگە کە پاشان نەوەکانی ئەو بوون بەپاشایانی جوردان.

(بەخت نەسر) لە ساڵانی 604-562پ.ز پاشای بابل و زاوای (ئیختو ویکو)ی پاشای ماد بوو لە خوزستاندا کۆمەڵێك فتوحاتی کردبوو. ئەم پاشایە بوو کە بۆ ژنەکەی خۆی، کیژی پاشای ماد، باخچە هەڵۆاسراوەکانی دروستکرد، پێناچێت کە جودەرزی کوڕی گیو بێ. کتێبی ئاوێستا ناوی لهراسب بەکیلهراسب تۆمار دەکات و بە (گیانی)یان دەژمێرێ. ئەسپ، هەمان ئەسپە کە لە نێو ئاریاندا خوشەویست بووە، زۆربەی گەورە

www.pertwk.com

پیاوانی قەوم لە دوای ناوی خۆیانەوە بەکاریان دێنا– وەك: لهراسب، کشتاسپ، ئەشپ برە.. ئەسپی نوداتا (ئەسپ نوداتا، ناوی برایەکەی گوماتای موغ بوو کە لە هەمەدان لە غیابی کوڕی کۆروش دا لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتبوو).
ئەگەر وشەی ئەسب لە کیلهراسب هەڵگرین دەمێنێتەوە (کیلهر) کە لەوەیە تیرەی کەلهور ناوی خۆی لە ناوی (کیلهر)ەوە وەرگرتبێ!..

((2))

مێژووی کورد

بەو جۆرەی لە سەرێڕا ئاماژەی بۆ کرا، لە سەردەمە کۆنەکاندا لە پێشینان و باپیرانی کوردا، تیرەو تایفەی جیاواز و جۆراو جۆر لە مێژووی جیاوازدا لە کوردستاندا دەوڵەتی جیاواز و سەربەخۆیان دامەزراندووە. بۆ تەواو کردنی مێژووی کورد پێویستە مێژووی دەسەڵاتدارێتی کورد هەمووی بنووسرێتەوە، ئەوەی کە هەیە دۆزینەوە ئارکولوجی و بەردەنووس و کەتیبە کۆنەکانە کە زانیاری تەواویان نەخستوەتە بەر دەستمان، تەنیا نووسینە کۆنە ئێرانی و ئاشوریەکانە کە دەمانخاتە سەر راستە رێگاو لەم بارەیەوە رێنوێنیمان دەکات.
بە گوێرەی ئەو رونکردنەوانەی لەبەر دەستدان، دەسەڵاتدارێتی وسەڵتەنەتی نەژادی ئاریان لە ئێران و لە باکوری عێراق و سوریادا، لە گۆتیەکانەوە دەستی پێکردووە. گونجان و تێککردنەوەی ناوەڕۆکی شانامە لەگەڵ وەزع و حاڵ و رووداوەکانی رۆژاوای ئێراندا ئەمە دووپات دەکاتەوە، و دەری دەخات کە جەمشید یەکێك بووە لە پاشایانی (کاسیت) و میللەتەکەشی جگە لە (کۆسیەکان) کەسی دی نەبووە. دەبێ حیسابی تەواو بۆ سەرچاوەکانی شانامە، کە (خوذای نامك)ی پەهلەوی و بەیتە فۆلکلۆریە کوردیەکان

www.pertwk.com

بووه، بکریێ، نابیێ چاو پۆشی لیێ بکریێ. کۆنترین خوذاینامه هەمان دوانزەمین نەسکی ئاویێستا بووه (نەسك: ناوی هەر یەکێك لە بیست و یەك بەشەکەی کتێبی ئاوێستایە- وەرگێڕ) کە لە سەدەی سێیەمی کۆچی دا، واتە لە زەمانی (ئاذر فرنبغ)ی دانەری (دین کەرد –دینکرت: din kard)دا هەبووە، (بڕوانە: کتاب ادبیات مزد یسنا پشتها). لە سەردەمی ئەسکەندەری مەقدۆنی دا، کتێبانی ئێرانی، لەوانە کتێبی ئاوێستا کە بە گوتەی (پۆلین)ی مێژوونووسی سەدەی یەکەمی زاینی دوو ملیۆن شیعرو لەگەڵ سەرچاوەو دەهمەنە پەهلەوی و عەرەبیەکاندا دوازدە هەزار چەرم بووە، لە کۆشکی شاهنشاهی هەخامەنشیەکاندا سووتێنران. ئەشکانی و ساسانیەکان لە پاشماوەی نووسراوان و لە زاری بەیت بێژو حیکایەتخوانانەوە هەندیێ بەرهەمیان بە زمانی پەهلەوی نوسییەوە. عەرەبەکان کە هاتنە ئێرانەوە باوەڕی ئاینی خۆیان بەسەر خەڵکی دا سەپاندو کردیانن بە موسولمان، گوتیان ئەمانە کتێبی کافرانن و خستیاننە ئاگرەوە، واتە نووسراوە پەهلەویەکانیان خستە ئاگرەوەو سوتانیانن. بۆ ماوەیەك زمانی رەسمی مەملەکەت بوو بە عەرەبی، سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئیسلامیەت، سەردەمی شیعری رەوان و رەوانبێژی بوو، چونکە زمانی دەری- دەرباری- لە زمانی پەهلەوی ئاسانترو رەوانتر بووەو بۆ زمانی ئەدەبی و دەرباری ئێران دانرا بوو. میرانی سامانیە ئەو زمانەیان بە زمانی رەسمی مەملەکەت قەبوڵ کرد. خۆشبەختانە (خذاي نامك) لە ئاسێوی عەرەبەکان خەلەسی بوو. لە ساڵی 346ی کۆچی دا، بە فەرمانی سوپاسالاری خوراسان ئەبو مەنسور محەمەد کوڕی عەبدورەزاق تووسی، وەزیرەکەی ئەبو مەنسور معەمەری زەواتی چەند شاعیرێکی ناسراوو شارەزایی بواری بەیت و داستانی فۆلکلۆری کۆکردەوە، ئەوانە (خوذاي نامە)یان بە فارسی تەرجەمە کردو زانیاریەکانی خۆشیان خستە سەری و بە ناوی شانامەی ئەبو مەنسوری کتێبێکیان نووسی چەند ساڵ دواتر فیردەوسی رەحمەتی سوودی لەم کتێبە وەرگرت بۆ بزواندن و جۆشدانی هەستی نەتەوایەتی ئێرانیەت و گەلێك چیرۆك و ئەفسانانی بە خەیاڵاتی شاعیرانە رازانەوەو ناوی شانامەی لێنا، ئەگەرچی ناوەکانی ناو شانامە لەگەڵ ناوە ئەسڵیەکانی شانامەی ئەبو مەنسوریدا تەواو چوون یەك نین و لە زۆربەی شوێنەکاندا رووداوەکانیش تەواو لێکدی دوورن. ناوی ئەو پاشایانەی کە لە ئاوێستادا هاتووە، لەگەڵ ناوی پاشایانی (خذاي نامك)، شانامەدا یەك نین. لە دەقەکانی ئاوێستاوە ئەوە دەردەکەویێ کە ئەوانە پاشایانی تیرەو تایفەکانی رۆژاواو باکووری رۆژاوای ئێران بوونە. مەیدانی چالاکیەکانیان بە زۆری دەوروبەری دەریاچەی چیچیست –رەزاییە- و دەریاچەی هویسرەوە –وان- واتە لە ناوچەی زێدو زاگەی پێغەمبەری ئاریان حەزرەتی زەردەشت بووە. لە شوێنی خۆیدا ئەمە روون دەکرێتەوە. بە هەر حاڵ کەسێك بیەویێ مێژووی نەژادی ئێرانی بنووسێتەوە نابیێ ئەو شتانە بە بیێ بناغەو ئەسڵ بزانیێ. فەرامۆشکردنی ئەو شتانە لە ئەقڵ و ئینساف و کەشفی حەقیقەت بە دوورە.

www.pertwk.com

هەر چەندە مێژووانی کۆن، ئەمڕۆکە وەکو ئەفسانە و خوارفات دێتە بەرچا و لە راستیا لە ئەفسانە کۆنەکان و لە کتێبانی ڤیداو ئاوێستاوە هەڵقوڵاون. بەڵام قەومی کوردی ئەمڕۆ کە وەچەی دەست لێنەدراوو پاکی ئەو ئەسڵزادە کۆنانەن، چونکە نیشتەجێی چیای سەخت و حاسێ بوون، بە تەواوەتی، زمان و خەسڵەت رسومات و داب و نەریتی کۆنی خۆیان پاراستووە. یەکێك لەو داب و نەریتانە ئەوەیە کە شەڕو شۆڕی باو باپیرانی خۆیان لە شێوەی بەیت و لاوك دا دەگێڕنەوەو لە راستیدا گۆرانی و حەیران و لاوکە کوردیەکان، لە سەدا شەشتیان باسی شەڕو شۆڕی باو باپیرانیان دەکاو دەنگبێژو گۆرانی بێژانی کورد میناکی مێژوویيەکی زندوو وانە. لە زەمانی زۆر کۆندا کەخوێنەواری نەبووە، لە رێگەی گۆرانی و بەیت و داستانەوە حونەرو مێراتی پاشایان و دلاوەرانی خۆیان دەماو دەم گەیاندووەتە گوێی مێژوونووسان و نەیان هێشتووە بیر بچنەوە. هەر چەند تێپەڕ بوونی رۆژگار گەلەك گۆڕانی بەسەر ئەم بەیت و چیرۆکانە هێناوەو ناوی قارەمانەکان و شوێنی رووداوەکان، کەم و زۆر گۆڕانیان بەسەر هاتووە، بەڵام بناغەی رووداوەکان بە تەواوی لە بەین نەچوونە، بۆیە قوڵبوونەوە لەم باسە نەك زیانی نییە، بەڵکو بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتەکان پێویستیشە.

بەڕای من ناوی کەسایەتیە مێژووییەکان لەگەڵ قارەمانە ئەفسانەییە ئاینییەکاندا تێکەڵ بوون و چوونەتە کتێبی مێژووەوە. واتە مێژوونووسان کەسایەتیە ئەفسانیەکانیان لەگەڵ قارەمانانی گۆرانیەکاندا وێك خستووەو بەمەش خزمەتێکی گەورەی مێژووی کۆنیان کردووە.

بۆ نموونە: کیومرث کە ئاوێستا (گیە مرث)ی ناو ناوەو بەیەکەم پیاوی تیرەی بەشەری دەناسێنێ، بە گوێرەی ئاوێستا (مشیاو مشیانە) واتە ئادەم و حەوا، لە دوای مردنی ئەو لە نوتفەی ئەو کەوتوونەتەوە. مێژوونووسان بۆ ئەوەی بچێتە ئەقڵەوە بەوەچەی نوحیان نیشانداوە، جەمشیدی پاشای ناودارو بەشکۆی ئێران ناوی لە ئەدەبیاتی سانسکریتی دا هەیەو لەگەڵ (یمی) ژنیدا بە یەکەمین جووتی بەشەر هاتۆتە ناسین.

ئەوەی لە شوێنەوارە کۆنەکانەوە مەعلوم بووە، ئەوەیە کە سەڵتەنەت و حوکمڕانی ئێران لە کوردستانەوە لە دایك بووەو گۆڕانی بەسەردا هاتووە. چونکە ئەم کۆچاڕانە شوێنی کۆنی گۆتیەکان، کۆسیەکان، مادو پارسەکان بووە. پێویستە لە نێو سەران و پاشایانی ئەم تیرانەدا بۆ پاشا کۆنەکانی ئێران بگەڕێین.

تا داریوش، کەیخسرو –کورش– ئاشکرایە. تەنانەت بە گوتە زۆربەی زانایانی مێژوو، شای یەکەمی کیان –کەی قوباد– بەناوی دیاکۆ– دیوسیس دامەزرێنەری سەڵتەنەت و دەسەڵاتی مادە، کە سەرۆکی تیرەی مانتایی بووە. فەریدونی کورد کە ئاریاسی ناو بووە، لە دەوروبەری (800–900 پ.ن) هاتووە. بەم حسێبە سەردەمی زوحاکەکان لە 900 ساڵی پ.ز سەروتر دەبێ، کە رێکەوتی ساڵەکانی پاش شکانی کوسیەکان لە بابل دەکات. بەر لە زوحاك جەمشید بووە کە رێکەوتی سەردەمی دەسەڵات و سەڵتەنەتی

www.pertwk.com

کۆسیەکان لە بابل دەکات. بەر لە کۆسیەکانیش دەورەی حوکمداری گۆتیەکان بووە، مێژووی (زاگرۆس)ش لەگۆتیەکانەوە روون بووەتەوە، بەم پێیە دەتوانین کیومرت بە شای یەکەمی (جوتی، گوتی– guti، و کوردۆ بزانین. هەر چەندە مێژووەکانی پێش کیو مرت دەسەلاّت و سەڵتەنەتی جیانیەکان نیشاندەدەن و کیومرث بە نەوەی ئەوان لە قەڵەم دەدەن. دەڵێن بەر لە کیومرث پێغەمبەران هەبوونەو پێیان دەگوتن (مەهاباد) واتە گەورە ئاوایی. دەڵێن دەسەلاّت و پێغەمبەرایەتی ئەوان لە سەردەمی ئازەرئابادا تەواو بووە. ئازەرئاباد وازی هێناوەو خۆی بۆ عیبادەت و خوا پەرستی تەرخان کردووە.. فیتنەو ئاشوب لە نێو خەڵکی دا پەیدا بووە... یەکێك لەو خەڵوەت نشین و زاهیدانە ناوی (جی ئەفرام) بووە –جی بە زمانی پەهلەوی واتای پاك دەگەیەنیٚ... ئیدی دەمڕاست و ردێن سپیانی ئەو سەردەم و وەختە داوایان لێکردووە ببیٚ بە سەرۆکی حکومەت و ئاینی مەهاباد زیندوو بکاتەوە. هەوەڵجار قاییل نەبووە، پاشان جبرائیل سلاّوی خوای لیٚ بیٚ وەحی بۆ هێناوەو ئەویش قاییل بووە. (جی ئەفرام) کوڕی ئازەرئاباد بووە. ئەو زنجیرە پاشایانەی کە لە نەوەی ئەو بوونە (جیان)یان پێگوتراوە. ئەفرام، لە ئیبراهیم دەچێت کە بە راستی کوڕی ئازەر بووە. جا رەنگە (جی) کورتکراوەی (جوتی) بیٚ کە ناوە سامیەکەی (گوتی)یە.

بە قسەی شانامە، لە (کیومرث)ەوە تا (کیقباد– دیاکو 2441 ساڵ تێپەڕیوە. مێژووی هاتنە سەر تەختی (دیاکۆ) بە ساڵی (705 پ.ز) دیاریکراوە. بەم پێیە پاشایەتی (کیو مرث) دەکاتە ساڵی 3146 پ.ز) یەکەم شای گۆتی، کە تا ئێستا کەشف بووە ناوی (ئانناتوم) بووەو لە سەدەی سیٚو یەکی پێش زاین ژیاوە. بەم پێیە حیکاتخوانانی هەوەڵ، لە چاو درێژی رۆژگارا بە چاکی دەسەلاّتی (گۆتویان) گەیاندووەتە ئێمە.

لەگەڵ ئەوەشدا سەڵتەنەت و دەسەلاّتی گوتیەکان لەوە کۆنترە کە مێژووی (جیانیان) و مەهابادیەکان دیاری کردووە. بەلاّم ئەوەندە هەیە کە هێشتا چ بەڵگەنامەیەك لەم بارەیەوە بە دەست نەهاتووە جگە لە دەسەلاّتیان لە سۆمەر!...

ئاوێستا (کیو مرث) بە (گیو مرت) ناو دەباو بە یەکەم کەسی تیرەی بەشەری دەزانیٚ و (کیومرث لە پەهلەویدا دەبیٚ بە کیومرد) –مێژووی جولەکە بە نەوەو وەچەی نوحی دەزانیٚ (زینة التواریخ) دەڵێت: "کوڕی یەسان ئاجام نەوەی نوحە. لەم بۆچوونە مێژوویانەوە بە دیار دەکەویٚ کە (کیومرث) و میللەتەکەی لەدەوروبەری مەملەکەتەکەی نوح بووەو لەگەڵ ئەو قەومەدا کە لەو ناوچەیە دادەنیشتن هاو نەژادییان هەبووە. کەتیبەیەکی سەردەمی سۆمەریەکان باسی تۆفانەکەی نوح دەکات و حەزرەتی نوحی بە (زیوکیدو) ناو بردووەو شوێنەکەی بە (پاتزی) ناو بردووە. جا چونکە کوسیەکان بە حاکمیان دەگوت (پاتزی) و شوێنی کۆنی گۆتیەکانیش (زێی کویە) بووەو ئەو تیرەیەی کە لە سەردەمی ئاشوریەکاندا لەو ناوچەیە ژیاون پێیان گوتراوە (زیگرتو)، و چونکە تۆفان لە خاکی گۆتیەکان هەستاوەو حەزرەتی نوح کە (زیوکیدو) بووبیٚ، کەواتە پاشای

www.pertwk.com

گوتیـەکان بـووە. مەسـەلەی تۆفانەکـە زۆربـەی میللـەتانی کـۆن لـە ناوچـەی خۆیانـدا داویانەتە پاڵ کەسێکی ئەفسانەیی کە زۆربەیان لێکدییەوە نزیکن، بەڵام چونکە ئەمە بۆ باسەکەی ئێمە مەبەست نییە، لێرەدا پێویست بە باسکردنی نییە. لە سەڕێ ڕا ئاماژە بۆ ئاریایی بوونی سۆمەرییەکان کرابوو. ئاشوریەکان لە نەینەوادا، واتـە لـە نیشـتمانی نـوح دا، لەو سەردەمەدا کە گوتیەکان لە بابل سـەڵتەنەت و دەسـەڵاتیان هـەبووە پەیـدا بوونـە. دەبێ ئەوە بگوترێ وەختێ کە بابل، لەلایەن کۆسیەکانەوە داگیر کراوە، بەشێك لـە بابلیـە سـامی نـەژادەکان بـەرەو بـاکوور کۆچیان کـردووەو لـە ناوچـەی نەینـەوا گیرسـاونەتەوە. نووسینەکانی (دکتر، د، بهرون) کە لە گۆڤاری ئێران کودە، ژمارە هەشت بڵاوبووەتـەوە، ئەو شوێنەوارە شارستانیە کۆنانـەی کـە لـە دەڤـەری نەینـەواو دەوروبـەری دۆزراوەتـەوە، ئەوە دەسەلمێنێ کە خەڵکی کۆنی وێندەر لە نـەژادی سـۆمەری و خـەڵکی دەشـتی ئێـران بوونە، ئەم سەر زەمینە ماوەیەکی زۆر لە ژێر دەسەڵات و حوکمی (ختی، میـتنی، کاشـی) بوە، (مەبەست: گوتی، میتانی، کوسیە)، خەڵکەکەشی: (ختی ،میتنی) بوونە.

کتێبە پیرۆزەکانیش، باسی تۆفانەکەی نوح دەکەن، بـەگوێرەی فەرمایشـتەکانی قورئـانی پـیرۆز، کەشـتیەکەی نـوح لـە چیای جـودی و بـە قسـەی عیسـاییەکان لـە کێـوی ئـارارات گیرسـاوەتەوە. هەنـدێ کـەس جـودی و ئـارارات، بـە بۆنـەی گیرسـانەوەی کەشـتیەکەی نوحـەوە، بەیـەك کێـو دەزانـن، تەنانـەت قاموسـی (کتـێبی پـیرۆزش) وەرگێـڕان و دانـانی (مستەر هاکس)ی ئەمریکایی لەمەڕ وشەی ئارارات ئەم هەڵەیەی کردووەو نووسیویەتی: "ئەم کێوە بەرزە کە ئەرمەنیەکان میسیس، تورکەکان ئاگری داغ، ئێرانیەکان کێوی نوح، ئەوروپاییـەکان بـە زۆری ئـارارات و عەرەبـەکان جـودی پێـدەڵێن." لـە کاتێکـدا ئـارارات کەوتووەتـە سـەر مـەرزی ئێـران– سـۆڤیەت– تورکیـا، بـەڵام جـودی لـە بـاکووری موسـڵە، کەوتووەتە ناوچەی سەر سنووری تورکیا– عێراق.

هەردوو کێوەکە کەوتوونەتە خاکی گۆتیانی کۆن. مـن گەلـەك شـوێنەوارو نیشـانانم لەسـەر ڕێگـە شـاخاویەکەی ئـەرخ– شـەڕناخ، کـە نیشـتمانی کارداکانـەو کەوتووەتـە بـاکووری جودییـەوە، بینیـوە کـە دەشێت بکرێن بـە بەڵگـەی تۆفانەکـە، ئـەو دانەوێڵانـەی لـە کـاتی تۆفانەکـەدا کەتوونەتـە ئاوەکـەوە، پـاش نیشـتنەوەی تۆفانەکـە لەسـەر گڵەکـە مـاون و بـە تێپـەڕبوونی ڕۆژگـار بوون بـە بـەرد، تـا ئـەمڕۆش لـە شێوەی پارچـە خشـت و کەسـتەکدا ماون و دەکرێت ڕەگەزی دانەوێڵەکانیان لێوە بناسرێتەوە. یا ڕەنگـە ئـەم شـێوانە ئێسـکە پەیکەری گیاندارانی بچووك بن و لە نێو گڵ و قوڕەکەدا مابنەوەو بووبن بە بەردو میناکی دانەوێڵـە بێنـە بەرچـاو و بنـوێنن. بەڕاسـتی دەکرێـت بـوونی تۆفـان لـە ناوچـەی جودیـدا قەبووڵ بکرێت.

کێوی جودی، لە کۆچارەکانی شەڕناخ، ئەرخ، گویان، نزمترەو کەوتۆتە دەشتایی. ڕەنگـە لـە کۆسـارەکانی بۆتـان، شـەمدینان، ڕەوانـدوزدا، واتـە ئـەو کێـوە بەرزانـەی دەڕواننـە دەشـتی هـەولێر، جزیـرە، موسـڵ، هەنـدێ دەریاچـە هـەبووبن و لەگـەڵ بوومەلەرزەیـەکی

www.pertwk.com

توندا رووەو دەشت بووبنەوە. ئاوی دەریاچەکان لەگەڵ بارانی توندا بەرەو دەشتەکان چووەو خەڵك و ماڵاتی دەگەڵ خۆدا بردووە. حەزرەتی نوح کە دانیشتووی کۆجاڕ و سەرۆکی ناوچە بووە –ئەگەر دانیشتووی دەشت بوایە ئاو کەشتییەکەی بەرەو دەریا دەبردو بەرەو کێوی جودی، کە لە بەرزایی دەشتەکە دایە، نەدەبرد– دیارە هەستی بە مەترسی کردووە، بە کەشتییەکەی، کە لە دەریاچەکەدا بووە، خۆی و رەعیەتەکەی بردووەو گەییوەتە وشکایی و لە کێوی جودی گیرساوەتەوە.

لە راستیدا چۆمی رەواندوز، پاش تێپەڕ بوون لە شارۆچکەی رەواندوز، بە دۆڵ و خەرەندێکی قوڵا رەت دەبێت کە ئەمبەرو ئەوبەری تاوێرەو وادیارە ئەم خەڕەندە لە ئەنجامی بوومەلەرزەوە دروست بووەو رێی بۆ ئاو کردۆتەوە.

ئەمە لەگەڵ گۆشەنیگای ئەو مێژووانەدا کە (کیومرث) بە نەوەی نوح دەژمێرن تێکدەکاتەوە، چونکە تۆفانەکە لە خاکی گۆتیەکان هەستاوەو روویداوە.

(کیومرث) گوایە لە گیان و مردنەوە هاتووەو بە واتای ژیانی فانی لێکدراوەتەوە. لە کاتێکدا بە قەولی ئاوێستا ئەگەر یەکەمین خەلقەندە (گاو بەشەر) لە هەردووك بەری چۆمی (ودائیت) رەچاو بکەین، لەگەڵ ئەفسانەبوونیشیا، دەچێتە ئەقڵەوە (کیومرث) بە مانای (گاو پیاو) قەبوڵ بکرێ.

ئەگەر لە واتای وشەکان ورد ببینەوە وەکو چۆن لە فەسڵی یەکەمی ئەم کتێبەدا روونکراوەتەوە، رەنگە بەوە قاییل بین کە وشەی گوتی لە راستیدا لە (گیوتی)ییەوە هاتبێ، کە بڕگەی یەکەمی (گیو) مانای (گا) دەدات. ئەم حەیوانە لای دانیشتوانی زاگرۆس لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ کاری یەکجار گرنگی بۆ رۆڵەکانی ئەم قەومە ئەنجام داوە ئەنجام دەدا، جگە لە جووت و زەوی کێڵان، لە کۆچ و کۆچباردا هۆی گواستنەوەش بووە بۆ شتومەکیان لە گەرمیان کوێستان کردنیاندا.

بایەخی (گا) لای میللەتانی ئاریایی بە رادەیەك بووە کە کتێبە ئاینیەکەیان وای لە قەڵەم داوە کە گاو بەشەر پێکڤە و لە یەك کاتدا خەڵق بوونە.

ئەگەر سەرنجی لێکچوونی دەستووری زمان و هاوبەشیەتی هەندێ وشەی نەوەکانی قەومی گۆتی لەگەڵ زمانی تیرە گۆتیەکانی باکووری ئەوروپا بدەین و لە ئاستی ناوی هاوبەشی خودایانی کۆنی هەردوولایان بوەستین کە یەکێکیان (گوت) و ئەویتریان (گوتیوم) بووە کە ئەمڕۆکەش ئەڵمانەکان هەمان ناوی پێدەڵێن و کوردەکان (خودێ)ی پێدەڵێن و ئەم وشەیەش لە (گوتی) دەچێ ئەوا دەتوانرێ بگوترێ (گوت و گوتیەکان) لە زەمانێکی نەدیاردا لە یەك شوێن و بە ناوی یەکنەژادەوە ژیاون و پاشان لێکدی جودا بوونەتەوە.

هێرودۆت، لە باسی لەشکرکێشی داریوش بۆ سەر خاك و مەفتەنی سکایەکان لە تراکیەدا باسی وڵاتی گۆتەکان دەکات، ئەڵەمانەکانیش پێیان وایە گوتەکان خەڵکی کەنارێن دەریای رەش بوونەو لەوێندەرەوە بۆ باکوور کۆچیان کردووە. کیومرث بە

www.pertwk.com

(گیومەرز)ش هاتووە کە بە مانای پاشای زەمین و سنوور دێت. لێ ئەم ناوە زیاتر لە نازناو دەچێ تا ناو.

شانامە دەڵێت: (سیامەك)ی کوڕی (کیومرث) سەرداری لەشکر بووەو لە جەنگی دێواندا کوژراوە... لە راستیدا گوتیەکان لە ئاخرو ئۆخری سەدەی بیست و حەوتەمی پێش زایندا، لەگەڵ ئەکەدییەکاندا بەشەڕ هاتوون و لەو شەڕەدا سەرۆکەکەی خۆیان لە دەست داوە. لەبەردەنووس و کەتیبەیەکەدا لە شارکالی شاری (2711: 2688 پ.ن) نەوەی نەرامسین بە جێماوەو بە دەست هاتووە، وا دەگەیەنێ کە (شرلك)ی پاشای گوتیەکان بە دەستی ئەم پاشایە یەخسیر بووە. لەم شەڕەدا گوتیەکان هێرشیان کردووە، هەر چەندە سەرۆکی خۆیان لە دەست داوە، بەڵام هەر دەسبەرداری هێرشەکەی خۆیان نەبوونە و لە ئەنجامدا (بابل)یان خستوەتە ژێر رکێف و دەسەڵاتی خۆیان.

چونکە گوتیەکان دەستیان بە وڵاتگیری کردبوو لەم شەڕەدا (شرلك)ی پاشای خۆیان گوم کردبوو، و میللەت ناوی خستبووە گۆرانی و لاوژانەوە. بە تێپەڕبوونی رۆژگار (شرلك) بووە بە (سیامەك). لە شێوەزارە جۆراو جۆرەکاندا تیپە گۆڕکێ هەبووەو زۆر جار پیتی (س) بووە بە (ش)، (ی) بووە بە (ڕ) و (م) بووە بە (ل).

لە ئاوێستادا (سیامەك)ی کوڕی (مشیا) وەکو نەوەی (کیومرث) ئاماژەی بۆ کراوە..

شانامە دەنووسێت: (پاش کیومرث، هۆشەنگ بووە بە پاشا. ئەمەش لە ناوی (ئیکش هوش)ی پاشای گوتی دەچێت... لە ئاوێستادا ناوی ئەم پاشایە (هوشەنگە) و نازناوی (پرزات)ە. هوشەنگ کوڕی فرداك، کوڕی سیامەك، کوڕی مشیا، کوڕی (کیومرث)ـەو بە یەکەمین پاشای رووی زەمین زانراوە.

(پرزات) لە پەهلەوی دا (پشدات)ەو لە زمانی دەری دا (پیشداد)ـە. ئەو پاشایانەی کە دوای ئەوان هاتوون (پیشدادیان)یان پێگوتراوە.

بە قەولی شانامە پاش هوشەنگ، (طهمورث کورد) دێت کە دێوانی حەپس و بەند کردووەو لەمەوە لەقەب و نازناوی (طهمورث)ی دێو بەندی وەرگرتووە. وا دیارە ئەمە بە تواناترین پاشای گوی بووە.

گەورەترین پاشای گوتی ناوی (ئانری داپزیر) بووە، ئەم پاشایە قەڵەمڕەوی خۆی لە رادەبەدەر فراوان کردووەو گەییوەتە سنووری نارامسین. هەم کردارەکانی زۆر لە کرداری طهمورث چووەو هەم ناوەکانیانیش لێکدی چووە! وشەی (داپیزیر) لەگەڵ تێپەڕ بوونی رۆژگاردا گۆڕاوەو بووە بە (دپرز"، (دمرز)، (تەهـ مەرز)، طهمورث.. ناوی ئەم پاشایە لە ئاوێستادا (تخم اورپ)ـەو لەقەبەکەی (ئازینەونت)ە کە پاشان بووە بە (زیناوەند)و بە مانای چەکدارو پڕ چەك هاتووە. (تخم) مەعنای بە هێزو بازووە (ئازینە) دەبێ بە مانای ئاسن بێ کە تا ئەمڕۆش کورد (ئاسن)ی پێدەڵێن کە لەگەڵ (ئازن)دا یەکە.

www.pertwk.com

ئەمانــە پاشــایانی پاشــایانی دیــارو نــاوداری گوتیــەکان بوونــە کــە پێشــینەو نــاو و ناوبانگیان بووەتە وێردی سەر زاری وەچەکانی پاش خۆیان..
پاش (طهمورث)، (جەمشید) بووە بە شاو هەندێ سەرچاوانی مێژوویی (جەمشید) بە بـرای (طهمـورث کـورد) دەزانـن. ئـەبو حەنیفـەی دینـاوەری دەڵێـت: (جەمشـید) نـەوەی (ئەرفحشـد) بـووەو (ئەرفحشـد) بـرای (کیـو مـرت) بـوو. عەجـەم بـە ئێرانیـان گوتـووە (ئەرفحشد).
ناوی جەمشید لە ئاوێستادا بە (یم خشیتە) هاتووە. بناغەی ناوەکە (یم)ـە (خشیتە) دەبێ نازناو بێ یا ناوی هۆزو تیرە بێ. کوڕەکەی ناوی (وی ونگهونت)ـە. لە شوێنەوارە سانسکریتیەکاندا بە (یم وی وسنت) ناوی هاتووەو بە (نەمر) ناسراوە.. بەو قسەیەی ئەبو حەنیفەدا وادیارە ماوەیەك لە نێوان (طهمورث) و (جەمشید) هەبووەو لەو ماوەیەدا دەسـەڵات بـە دەسـتی نـەوەو نـەتیرەی برایـەکانی (کیـومـرث) کـەوتووە. چـونکە عەجـەم (بێگانە) بە ئێرانیان گوتووە (ارفحشد) دەبێ لـە سـەردەمی بڵاوبوونـەوەی وشـەی زمـانی ئارییان لە زاگرۆسدا بۆ جەمشید بگەڕێن.
لە کۆنەوە تـا ئـەمڕۆ نـاوی جەمشید وێـردی سـەر زاران بووەو شـوێنێکی مێـژووییش لـە ئێراندا هەیە پێی دەگوترێ تەختی جەمشید.
سەرچـاوە مێژوویـیـەکان دەنووسـن: جەمشـید بـە رادەیـەك سـنووری دەسـەڵاتی خـۆی فـراوان کردووەتـەوە، و دووچـاری غرورێکـی وەهـا بـووە داوای خوایـەتی کـردووە، خـوا زوحـاکی بـۆ نـازڵ کـردووە، سەرچـاوەکانی مێـژوو تەمـەنی جەمشـید بـە (700) سـاڵ دەقرسێنن.. دیارە حـەوت سـەد سـاڵ بـۆ تەمـەنی مرۆڤێك نـا ئاساییەو ناچێتە ئەقڵەوە، بۆیە دەبێ ئەم حەوت سەد ساڵە ماوەی دەسەڵاتدارێتی زنجیرە پاشایەك بێ نەك تەمـەنی تاقە کەسێك!.
لــە تیرەکــانی ئێرانــی رۆژئــاوادا، پــاش گۆتیــەکان، کوســیەکان ناویــان دەرکــردووەو ماوەیــەکی زۆر (بابـل)یـان خسـتووەتە ژێـر رکێفـی خۆیـان و بـە هاوکـاری گۆتیـەکان سنووری ئێرانیان گەیاندبووە سوریا... ئەم تیرەیە لە ساڵی (1896 پ.ز) دەستیان بە هێـرش بـۆ سـەر (بابـل) کـردووە. لـە سـاڵی (1749 پ.ز) (گانـدیش)ی پاشـای کۆسـی دەوڵـەتی (بابل)ی لـە نێـو بـردو خـۆی ناونـا پاشـای چوارنکالان. ئـەم پاشـایە لـە سـاڵی 1171 پ.ز) بە دەستی پاشای عیلام شکستی هێناو بۆ چیاکانی خۆیان پاشەکشەی کردووە.
دەوڵەتەکەیان کە نێوی (کاردونیاش) بووەو لە میزوپۆتامیا بووە، لە بەین چووە. سی و پێنج نەفەری ئەم تیرەیە لە (بابل)دا پاشایەتیان کردووە. گرنگترین پاشایان (اکوم کاك ریم) بووە کە هەموو ئەو شارانەی هیتیەکان پێشتر لە دەوڵەتی (بابل)یان داگیر کرد بوو، لێی سەندنەوە.

www.pertwk.com

بەم حەساوە (1896– 1171= 725 ساڵ) واتە ئەم تیرەیە (725) حەوت سەدو بیست و پێنج ساڵ حوکمڕانیان کردووە، کە ئەمە نزیکە لە حەوت سەد ساڵەکەی تەمەنی جەمشیدو بەم پێیە (578) پێنج سەدو حەفتاو هەشت ساڵ لەبابل ماونەتەوە. بە گوێرەی حیکایەتە پەهلەوییەکان، جەمشید سەد دانە ساڵ بە نهێنی ماوەتەوەو شەش سەدو شازدە ساڵ حوکمی کردووە. (بڕوانە: مجمل التواریخ) کە (38) ساڵی فەرقە لەگەڵ ماوەی دەسەلاتەکەیان لە بابل. خودایناموەی پەهلەوی دەربارەی نەورۆز دەنووسێت: "جەم فەرمانی بە دێوان دا کە تەختێك ئامادە بکەن، تەختەکەیان دروست کرد و خستیانە سەر شانیان و لە دەماوەندەوە بردیان بۆ بابل، خەڵکی کە ئەویان بینی لە ناو کەژاوەکەدا میناکی هەتاو دەدرەوشایەوە، سەرسام بوون، وایان زانی کە هەتاوی ئاسمانەو لە یەك رۆژدا دوو هەتاو هەڵهاتووە. ئەم رووداوە لە رۆژی هورمزدا، کە یەکەم رۆژی هەیڤی فەروەردینە، روویداوە. بەم بۆنەیەوە خەڵکی لە دەوری کەژاوەکە خڕبوونەتەوە و هەموو گوتوویانە ئەمە رۆژی نوێیە، واتە نەورۆزە!.

بەم روونکردنەوەیەدا ئەوە ساغ دەبێتەوە کە پایتەختی جەمشید (بابل) بوووە کە مەڵبەندی دەسەلاتی کوسی و کاسیتەکان بووە.

لەسەرڕێڕا نووسراوە کە کاسیتەکان –بەشێك بوونە لە کوسیەکان– لە ساڵی دوو سەدی پێش زایندا، لە شاخەکانی رۆژاوای دەریای خەزەرەوە بەرەو لوڕستان هاتوونەو لەگەڵ کوسیەکانی ئەوێ و بە هاوکاری گوتی و لولوکان پەلاماری (بابل)یان داوە. هەندێ وشەی نوێی ئاریان لەگەڵ خۆدا هێناوەو لە نێو تیرەکانی زاگرۆس دا بلاوبووەتەوە، یانی ئەوان ناوی ئاریان لە ئێراندا بلاوکردووەتەوە. ئەمەش دەگەڵ بۆچوونەکەی ئەبو حەنیفەی دیناوریدا کە عەجەم بە (ئەرفحشد)یان گوتووە ئێران تەواو تێك دەکاتەوە.

بە گوێرەی نووسینی (دلاپورت) ئەو کوسییە ئارییانەی کە لە بابل دا حوکمڕانیان کردووە، پەیوەندی و پەیوەستەگیان بە قەومی میتانیەوە هەبووە.

سەبارەت بەجیهانگیریی جەمشیدش:

سنووری رۆژاوای کوسیەکان پاش داگیرکردنی بابل و ڕاونان و دانە دواوەی هیت و میسرییەکان لەلایەن میتانیەکانەوە، بەنی ئیسرائیلیشی خستبووە ژێر دەسەلاتی خۆی. لە رۆژهەلاتیشەوە، کتێبی (ایران و اهمیتش در ترقی و تمدن بشر) کە لە لایەن زانا (پ.پ. بلسارا)وە نووسراوە دەڵێت: "لە شیکردنەوەی داب و نەریت و ڕوسوماتی ئاینی کۆنی (هیند– ئێران)ەوە دەرکەوتووە کە زۆر پێش داگیر کردنی هیند لەلایەن داریوشەوە پەیوەندی کۆنتر لە نێوان هیند– ئێران هەبووە. بەڵگەی پەیوەندی کۆنی نەژادی هەردووك تیرەکە، لێکچوونی زمان، داب و نەریت، باوەڕ و رێورەسمی ئاینیانە. لێکۆڵەرانیش هەموو لەمەدا یەك دەگرنەوە کە ئارییەکانی هیند لە نزیکەی ساڵی (1500 پ.ن) لە ئاریانی ئێران جیا بوونەتەوە، تەنیا زانا (سمیت) نەبێت کە ئەم سەردەمە نزیکتر دەخاتەوەو دەڵێت ئەم جیابوونەوەیە لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی

www.pertwk.com

پ.زدا روویداوە. کەباسی ئەم ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمە کراوەو، رەنگە یەکێك لە تیرەکانی ماد، بودینەکان بووبێ کە هەندێ سەرچاوەی مێژوو ئاماژەیان بۆ چوونە هندستانیان کردووە.. ساڵی (1500 پ.ز) دەورانی وڵاتگیری کوسیەکان بووە. دیارە لە رۆژهەڵاتیشەوە چوونەتە هندستانەوە، لە راستیدا سوێند خواردنی نەجیب زادانی میتانیەکانیش بەخوای (ایندو- اورون) پشتیوانی ئەم بۆچوون و لێکدانەوەیەیە.

کتێبی نێوبراو لە میانەی ئەو بەڵگانەوە کە هێناویەتیەوە دەڵێت: "جەمشید لە ئەفسانە کۆنەکانی ئێرانیاندا بە (یما) و لە هندیەکاندا بە (یاما) ناوی هاتووەو هەردوولایان بە قارەمانی نەتەوەیی خۆیانی دەژمێرن. ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیەکە کە جەمشید پاشایەتی هەردووك ناوچەکەی کردووەو بەدەستەوە بووە. بۆیە ئەم فراوانیە لەگەڵ باسی فراوانی سنووری دەسەڵاتی جەمشید لەو سەردەمەداو لەگەڵ وڵاتگیریی ئەودا گونجاوە. هەرتك کتێبی ئاینی (ڤیدا، ئاوێستا) بایەخی یەجگار فرەیان بەم پاشایە داوەو گەیاندوویانەتە پلەی جاویدانی و نەمری. لە شوێنەوارەکانی سانسکریت دا بە یەکەمین پاشای ئاریان ناسراوە. لە راستیدا لەو سەردەم و رۆژگارەدا پاشایانی کاسیت ناوی ئاریان لە دنیادا بەرز کردووەتەوەو بەر لە هەموو کەسێك ئاریان بە دنیا ناساندووە.

لە کۆنەوە ئەوەمان بیستووە کە جەمشید، جەژنی نەورۆزی داهێناوە. ئەگەرچی هەوەڵی ساڵی هەتاوی کە هەمیشە رێکەوتی ئەو رۆژەیە کە هەتاو دەچێتە بورجی (حەمل)ەوە، لە ساڵی (471 کۆچی)دا عومەری خەیام دایناوە. بەڵام هەر لە کۆنەوە هەوەڵی ساڵ کراوە بە جەژن و عومەری خەیامیش دەڵێت جەمشید دانەری ئەم جەژنەیە.

لە سەرێڕا باسی پەیدا بوونی نەورۆزم کردبوو، بەر لە ساسانیەکان هەوەڵی ساڵ، لە مانگی میهردا -سەرەتای جەژنی مهرەگانی ئەمڕۆ- دەکرا بە جەژنی نەورۆز، واتە جەژنە سەرەتاوسەری ساڵ. (میهر) لە (میترا)وە هاتووە کە ناوی یەکێك لە خوایەکانی کاسییان بووە.. بەم جەژنەیان دەگوت (میترا) لەگوینە بە تێپەڕبوونی رۆژگار بووبێ بە جەژنی (میت) ئەوجا (جەمشیت) و پاشان (جەمشید)و کرداری پاشایانی کوسییان بە ناوی جەمشیدەوە تۆمار کردووە.

وشەی (میترا) لە دوو بڕگە پێکهاتووە، یەکیان (میت) و ئەویتریان (را)یە، لە سیفەتی (زەرتوش را) کە نازناوی پێغەمبەری ئێرانی بووە، خۆیایە (را) بەمانای هەتاو بوو کە ئەمڕۆش کورد (رو)ی پێدەڵێن.

میترا، لە ئاوێستادا فریشتەی روناکی و جەنگو ئیزەدانی گەورەیە (میث، میت)ش ناوی خوا بووە، کە بەم حەساوە (میترا) دەکاتە خوای هەتاو. قامووسی کتێبی پیرۆزیش وشەی (میترا)ی بە واتای خوای هەتاو لێکداوەتەوە.

1- ئەو روونکردنەوەیەی کە دەربارەی جەژنی نەورۆز لە خودانامەوە وەرگیراوە، بەڵگەی ئەمەیە کە جەژنی نێوبراو پەیوەندی بە هەتاوەوە هەیە، (جەمشید)یش

www.pertwk.com

نێوی خۆی لەم جەژنەوە وەرگرتووە. خەڵکی کە لە کەژاوەکەدا دیتویانە، بە هەتاویان شوبهاندووەو پێیان گوتووە (میترا) و جەژنەکەشیان ناو ناوە (میترا)، رەنگە هەر ئەم وشەی (میت)ـە بووبێتە سەرچاوەی ئەو ئەفسانەیەی کە جەمشید داوای خوایەتی کردووە. ئەمڕۆش لە نێو کوردا (میت) ناو هەیە کە (متۆ)ی پێدەڵێن.

2- یا وشەی کاسیت کە ناوی ماڵبات و شۆرەتی پاشایەك یا ناوی تیرەیەکی کوسەکان بووە، لە وشەی (خشیتە) چووەو پاشان گۆڕاوەو بووە بە (کاسیت، جاسیت، جەمشید).

3- ئەوەی لە هەموویان دروست تر دێتە بەرچاو ئەوەیە کە ئەو پاشایەی (کاسیت) کە بابلی گرتووە نێوی (گاندیش) بووە. کورد بە تیشك دەڵێن (تیژ، تیش) و هەندێك (تیرێژ)ی پێ دەڵێن... دەبێ لە کۆنیشا (دیش، تیش) بووبێ و لە ناوی (کاندیش، فروریتش)ەوە هاتووە. چونکە لە فارسیدا (دیش) بووە بە (شید) و (کاندیش) بووە بە (کان شید) و پاشان بووە بە (جان شید) و بەتێپەڕبوونی رۆژگار (یم خشیتە) لە رووی لیکچوونەوە بە (جەم شید) تەلەفوز کراوە. لەوەیە (گان دیش)، (گیان دیش) بوو بێ کە مانای (روحی تیشك) بووەو هەر بەم بۆنەیەوە جەمشید بە بووەنەوەرێکی نەمر ناسراوە.

راستە کە (یما) چ لێکچوونێکی لەگەڵ (کاندیش) نیە، بەڵام دەبێ ئەوە رەچاو بکرێ کە ئەوەی لە کتێبە پیرۆزەکانی ئارییاندا (ئاوێستا و ڤیدا) لەمەڕ (یما) نووسراوە، زۆر جیاوازە لە (جەمشید)ی خوداینامە و شانامە و سەرچاوە مێژووییەکانی دی.
زۆربەی ئەفسانە ئێرانیەکانی وەك: جەمشید، زوحاك، فەرەیدون، گرشاسپ.. و، لە ئەفسانانی هندو روم و یەهود و تەنانەت (چین)شدا بەناوی دیکە و ناوانی نزیك لە یەکترەوە هەن. بۆیە ناکرێ ئەمانە بە شێوەیەکی ڕەها بدرێتە پاڵ پاشاکانی ئێران. بۆ نموونە ئەفسانەی (یم و یما)ی هندو ئێرانی، لە یونان پێی دەگوترێ (پلوتو). هەروەها ئەفسانانی هاوشێوەی ئەفسانەی زوحاك لە نووسراوانی یەهودی و مەسیحی دا بەشێوەیەکی دی هەیە.

دەربارەی گرشاسب، زاڵ و رۆڵەکانی، جەنابی (سیرکویەجی) لە ساڵی 1928دا، وتارێکی لە گۆڤاری (اشیاتیك سوسایتی بنگال)دا نووسیوە و پێی وایە ئەم پاڵەوانانە لە بنەڕەتدا چینی بوونە. نووسەری نێوبراو پاڵەوانە ئەفسانەییەکانی ئێران و چینی بەراورد کردووە و لەم بارەیەوە نووسیویەتی کە ئەفسانەی (گرشاسب)ی ئێران و (yi) کە پاڵەوانێکی چینییە لێکدی دەچن، هەروەها چینیەکان (لی چنگ) و (نوچە)یان هەیە کە لە رۆستەم و زۆرابی ئێران دەچن.
جەنابی عەباس خان محەمەد عەلی شوشتەری لە بەرگی دووەمی (ایران نامە یا کارنامە ایرانیان در عصر اشکانیان)دا پاش ئەو روونکردنەوەیەی سەرەوە

www.pertwk.com

دەنووسێت: ((ئەم جۆرە بەراوردە دەشێت لە نێوان پاڵەوانانی هیند و ئێران، و بگرە (یۆنان و ئێران)شدا بێتە کرن. لێ ناتوانرێ ئەوە دیاری بکرێ کە کامیان پێشتر بووە.))

بەم پێیە وەکو نووسیومە، مێژوونووسان کەسایەتیە مێژووییەکانیان بە پاشا ئەفسانەییەکان شوبهاندووە و مێژوویان رێك خستووە.

چونکە پاشایانی (کاسیت و میتان) واتە کوسیەکان لە هەموو قوڵێکەوە سنووری دەسەڵاتی خۆیان فراوان کردووە، چونکە کارەکانی ئەوان لە کاری (یم خشیتە) چووە پێیان گوتوون جەمشید و ماوەی وڵاتگیری ئەم تیرەیەیان کە بە راستی نزیکەی حەوت سەد ساڵی خایاندووە، بە تەمەنی جەمشید تۆمار کردووە.

هوم پشت ئاوێستا، دەربارەی ژیانی سەردەمی جەمشید دەنووسێت: (لە سەردەمی پاشایەتی (یما) دا گێتی نە زۆر سارد بووە نە گەرم، لە نێو خەڵکی دا نەپیری هەبووە نە مردن، نە بەغیلی و حەسودیی دەستکردی شەیتان هەبووە. باب و کوڕ کە پێکەوە رێیان کردووە بە رواڵەت هەردووکیان وەکو دوو گەنجی پانزە ساڵان دیار بوونە. ئاسایش و بەختەوەری لە سەردەمی پاشایەتی (یما)دا بەو جۆرە بووە. (بڕوانە: کتێبی مزدیسنا پشتها، پورداود) کتێبی (ئاوێستا زمبادپشت)ش دەنووسێت: ((جەمشید زەمانێکی زۆر بە بەختەوەری و شادی ژیا، دەسەڵاتی بەسەر حەوت قارەی زەوی و هەموو بەشەران و دێواندا گرت تا لە راستی دوور کەوتەوە و درۆی کرد بە پیشە، ئەو جا فەڕی ئیزەدی لێ دوورکەوتەوەو لە شێوەی باڵندەیەکدا فڕی و ئاوێتەی خۆر بوو. جەمشید پەریشان و ئاوارە بوو. لە ئەنجامدا گیرۆدەی ئەژدەهاك بوو. سپیت یورە (spityura)ی برای- برای جەمشید- بەهەڕە جەمشیدی لەتکرد. (بڕوانە: کتێبی: مزدیسنا پشتها, پورداود). لەوەیە رووداوەکانیش تاڕادەیەك ئەمەیان سەلماندبێ. واتە پاش تێشکانی کوسییەکان لە بابل، بەشێوەی پاشاگەردانی کەوتبێتە نێو ئەم میللەتەو براکوژی بەرپابووبێ و دژمن سوودی لەو بارودۆخە وەرگرتووە و بە تەواوەتی سەڵتەنەت و دەسەڵاتدارێتی کوسییەکانی لەبەین بردووە.

هەموو سەرچاوە مێژووییە کۆنەکان لەو باوەڕەدان کە زوهاك ئێرانی نەبووە، بەسەر جەمشید سەرکەتووە و ئێرانی خستووەتە ژێر رکێفی خۆی. هەروەها ئەوە نیشان دەدەن کە تەمەنی زوهاك هەزار ساڵ بووە. ئەمەش وەکو تەمەنەکەی جەمشید، دەبێ ماوەی دەسەڵاتی بێگانان بەسەر کوسییەکانەوە بێ، کە لە راستیدا ماوەیەکی دیاریکراوی نەبووە و لە حاڵی هەڵکشان و داکشاندا بووە. هەرچەند ئەو پاشایەی کە لە ساڵی (1171پ.ن) پەمالاری بابلی داو بابلی داگیرکرد (کوتیر ناحونتە) کوڕی (شوتروك ناحونتە) بوو، بەڵام ئەو کەسەی پاش هاتنە سەر تەخت، عیلامی خاکی کوسیەکانی بە تەواوی داگیر کردو بە یەکجارەکی حکومەتی کوسی لە نێو بردو لە

www.pertwk.com

ساڵی (1154 پ.ز)دا سەڵتەنەت و دەسەلاتی ئاشورەکانیشی لە نێو برد (شیلهاك ئەینشوشناك)ی برای (کوتیرناحونتە) بوو، کە بوو بوو بە پاشای شوش، کوسی و ئاشور. پاش عیلامیەکان، ئاشوریەکان هێزو توانایەکیان پەیدا کردو کەوتنە پەلاماردانی ئێران. بەم پێیە دەبێ پاشایانی عیلام و ئاشور بە زوحاك بزانین. (شیلهاك ئەینشوشیناك) کە پاشایەتی کوسیەکانی گرتبووە دەستی خۆی بەرەبەرە و بە تێپەڕ بوونی رۆژگار لە بەیت و لاوژاندا کورت بووەتەوە و بووە بە (شهاك، شیناك) و لەبەر زوڵم و زۆرداری و چونکە (شهاك) لە (زهاك، زیاك) چووە، گۆڕاوە بۆ (زهاك– شیناك) و پاشان بووە بە (زهاك شونەك) کە لە کوردیدا بە واتای (ئەژدیهای سەر شان دێت).

کورد تا ئەمڕۆش بە ئەژدیها دەڵێن: (زها، زیا) و (زهاك) واتا یەك ئەژدیها و (شونەك)ش لە کوردیدا بە یەك شان دەگوترێ. ئیدی بەمجۆرە ئەفسانەی مارەکانی سەر شانی زوحاك دروستبووە. تا ئەمڕۆش ئەگەر کورد بیانەوێ وەسفی کەسێکی موزیر بکەن دەڵێن: مرۆۋ نییە، زوهاکە، یانی بەشەر نییە، ئەژدیهایە، ماری گەورەیە. جا چونکە ئەو سوڵتانە بێگانانە لە زوڵم و زۆرداری دا پێشبرکێی یەکتریان دەکرد، میللەت بە هەر هەموویانی گوتووە (زهاك) واتە ئەژدیها. لە راستیدا زوڵم و زۆری پاشایانی ئاشورش لە مێژوودا خویایە. گاڤێ بەسەر دژمندا سەرکەوتبان، لە کەللە سەری بڕاوی دیلان، ئەگەر ژن و مندالیش بوایەن چەندین قەلایان دروستکردووەو تەڕیان بڕیوەتەوەو وشکیان سووتاندووە، هەر کەسێکیش لە قەتڵ و عام دەرباز بوایە لەگەڵ پەزو مالاتدا بەدیلی دەیانبرد.

بۆ نموونە ئاشور پانیپاڵ پاش داگیر کردنی ئیلام نووسیویەتی: "خاکی شاری شوشان، شاری ماداکو" و شارانی دیکەم بە تەواوی هێنایە ژێر رکێفی ئاشوریان و لە ماوەی یەك مانگ و یەك رۆژدا هەموو ولاتی ئیلامم داگیر کردو گسکم لێدا. من ئەم ولاتەم لە تێپەڕینی پەزو مالات و تەنانەت ئاوازی مۆسیقاش مەحروم کردو رێگەم بە دڕندەو مارو جانەوەران و ئاسکی دەشت دا کە بۆ خۆ ئاوەدانی بکەنەوە...".

پاشایانی ئاشور لە کەتیبەو بەردەنووسەکانی خۆیاندا شانازی بەوەوە دەکەن کە زمانی هەزاران دیلیان دەرهێناوە و چەندین تەپەو گردیان لە کەللەسەری بڕدراو دروستکردووە. ئەم پاشایانە منداڵی دیلەکانیان لە ئاوردا دەسوتاند.

دیارە هەر بە هۆی ئەم دڵڕەقی و رەفتارە زبرو توندنەوە بووە کە بە ژمارەیەکی کەمەوە هاتوونەتە ولاتی گوتیەکان، و خەڵکی ناوچە داگیرکراوەکەیان کردووە بە پاشکۆی خۆیان و ملیان پێ کەچکردوون. سەرچاوانی مێژوو، مەڵبەندی زوحاك بە (بابل) دەزانن و لە راستیا پاشای ئیلام لە بابل، دەوڵەتی (کاردونیاش)ی لە نێو بردووەو ئەم مەڵبەندە مێژووییە گرنگەی داگیرکردووە.

www.pertwk.com

بەمەدا بە دیار دەکەوێ کە میللەتی ئێران لە سەردەمی زوحاکدا کوسییەکان بوونە. جا چونکە شانامەش، کوردەکان بە میللەتی جەمشید دەزانێ و ئەم بۆچوونەش لەگەڵ بۆچوونی ئەو توێژەرانەدا کە کوسییەکان بە باپیرانی کورد دەزانن، تێك دەکاتەوە، شانامە دەربارەی کوردەکان دەڵێت:

(ڕەوا بوو هەر شەوێ دوو پیاوی گەنج —چ گەداو چ پاڵەوان، ئاشپەز دەیبردە دەرباری شا– دەیکردن بە دەرمانی چارەی شا، دەیکوشتن و مێشکی دەردەهێنان دەیکردنە خۆراکی ئەژدیها...).

ئەرمایل و کەرمایل، دوو وەزیری زوحاك بوون، ئەمانە چارەیەکیان دۆزییەوە، هەموو جارێ یەك لەو دوو لاوەیان ئازاد دەکردو ڕەوانەی کێویان دەکرد و لە جیاتی مێشکی ئەو، مێشکی مەڕێکیان دادەناو بەو لاوەیان دەگوت: (وریابن لە ئاوەدانیان نەبن —هەر کێوو دەشتە بەشتان، بەمجۆرە هەر مانگێ سی لاو– لەو لاوانە دەبوو ڕزگاریان، کە بوون بە دووسەد —ئیدی کەس نەی دەناسین، ئاشپەز بڕێ مەڕو بزنی دانێ– و ڕێی دەشتیان گرتە بەر، کوردی ئێستا نەوەی ئەوانەن —و بیری ئاوەدانی ناکەن، ماڵ و سامانیان پەلاسە– چاو قایمن لە خواش ناترسن.)

شانامە دەڵێت کاوەی ئاسنگەر ڕاپەڕی، زوحاکی کوشت و فەریدەوونی کرد بە پاشا.

عومەری کوڕی خەیام، لە نەورۆزنامەکەی خۆیدا دەڵێ فەرەیدونی کورد، ئەو ڕۆژەی کە زوحاکی بەدیل گرت، ئێرانی لە شەڕی ئەو خەلەساندو ئەو ڕۆژەیان کرد بە جەژن.

(موریەر) نزیکەی سەدو پەنجا ساڵێك لەوە پێشتر نووسیویەتی: "لە ڕۆژی 8/31دا خەڵکی دەماوەند بە یادی ڕزگار بوونی ئێرانیان لە زوڵم و زۆری زوحاك، جەژنیان گرتووەو بەم جەژنەیان گوتووە (جەژنی کوردی) ئەم ناوە بەڵگەیە کە میللەتی ئێرانی سەردەمی جەمشید و زوحاك باپیرانی کوردەکان بوونەو (دەماوەندییەکانیش کە باوباپیرانی خۆیان بە کورد زانیوە. ناوی ئەم جەژنەیان لە باوانەوە بۆ ماوەتەوە و پێیان گوتووە جەژنی کورد.

(عەلی ئەسغەری شەمیم هەمەدانی)ی نووسەری کتێبی کوردستان، لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێت: "لە نێو کوردانی باکووریی ئێراندا جەژنێك هەیە بە ناوی (جەژنی کوردی) کە بە ڕێوڕەسمی تایبەتی و بە یادی نەمانی زوڵمی زوحاك و گیرۆدە بوونی بە دەستی فەرەیدوون، بەرپا دەکرێت. ڕەنگە ئەمە بەڵگەیەك بێ بۆ دروستی نووسینەکانی ناو شانامە".

لە کوردستانی تورکیاشدا ئەم جەژنە دەگێڕدرێت و جەژنی (تول دان)ی پێدەڵێن. (تول دان) سووك کراوەی (تول هەڵدان)ە کە لە زمانی کوردیدا بە مانای تۆڵە ئەستاندنە. واتە ئەو ڕۆژەی کە تۆڵەی خۆیان لە داگیرکەرانی تەخت و تاجی

میللەتی خۆی وەرگرتووە. یانی حاکمی بێگانە بە دەستی سەرۆکەکەیان –ئێمە پێی دەڵێین فەرەیدوون– گرفتار بووە جەژن دەگێڕن و ناوی جەژنەکەشیان بە زمانی خۆیان ناوناوە (تول هەڵدان).
پاش ئیسلام بۆ وەی لەگەڵ ئاینە تازەکەیان بگونجێ پێیان گوتووە (خدر پێغەمبەر) چونکە حەزرەتی خدر لە کاتی سەختی و دژواریدا بە فریارەس ناسراوەو وایان تەسەور کردووە لەو شەڕی تۆڵە سەندنەدا فریایان کەوتووەو یارمەتی داون.
لەو شەوەدا، لە هەموو ماڵێکا بۆ ڕێزگرتنی فریارەس دوو چرا هەڵدەکرێ و تا بەیانی ناکوژێنرێتەوە تا فریاڕەسەکە سەریان بداو فەڕو بەرەکەت بە ماڵەکە ببەخشێت. ئەرمەنیش کە هاوخاکی کوردستان بوونە لەگەڵ کوردەکانداو لە هەمان ڕۆژدا ئەم جەژنە دەگێڕن. تەقویمەکانی ئەرمەنی بەوە دەڵێن (دیانت ئاراج) و عەوام پێی دەڵێن (طراندان) و بە جەژنی ئێزیدیانی کوردی دەزانن. (ئێزیدی) تیرەیەکی کوردە کە پتر لە تیرەکانی دی پابەندی بیروباوەڕی ئاینی کۆنی خۆیانن. کوردەکان بە خۆشیان بەم تیرەیە دەڵێن (ئێزیدی) و میللەتانی دی وشەکەیان شێواندووەو (یەزیدی)یان پێ دەڵێن. مەڵبەندی ئەم تیرەیە سنجارە، کە کەوتووەتە باکووری ڕۆژاوای شاری موسڵ و یەکێکە لە قەزاکانی ئەم شارە. کوردەکان پێی دەڵێن (شنگار). قاموسی کتێبی پیرۆز ئەوە نیشان دەدا کە بابل ناوی شنغار بووەو شوێنی نەمرود بووە.
ئینگلیزەکان لە ساڵانی 1924– 1925دا لەسەر مەسەلەی موسڵ لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا کێشەیان هەبوو. چارەسەری مەسەلەکەیان بە کۆمەڵەی نەتەوەکان سپاردو شاندێك لە نوێنەرانی دەوڵەتانی بێلایەن کرا بە سەرپەرشتیاری چارەسەری مەسەلەکە. قەرار بوو کە مەسەلەکە بە گوێرەی حەزو ویستی دانیشتوانی دەڤەرەکە چارەسەر بکرێ. وەفدەکە پاش گەڕان بە نێو خەڵکەکەدا و وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی دانیشتوانی ناوچەکە لە 1925/7/16دا ڕاپۆری خۆی دایە لایەنانی پەیوەندیدار. لەو ڕاپۆرەدا دەربارەی ئێزیدیەکانی ئاکنجی شاری شەنگار نووسی بوویان: "ئێزیدیەکان باوەڕیان وایە لە بەهەشتدا بە کوردی قسە دەکرێت، خوا قورئانی پیرۆزی بە کوردی ناردووەتە خوارەوەو محەمەد دروودی خوای لێ بێ بە عارەبی بڵاوی کردووەتەوە. ئەم تیرەیە بە زمانی کوردی عیبادەتی خۆ دەکەن...".
شاپووری یەکەم لە بەردەنووسێکدا کە لە حاجی ئاوا دۆزراوەتەوە بەمجۆرە باسی خۆی دەکات: "من هرمز شاپووری خوا پەرستی ڕۆڵەی خوام و شاهنشای ئێران و (واتیران) کە ئەم جەژنی (تول دان)ـە لە عێڵی کرمانج (چارکها) باشتر دەگێڕین.."
لە کوردستانی باکووردا، لەو شەوەدا، هەر کەسەو لەسەر بانی ماڵی خۆی، یا لە شوێنێکی بەرزدا ئاگر دەکەنەوە. ئەو دارە درێژو وشکانەی کە بۆ ئەم بۆنەیە ئامادەی دەکەن، سەرێکی لە نەت یا ڕۆنگەرچەك هەڵدەکێشن و ئاگری پێوە دەنەن،

www.pertwk.com

و سـەرەکەی تـری بـە دەسـتەوە دەگـرن و بـە چـوار دەوری خۆیانـا بـای دەدەن و دەیسـوڕێنن. بـەم رەفتارانـە دەردەخرێـت کـە کودەتایـەک دژی زوحـاک کـراوە. ئـاگر کردنەوە لەسەر بان و سوڕاندن و بادانی ئاگرەکەش نیشانەی راگەیاندنی راپەڕین بـووە.. چـونکە لـە کۆنـدا دەزگـای پەیوەنـدی خێـرای مینـاکی تەلـەفۆن و تەلـەگراف نـەبووە، بۆیـە لـە جیـاتی ئـەو دەزگایانـە لـە شـوێنی بـەرزدا ئاگریـان دەکـردەوە. کـە گـەرەکیان بوایـە لـە یـەک کاتـدا کارێـک لـە هـەموو وڵاتـدا ئـەنجام بـدەن، دیـدەوانی مەرکـەزی شـار ئـاگری هەڵـدەکردو دیـدەوانی شارۆچکەو دێهاتـەکان هـەمان کاریـان دەکردو بەمە یەکتریان ئاگادار دەکردەوە.

لـە سـەردەمی حکومـەتی مەروانیەکانـدا عێڵـی زیـلان کـە زوڵـم و زۆری حاکمـانی مەروانی پەرێشـانی کردبوون، بۆ لـە نێو بردنی ئـەوان –واتـە مەروانیـەکان– هـەمان کاریـان لەگـەڵ کـردن کـە (هوخشـترە) دەرهـەق بـە سـەرانی سـکاکانی کردبـوو. یـانی ئـەوانیان، کـە هەشـتا سـوارە بـوون و هـاتبوون سـەردانی عێڵـی زیـلان بکـەن، لـە ماڵەکاندا دایان مەزراندن و بە گوێرەی قەرارێکی بەینی خۆیان، شەوێ لە سەر بانی ماڵی سەرۆک عێڵ، لێفەیەکیان لە رۆنگەرچەک هەڵکێشا بوو و ئاگریان تێ بەردا بوو. هەر کە ئاگرەکە بینـرا، هـەر کەسـەو لـە ماڵی خۆیدا میوانەکەی خۆی کوشت و لە ئاگری سێیەمدا هەموو باریان کردو بەرەو باکوور کۆچیان کرد. خودی حاکمیش کە لـە مـاڵی سـەرۆک عێـڵ دەبێـت، وەختـێ دەیانـەوێ بیکـوژن، خـۆی دە عـەماری ئازوقـە دەهاوێ و لەوێندەر دەیگرن و دەیکوژن. هەر لەبەر ئەمەیە ماڵباتی سەرانی زیلان تا ئەمڕۆش هەر (کولین بە خوێن)یان پێدەڵێن.

بـەر لـە یەکـەم جـەنگی جیهـانی، لـە رۆژی 2/14دا کـە رێکـەوتی 12/18ی هەتاویـە، جـەژنی (تـول دان)یـان دەگێـڕا، ئێسـتا لـە 11/25ی هەتاویـدا ئـەو جەژنـە دەگێـڕن. هۆیەکەشـی ئەمەیـە کـە دەوڵـەتی عوسمـانی تـاریخی رومـی بـەکار دەهێنـا کـە دوانـزە رۆژ لە دوای تاریخی فەڕەنگی بوو. لە سەردەمی یەکەم جەنگی جیهاندا، بۆ ئەوەی لەگەڵ دۆستەکانی خۆیدا: ئەڵمان و نەمسا، لە مێژووەکاندا بە هەڵە نەچن، مێـژووی فەڕەنگی ئەورووپایی قەبوڵ کردو سیازدە رۆژی هێنایە پێشـەوەو رێکەوتی 2/14 و 15ی بەهمەن بووەوە.

سەبارەت بە جیاوازی زۆری رۆژی (جەژنی کورد)ی دەماوەند و جـەژنی (تـوڵ دان)ی کرمانج، دەبێ بگوترێ کە دەماوەندیەکان کە لـە رۆژی 8/31 جـەژنیان دەگێڕا، ئـەم رۆژە رێکـەوتی 6/9 ی هەتاوییـەو لـە جـەژنی نـەرووزی کـۆن کـە لـە 7/1ی هـەتاوی بووە، بیسـت و دوو رۆژ پێشتر بووە، واتـە رێکـەوتی سـەرەتاکانی دوا مـانگی سـاڵ بووە.جەژنی (تول دان)ی کرمانج کە لـە 12/8ی هـەتاوی بـووە، بـە حەسـاوی ئـەمڕۆ دیسـان بیسـت و یـەک، بیسـت و دوو رۆژ بـەر لـە جـەژنی نـەورۆزە. واتـە ئـەمیش رێکەوتی سەرەتاکانی دوا مانگی ساڵ دەکات.

www.pertwk.com

لــە ســەردەمی کۆنــدا حیســابێکی وردو ڕێکــوپێکی لــە کایــەدا نــەبووە. جــەژنی ســەرکەوتنی (فەرەیــدوون)یــان بــە بیســت و یــەك ڕۆژ بــەر لــە ســەری ســاڵ دەزانــی. بەرانبەر بە گواستنەوەی جەژنی سەری ساڵ بۆ مانگی یەکی ساڵی هەتاوی، جەژنی (تول دان)یش گوازراوەتەوە بۆ مانگی دوانزەی هەتاوی، دیسان بیست و یەك ڕۆژ کەوتووەتە پێش جەژنی نەورۆزەوە. چونکە بەڵگە و ئاسەوارەکانی پەهلەوی ئەوە نیشاندەدەن جەژنی گەورەی میهرەگان بە یادی سەرکەوتنی فەرەیدوون بەسەر زوحاك دا بووە، بۆیە دەشێت بگوترێ کە لە سایەی تێپەڕ بوونی ڕۆژگارو گۆڕانی مێژووی سەری ساڵ، ئەم جەژنە میللییەی کوردیش گۆڕانی بەسەر هاتووەو ئەو سەرکەتنە گەورەیەی ئاریانی (ئێرانی) ڕەنگە لە هەیڤی شەش و حەوتی هەتاویدا بووبێ.

جەژنی (دەرا مەزنان)یش کە لە شەوی 10/16ی هەتاویدا بەرپایان دەکرد، بۆ سەردەمی فەرەیدوون گەڕاندووتەوە. (دەرا مەزنان) زاراوەیەکی کوردیە و بە مانای (دەرگای گەورەکان) دێت. زەردەشتیەکان لە ڕۆژی 11/10ی هەتاویدا، وەختی زەردەپەڕی خۆراوا ئاگرێکی گەورە دەکەنەوەو جەژن دەگرن. ئەم جەژنە ناوی (سدە)یە. بە باوەڕی پارسیانی کۆن لەم ڕۆژەدا هوشەنگ ئاگری دۆزیوەتەوە، هەروەها لەو ڕۆژەدا بووە کە فەرەیدوونی کورد بەسەر زوحاکدا سەرکەوتووە. نزیکەی یەك مانگ فەرق هەیە لە نێوان تاریخی زەردەشتیەکان و جەژنی (تول دان)دا. جگە لەوەی کوردەکان تەنیا (جەژنی تول دان)ی پێدەڵێن، بەلاّم زەردەشتیەکان ئەم ڕۆژە هەم بە ڕۆژی دۆزینەوەی ئاگر لەلایەن هوشەنگەوەو هەم بە ڕۆژی سەرکەوتنی فەرەیدوونیشی دەزانن.

لە ڕۆژی جەژنی (تول دان)دا کوردەکان دەچنە ماڵی یەکدی و پیرۆزبایی لێکدی دەکەن. لەوەیە ئەم جەژنی (تول دان)و (جەژنی کورد)ی دەماوەندەکان بەو بۆنەیەوە بێ کە (هوخشتر)ی پاشای ماد لە یەك شەودا هەموو سەرانی سکایەکانی لە نێو بردو وڵات و دەسەلاّتی خۆی لە دەستی وان ڕزگار کرد.

مەسەلەی کاوەی ئاسنگەریش هەم لەم جەژنەوەو هەم لە درەفشی کاویانیەوە، کە لە جەنگی قادسیەدا فەرماندەی عارەب، سەعدی کوڕی وەقاس لە دەستی ئێرانیەکانی دەرهێناوەو داویەتیەوە بە خەلیفە، دەردەکەوێ کە بنەمایەکی هەیە. ئارامیەکان لەو ساڵانەدا هاتبوونە ئاشورستان و ئێرانیەکانیش سوودیان لەمە بینیوەو بە کودەتایەك ئاشورییەکانیان لە نێو خۆیاندا دەرپەڕاندووە. بە هەر حاڵ تۆڵەیەکی چاکیان سەندووەتەوە کە نەوەکانیان، واتە میللەتی کورد ئەو جەژنە تا ئەمڕۆش دەگێڕن و ناویشیان ناوە جەژنی (تۆڵە سەندن).

فیردەوسی دەربارەی ڕەگوڕەچەڵەکی (فەرەیدوون) لە زمانی داکی فەرەیدوونەوە دەڵێت: "تۆ بزانە لەسەر زەمینی ئێران –پیاوێك هەبوو بە ناوی ئابتین، و ڕیاو لە

www.pertwk.com

ڕەچەڵەکی پاشایانی کیان بوو- پاڵەوانێکی زرینگ و بێ ئازار بوو، لە ڕەچەڵەکی تەهمورثی کوردی بوو- باب و باپیرانی خۆی دەناسین".

لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە نەوەی داپیزیری پاشای گوتی بووە، بەم حیسابە فەرەیدوون کوڕ یا نەوەی جەمشید نەبووە. واتە لە بنەماڵەی پاشایانی کاسیت نیە.

*　　*　　*

ناوی فەرەیدوون لە ئاوێستادا (ترایتیون) لە (ڤیدا)دا (ترایی تنە)یە. لە نووسراوانی پەهلەوی دا بە (فریتون) تۆمار کراوە. ئاوێستا نیشتمانی (ترایتیون) بە (ڤرن) دەزانێ و مێژوونووسان (ڤرن) بە دیلمان، گەیلان زانیوە.

کتێبە کۆنەکان، مازندەران بەجێی دێوانی یاخی دەزانن و تەنانەت لە (مینورک خرت)دا ڕاگەیەنراوە کە "فەرەیدون" پاش گرتنی زوحاك، لە دێوەکانی مازندەرانی داوەو لە وڵاتی (خنیرس) وەدەری ناون.

لە کوردستانی تورکیادا، قەڵایەکی کۆن هەیە تا ئەمڕۆش هەر ناوی (خنس)ە، کەوتووەتە نزیکی موش- مەڵبەندی موشکییەکان- کە کەوتووەتە بەشی ڕۆژئاوای دەریاچەی هیوسرەوە، واتە دەریاچەی -وان- تۆ بڵێی ئەم ناوە (خنیس) لە (خنیرس)ەوە هاتبێ و (خنس)ش لە دەوروبەری دەریای خەزەر نەبووبێ و لە دەوروبەری دەریاچەی وان بووبێ؟!.

لە ئاوێستادا درۆ پەرستانی ڤرن (ورن) کە لە وڵاتی دیلم، گەیلان بوونە لەگەڵ دێوانی مازندەران دا واتە موشرکینی مازندەراندا لە یەك شوێندا ناوبراوە. بە گوێرەی ئاوێستا وا دەردەکەوێ کە لەم دوو وڵاتەدا دەستەیەك لەسەر ئاینی کۆنی خۆیان ماونەتەوەوپەیڕەوی ئاینی زەردەشتی نەبوونە. (بڕوانە: ادبیات مزدیسنا پشتها). زۆر زەحمەتە ئەوە قبوڵ بکرێ کە زەردەشت، فەرەیدوونی بە درۆ پەرستانی (ڤرن) و هاوتای موشرکینی مازندەران زانی بێ.

لە کۆنا، شوێنی کۆشکی زستانەی پاشایانی ئازربایجان پێی گوتراوە ڤرا (ورا) کە لە (ڤرن= ورن) دەچێت. ئەمەش نزیکە لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی (ئیرەج)ی کوڕی کە دواتر باسی لێوە دەکەین. دارمیس تیتر باوەڕی وایە کە (پێشینانی بنەماڵەی ئەتویە خەڵکێکی جووتیار بوونە، چونکە ناوی زۆربەیان بە پاشگری گا تەواو دەبێ (لە ئاوێستادا گیو) وە.

(کتزیاس)ی مێژوونووس کە لە ساڵی (410 پ.ز) هاتووەتە دەرباری ئێران و دکتۆری ئەردەشیری دووەم بووە، ئەوە نیشاندەدا کە فەرەیدوون ناوی (ئاریاکیس) بووەو یەکەم پاشای ماد بووە. مێژوونووسانی ڕۆژاوا دەڵێن: (فەرەیدوون) ناوی (ئاریاس) بووەو لە تیرەی (ماد)ە.

www.pertwk.com

بەپێی نووسراوەکانی ئاشور، یەکەم پاشای ماد (فرورتیش)ـە هەردووک وشەی (فرورتیش) و (فریتون) لێکتر دەچن. مێژوونووسانی ڕۆژاوا پێیان وایە کە (ئاریاس- فەرەیدوون) نەینەوای گرتووە، حاڵبوکی ئەم فەتحە مێژووییە گرینگە بە دەستی (هوخشترەی) کوڕی (فرورتیش) ئەنجام دراوە. هەر چەند بە گوتەی هیرودت (فرایورتیس) یەکەم هێرشی کردووەتە سەر ئاشور و لە کاتی پەلاماردانی شارێکی سنووریی ئاشوردا مردووە (653 پ.ن) و ئیدی ڕەعیەتەکەی لە ئەشکەوتێکی ناو کۆجاڕەکانی کوردستاندا، لە گۆڕیان ناوە.

ڕەشید یاسمی ڕەحمەتی دەنووسێت: بەپێی لێکۆڵینەوەی زانایان دەبێ گۆڕەکەی لە یەکێك لەم شوێنانە بێ:

1- زەهاوی کرماشان، نزیکی بەردەنووسەکەی ئانوبانی نی پاشای لولوبیوم.

2- نزیکی بێستون.

3- باکووری شارەزوور

4- باشووری دەریاچەی ورمێ.

هەڵبەتە ناکرێت بە دڵنیاییەوە یەکێك لەو شوێنانە هەڵبژێردرێت. ئەوەی بەڵگەنەویستە هەر هەموو ئەوانە هی سەردەمی پێش دەوڵەتی هەخامەنشییە. (بڕوانە کتێبی: کرد، پیوستگی نژادی و تاریخی او).

نازناوی (فرورتیش- فرایورتیس)، (هوخشتریتە) بووە. ئاشوریەکان (گشتاریتی)یان پێدەگوت. هەر لەبەر ئەمەیە ئەم مێژوونووسانەی ڕۆژاوا (هوخشترە)یان لەگەل (هوخشتریتە)دا تێکەڵ کردووە. هەروەها مێژوونووسان (فرائورتیس)یان لێ بووە بە (ترایتنە) و بە (فەرەیدوون)یان زانیوە. لە ڕاستیدا پاش دەسەڵاتی گوتی و کوسیەکان (فرورتیس)، یەکەم کەسە کە بە گرتنی پارس، ئێرانیەکانی یەك خستووەو لە ئێراندا دەوڵەتێکی بە دەسەڵاتی دامەزراندووەو ئاشورییەکانی لە ناوچەی زاگرۆس جێ لەق کردووە. کردارەکانی (فرورتیش) هاو شێوەی کردارەکانی فەرەیدوونە.

ناوی زۆربەی بنەماڵەی (فرورتیس) بە پاشگری (گیو، گاو) دروستبووە، وەك: ئەختوریگیو، دیاکو... کە دارمیس تیتر لە بارەی بنەماڵەی (ئەتویە)وە تۆماری دەکات. وەك پێشتریش روونم کردبووەوە، گا تەنیا لە کشتوکاڵ بەکار نەدەهێنرا، چونکە تیرەکانی ماد گاگەلی زۆریان هەبووە. تەنانەت ئاوێستاش بە جۆرێ باسی (یم و ترایتیون- جەمشید و فەرەیدوون- دەکات کە خاوەنی گاگەلی زۆر بوونەو بە ناچاری گەرمیان و کوێستانیان دەکردو هەندێ جار لەم کۆچ و کۆچبەریەدا زۆریان پێدەچوو لە کۆجاڕانی سەخت و تووش و دەشتەکاندا. بەهێزترین هۆی گواستنەوەیان وەك ئەمڕۆی کوردەکان، بە زۆری گا بووە!.

لەم حاڵەتەدا، ئەوە دروست دێتە بەرچاو کە جەژنی (تول دان یان جەژنی کوردی) بە بۆنەی سەرکەوتنی (هوخشترە) بەسەر سکایەکاندا بووبێ:

لـە سـەردەمی دیـاکۆی پاشـای مـادا، واتـە لـە سـەرەتاکانی سـەدەی حەوتـەمی پ.ز، کیممرییەکان کەتیرەیەکی شەڕڤان، ئازاو چالاك بوون، لـە قـەوقازەوە نشـێوبوونەتەوە و لـە خـاکی ماننائیـدا جێگۆرکێیـان کـردووەو دوای ئـەوان جەماعـەتێك لـە سـیتەکان (ئیشـکوزائی)یـەکان هـاتوون. ئـەمانیش چەکداری نـەترس بـوون و لـە تـالان و بڕۆو شەڕو شۆڕدا بەسەرامەدی رۆژگاری خۆیان حەساو دەکران. بەردەنووسێك لـە پـاش پاشایانی ئاشور: ئاسەرهادون و کوڕەکەی بەجێماوە، بەدیاری دەخـات کـە ئەوانـە چ جەزرەبەیـەکیان لەماننایـیەکان نـەداوە، بـەڵکو لەگـەڵ ئەوانـدا یـەکیان گرتـووەو دژی ئاشـوریەکان وەسـتاون. یـانی لـەو سـەردەمەدا کـە (ئەهشـری) مـیری ماننایـیەکان بەرانبـەر بـە ئاشـورییەکان ئـالای یـاخی بـوونی هـەڵکردبوو، لەشـکری ئاشـوری کـە هاتبوو بۆ سەرکوتکردنی (ئەهشری) لەلایەن تیرەی کیممرییـەوە پـەلامار دراوە. هـەر چـەند ئـەم پاشـایە -ئاسـەرهادون- دەڵێـت ماننایـیەکانی تـەفرو تونـا کـردووەو هاوکارەکانیـانی (واتـە ئەشپاکایاسـکایەکان)ی بنـبڕ کـردووە. بـەڵام بـەپێی بەردەنووسێك کە لە پاش کوڕەکـەی ئاسـەرهادون بـەجێماوە دەردەکـەوێ (ئەهشـری) چـەندین سـاڵ پـاش ئـەم رووداوەش هێشـتا هـەر یـاخی بووەوتەنانـەت ماننایـیەکان لەسەردەمی ئاسەرهادون شاری (شروایکبی)یان گرتووە. پاشـانیش (فرایـورتیس)ی پاشای ماد بە هاوکاری ئـەو هۆزانـە دەسـتی بـە دەرکردنـی ئاشـوریەکان لـە زاگـرۆس کـردووە. چـونکە سـکایەکان پـاش (فرائـورتیس) کنـەیان لـە دەوڵـەتی مـاد کـردو لاوازیان کرد. (هوخشترە)ی کوڕی فرایورتیس کە هاتـە سـەر تـەخت و لـە جێـی بـابی دانیشت، شەوێك هـەموو سـەرانی سکایەکانی کوشـت و وڵاتـی لـە شـەڕی وان رزگـار کرد، (بڕوانە کتێبی: کرد، پیوستگی نژدای و تاریخی او). چونکە (فرائورت) یان بـە فەرەیدوون زانیوەو شۆرەت و لەقەبی (فرائورت)ش (خشتریت) بـووە. زۆر نزیکـە ئـەم رووداوەیان لەگەڵ رووداوی کوشتنی زوحاك بە دەستی فەرەیدوون، تێکەڵ کردبێ و جـەژنی (تـول دان) و (جـەژنی کـوردی) دەماوەندییـەکانیش-یـان بـە جـەژنی گیرۆدە بوونی زوحاك بە دەستی فەرەیدوون زانیوە.

پاشماوەی سکایەکان لـە نێو مادەکـان دا بڵاوبوونەتـەوەو پاشـان بـوون بـە کـورد. لـە هەموو حاڵێکا (فرایورتیس)ی (مـاد) نـە (ترایتیـون)ی ئاوێسـتایەو نـە (ترایـی تنـە)ی ڤیدایـە. بـەڵام ئـەو کـردارو وەسـفانەی مێـژوو لەمـەر فەرەیـدوونی تۆمـار کـردوون، لەویشدا هەن و ناوەکەشی لە (فریتون) دەچێت، بە هەر حاڵ نووسەرانێ لەزاری ئـەو دەنگبێژو حیکایەتخوانانەوە کە بە (فرایورتیس)یاندا هەلگوتووە، بـە (ترایتیـون)یـان گوتـووە (فـەریتون). ئەگـەر بـەمجۆرە بێ ئـەوا پـاش و پێشـێك لـە مێـژووی دەسـەڵاتی پاشـاکاندا روویـداوە. شـانامە دەڵێـت: فەرەیـدوون قەڵەمڕەوەکـەی خـۆی بەسـەر هـەر

سیٚ کوڕەکەیدا دابەش کرد. رۆژهەڵاتی دا بە (تور) و رۆژاوای دا بە (سلم)و ئێرانی- کە لە ناوەڕاستا بوو-دا بە (ئیرەج). (تور وسلم) حەسوودیان بە ئیرەج برد، چوونە سەری و کوشتیان.

لە کتێبی (دین کرد) ناوی ئەم پاشایە بە (ئیرەج) هاتووە. ناوی (سلم)ش لە ئاوێستادا (سئیریم)ـە. (مارکوارت)ی رۆژهەڵاتناس ئەم ناوە بە تیرەی (سرمت) دەزانیٚ کە ئاریایی نەژاد بوونەو لە نێوان روباری ڤۆلکا- دەریاچەی ئورالدا دەژیان، ئەم تیرەیە چادرنشین بوونەو گوێیان بە فەلاحەتی نەداوەو ژیارو شارستانیەتیان نەبووە. هەندیٚ لە مێژوونووسانی ئێران و رۆم دەڵێن: مادەکان خۆیان بە خزمی (سەرمت) دەزانن.

لێکۆڵەران، (تور)ش بە ساکاییەکان دەزانن، کە سنووریان لە رۆژهەڵاتەوە تورکستانی چین، مەغولستان بووە، لە رۆژاواوە دەریای مازندەران بووە، لە باشووریشەوە ئەفغانستان و ئێرانی ئێستا بووە.

مامۆستای بەڕێز، جەنابی پورداود لە کتێبی: (ادبیات مزدیسنا پشتها)دا لەم بارەیەوە هەندیٚ روونکردنەوەی خستۆتە بەردەست و دەڵێت: تۆرانیەکان ئێرانی نەژاد بوونەو بە هەڵە بە تورکەکان کە مەغۆلی رەگەزن، دەگوتریٚ تۆرانی.

بەڵام سەبارەت بە (سلم و تور)ی (خودای نامک) ی پەهلەوی و شانامە، دەبیٚ بگوتریٚ ئەمانە کەسایەتی مێژوویین و چ پەیوەندییەکیان بە (سئیرم وتور)ی ئاوێستاوە نیە.

لە نووسراوەکانی ئاشورەوە ئەوە بە دیار دەکەویٚ کە دەوڵەتی ئاشور چەند ساڵ پێشتر وڵاتەکەیان لەلایەن ئارامیەکان داگیر کرابوو، خۆیان لە ژێر رکێفی ئەوان خەلەساندو پاشای نێوداریان (ئاتونازیرپال) لە ساڵی 884 پ.ز) پەلاماری ئێرانی داو سنووری (تیکلات پلیسر)ی داگیر کرد. پاشان (سلم نصر) لەشکری کردە سەر ئێران. دوور نییە ئەم دوو پاشایەی ئاشور (ئاتورنازیر پال و سلم نصر)، (تور و سلم) نەبووبن کە پاشان مێژوونووسان بە کوڕانی (ترایتیون)ی ئاوێستایان شوبهاندوون و پێیان گوتراوە (تورو سلم) و ئەفسانەیان بۆ هەڵبەستوون.

لە بەندی (143-144)ی (فروردین پشت)دا ناوی وڵاتی، توران، سلم و ساین و داهی هێنراوە کە بەپێی کتێبی (مزدیسنا پشتها) شوێنی وڵاتی ساین و داهی تا ئەمڕۆ بەشێوەیەکی بنجڕ دیاری نەکراوە.

(بروس)ی مێژوونووسی کلدانی دەڵێت: کوروش لەگەڵ تیرەی داهیدا شەڕی کردووەو کوژراوە (دها، داهی) تیرەی سکایی بووەو دراوسیٚ (گرگان) بووە. (بڕوانە: تاریخ مشیر الدولە).

دوو شاری کۆن لە کوردستاندا هەن کە یەکێکیان (ساین قەڵا) و ئەویتریان (دهۆك)ـە، ئەمانە یادگارو پاشماوەی (ساین و داهی)ن.

www.pertwk.com

(ئارمن)ی مێژوونووسی یونانی سەدەی یەکەمی زاینی باسی ئەوە دەکات کە لە شەڕی داریوشی سێیەم و ئەسکەندەردا، سوارانی تیرەندازی (داهە) لە نێو لەشکرەکەی داریوشدا هەبوونەو بەشێك لە لەشکری ئەشکانیەکانیش لەم (داهانە) بوونە. بە گوتەی هیرودۆت ناوی یەکێك لە تیرەکانی پارس (داین) بووە. هەندێ لێکۆڵەر، ئەمانەیان بە سکایی زانیوە کە هۆزێکیان لە کەنارەکانی باشووری ڕۆژهەلاتی دەریای خەزەر بوونەو (داهە)یان پێگوتراوە، هەندێ لە لێکۆڵەرەکان (ساپین)یان بە مەملەکەتی چین و هەندێکی دی بە مەملەکەتی سەمەرقەند یان هەرێمی (بەڵخ) یان گوتووە. لێکۆڵەرەوەکان سەبارەت بە ئێرانیەکان، بایەخیان بە ڕۆژهەلاتی ئێران داوەو ئەو شوێنانەی کە مەیدانی شەڕ بووە ئاوڕیان لێنەداوەتەوە!.

بۆ نموونە ئەفراسیاب کە بە پاشای تور ناسراوە، بە گوێرەی ڕوونکردنەوەی ئاوێستا، مەیدانی چالاکیەکانی لە دەوروبەری دەریاچەی (چیچیست) -ڕەزاییە- بووە: لە کتێبی حەوتەمی (دینکرد) -زەردەشتنامە- بەندی 39 دەڵێت: کەیخوسرەوی کوڕی سیاوەش دەسەلاتو شکۆی کەوتە دەست. لە سایەی ئەو دەسەلاتەوە ئەفراسیابی جادوی تورانی و یاوەرە بەد فەڕەکانی ئەفراسیابی شکاندو بتخانەکەی کەناری دەریاچەی چیچیست -ڕەزاییەی- وێران کرد کە بنکەیەکی ترسناکی درۆو دەلەسە بوو.

لە فەسڵی (27)ی مینوخرد، بەندی (59- 63) دەڵێت: خێری کەیخوسرەو ئەمە بوو کە ئەفراسیابی کوشت و لە ڕەخی دەریاچەی چیچیستدا بتخانەکەی وێران کرد. لە (ادبیات مزدیسنا پشتها)دا نووسراوە: "کەیخوسرەو ماوەیەك پاش گەڕانەوەی لە ئازەرکشیسب" لەشکرێکی ئامادەکردو بە سەرکردایەتی (توس) ناردی بۆ توران تا تۆڵەی خوێنی (سیاوەش)ی بابی وەربگرێ، لە ئەنجامی کەڵەوەکێشی (توس)دا (فرود)ی برای کەیخوسرەو و (کوڕی سیاوەش و جریرە) هاتە کوشتن. ئێرانیەکان بە نائومێدی گەڕانەوە.

کەیخوسرەو جارێکی دی (توسی) ناردەوە شەڕی ئەفراسیاب و پاش چەند پێکادانێك، ئەنجام ئەفراسیاب هەڵدێ و هەوەڵجار لە ئەشکەوتێکی نزیکی (بردعە) خۆی دەشێرێتەوەو پاشان لەلایەن (هیومی زاهیدەوە) کە لە هەمان کێودا کونجی خەڵوەتی گرتبوو، ناسراو گیرا، لە ڕێگەدا لە دەستی دەرباز دەبێت و هەڵدێ. خۆی بە دەریای چیچیست -ڕەزاییە-دا دەکات کە پاشان دەری دەهێنن و دەیکوژن.

بەم پێیە ناوچەی سەڵتەنەت و دەسەلاتداریەتی ئەفراسیابی ئاوێستا لە دەوروبەری نزیکی دەریاچەی چیچیست -ڕەزاییە- بووە نەك توران و ڕۆژهەلاتی دەریای خەزەر... لە سەردەمی (سلم نصر)دا، ئوڤالکی ی سەرداری ئاشور، لە ساڵی (829 پ.ز) لە نێوان خاکی ماننائی و پارشوادا لەگەڵ میرێکدا شەڕی کردووە کە ناوی

www.pertwk.com

(ئارتساری، ئارچاری) بووە.لەوەیە (ئیرەج)ی شانامە ئەم (ئارتساری، ئارچاری)یە بووبیّ. (ئارتساری و ئارچاری) بە درێژایی رۆژگارو لە ئەنجامی دەماو دەم کرنا گۆڕاوەو بووە بە (ئیرەج). لە (فروردین پشت ئاوێستا)شدا ناوی ئەم پاشایە بە (ئاییری) تۆمار کراوە.

کتێبی ئاوێستا، لە فەسڵی بیست و سێدا، بوندەهشین دەڵێت: (سرم، تورەج و ئیرەج-یان کوشت و رۆڵەکانی (هوبختگان)یان تەرتە و وەرتە کرد..هەرێمێکی گەورە لە باکووری جودی هەیە پێی دەڵێن: "بوختان- بوهتان" دوور نییە ئەم ناوە لە بناخەدا (هوبختگان) بووبیّ و بە درێژایی زەمان گۆڕا بیّ، بووبیّ بە (بوختان، بوهتان)ی ئەمڕۆ. ئەم هەرێمە هەر درێژەی ناوچەی (ئارتساری)یە، ئەمەش ئەو بۆچوون و گۆشەنیگاو لێکۆڵینەوانەی سەرێڕا بتەوتر دەکات.

بە هەرحاڵ (سرم و تورەج)ی ئاوێستا هەرچییەك و هەر کێیەك بن، ئەوا (تور و سلم)ی ناو (خداینامك)ی پەهلەوی و شانامە بەپێی رووداوە مێژووییەکان و لێکچوونی ناوەکان دەبیّ (ئاشورنازیربال و سلم نصر)ی پاشایانی ئاشور بن.

شانامە دەڵێت: "مەنوچەهر" هاتە دنیا، گەورە بوو، تۆڵەی بابی خۆی سەند. لە راستیدا گۆڕانکاری و کودەتا ناوخۆییەکانی ئاشور، کۆتایی بە سەڵتەنەتی (سلم نصر) هێناو دەوڵەتی ئارارات کە لە دەوروبەری واندا سەری هەڵدا بوو و گەشەی کرد بوو، (مینواش)ی پاشای ئارارات پەلاماری ئاشوریەکانی داو ناوچەی (بارشوا)ی لە چنگ ئاشورییەکان دەرهێناو لە ملەی کێلەشین بەردێکی تاشی و داچەقاند، هەر بەمەشەوە نەوەستاو خاکیماننائی لە باشووری دەریاچەی رەزاییە داگیر کردو لەوێندەریش کەتیبەیەکی (بەردەنووس) لە پاش خۆی بەجیّ هێشت. لە (فروردین پشت)دا نێوی ئەم پاشایە بە (منوش چثر) هاتووەو وەك کوڕ یا نەوەیەکی ئاییری (ئیرەج) تۆمار کراوە. ناوی ماڵباتەکەشی لە ئاوێستادا بە (ئاییریاوە) هاتووە کە بە مانای یاریدەدەری ئێرانیانە. (چث، چت، شت) بە مانای شا بووە کە: (چث، چە، شە) لەوەوە هاتووە. دەمێنێتەوە (منوش) کە لەگەڵ نێوی راستەقینەی ئەودا، واتە (منواس) یەکێکە. لەقەبی پاشایانی ماد (خشتریتە) بووە کە ئەمیش دەکاتە (چترا)ی ئاوێستا.

ئەو تیرەیەی لەو دەڤەرەدا حوکمڕانی کردووە (نایری) ناو بووە. تەنانەت پاشایانی (ئارارات)یش بە خۆیان گوتووە: (نایری). رەنگە (ئاییری) نێوی ماڵباتی (ئارتساری) بووبیّ کە لە بناخەدا (نایری) بووە. رەنگە (ئاییریاوە)ش هەر لەوەوە هاتبیّ.

هەر چەندە (ساردوریس) بەر لە (مینواش) پاشای ئارارات بووەو (سلمان نصری سێیەم) پاشای ئاشوری شکاندووە (883- 773 پ.ن) لیّ چونکە ناوی (مینواش)

www.pertwk.com

لەگـەڵ (منـوش)ی ئاوێسـتادا تـەواو وەکـو یەکـە، ئیـدی (سـاردوریس)ی کردووەتـە ژێرەوەو داپۆشیوە.

شانامە دەڵێت پاش (مەنەچەهر)، (نوزەر)ی کوڕی بوو بە پاشا. ئەفراسیابی پاشای توران هـات و تـەخت و تاجەکـەی لـێ سـتاند. (نـوزەر) و سـەرانی فارسـی دیـل کـردو حەپسی کردن. بە گوێرەی ناوچەی دەسەڵاتی حوکمڕانی ئەفراسیاب کە لـە باسـی (نور سلم)دا ئاماژەم بۆ کردووە، بۆی هەیە ئـەم (ئەفراسـیاب)ش (تـیگلات پلیسـری سـێیەم) بـێ، کـە لـە دەوروبـەری (748– 728 پ. ز)دا دەوڵـەتی تـازەی ئاشـوری دامەزراندو سنووری حوکمڕانی خۆی لە دەشتەکانی ئێرانەوە گەیاندە مدیترانە. لـە ساڵی (742 پ.ز)دا پەلاماری (ماد)ی دا شەسـت هـەزارو پێـنج سـەد کەسـی بـە دیـل گـرت، مـاڵاتێکی زۆری بـۆ وڵاتـی خـۆی بـە تـاڵانی بـرد، دیلـەکانی ڕەوانـەی شـام کردوون، یا ڕەنگـە: (ئاشـور بانیپاڵ)بێ کە لـە کـاتی راونـانی (ئەهشری)دا چووەتە خاکی مادەکان و یەکێك لە میرەکانی ماد بـە نێـوی (بیرس هنری) و دوو کـوڕی ئـەو میرەی بە دیل گرتووەو بردوونی بۆ نەینەوا.

سەرچاوە مێژووییـەکان وا دەنـوێنن کـە پـاش ئـەو گـەورە پیـاوانی ئێـران (زو– زاب) یان کردووە بە شا، کە پاش پێنج ساڵان مردووەو (گر شاسب)ی کوڕی هاتۆتـە سـەر تەخت.

لـە سـەردەمی (سـارکن)ی دووەمـدا، پاشـای مانـنـائی نـاوی (ئیرانـزو) بـووە، پـاش (ئیرانزو، 716 پ.ز) پاشایەك هاتۆتـە سـەر تـەخت، نـاوی (ئـازا) بـووە. بـەمجۆرە بـێ (زو– زاب) یەك کەس نەبووە. بەڵکو دوو کـەس بوونـەو دوا بـە دوای یـەك هاتوونەتـە سەر تەخت. (ئازا) بە دەستی دوو سەردار بە ناوانی (بغداتی ، میتاتی) کوژراوە.

دەبێ (زو)، (ئێران زو) بێ و (زاب)، (ئازا) بێ کە لە ئاوێستاشدا ناوی ئەم پاشایە بـە (ئاو زەوە) تۆمار کراوە.

پاش کوژرانی (ئازا)، (سارکن)ی پاشای ئاشـور (ئولوسـوئـو)ی برای (ئازا)ی لەسـەر تەخت دانا. دەبێ ئەمەش بە (گرشاسب) بزانین.

مفاتیح العلوم: (گرشاسب) بە برازای (زاب) قەید دەکات. پـاش ئەمـە نێـوی (دیـاکو– کیقباد) دێتە ئاراوە.

سەرچـاوە مێژووییـەکان وا دەنووسـن کـە گرشاسـب، پـاش نـۆ سـاڵ مـردووە. ئەفراسـیاب دووبـارە پـەلاماری ئێرانـی داوە. ئێرانـی گرتـووەو (پێشـدادیەکانی) لـە بەین بـردووە. ئـەم ئەفراسیابەش هـەمان (سـارکن)ی دووەمـی پاشـای ئاشـورە کـە لـە ساڵی 715 پ.ز لەشکری کردووەتە سەر ماننائی و (دیائاکو) یا (دیاکو)ی سەرۆکی گرتوون و ڕەهەندەی حومسی (حمص) شامی کردووە.

(ئولوسـونو)ی پاشـای ماننـائی، دەسـتنێژی ئاشـور بـووە. پـاش مردنـی ئـەو ئیـدی میللەت کەوتووەتە سەرپێچی لـە ئاشـور، و بـە سـەرکردایەتی (دیـا ئـاکو) کەوتووەتـە

www.pertwk.com

دژایەتی و بەر بەرەكانی ئاشور، چونكە یەكێتیی و تەبایی تەواو لە نێو تیرەكانی زاگرۆسدا نەبوو، بۆیە نەیدەتوانی بەرگەی دەوڵەتی كۆكوك و بەزاكونی ئاشور بگرێ و دیاكۆ بە تاقی تەنێ دژی وەستاو دیل بوو.

بە ڕیوایەتێكی دی: دیاكو سەرداری (ماندا) بوو. (دیوسیس)ی كوڕی كردبوو بە پاشای ئارارات. (دیوسیس) بە قۆشەنی ئاراراتەوە خۆی بەخاكی ماننائی دا دەكات، (سارکن) دێتە مەیدان و (دیوسیس) یەخسیر دەكات.

بابلیەكان بە گشت هۆزەكانی باكوور، تا دەریای رەشیان دەگوت (ئوممان ماندا)، مستر هول دەڵێت: وشەی (ماندا) نێوی هاوبەشی (مادو سیت) بووە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەكە كە ئەو تیرانە بە گشتی هاونەژاد بوونەو بەیەك ناو دەناسران و هیچ جیاوازییەكی زمانی و نەژادی لە نێوان دەوڵەتانی: ئارارات، ماننائی و ماد نەبووە.

مێژوونووسانی یونان دەڵێن (كی ئەفسار) پاش یەكگرتنی ماد- بابل، شۆرەت و لەقەبی شای (ئوممان- ماندا)ی هەڵگرت. (نبوئید)ی پاشای بابل لە كەتیبەیەكدا كە دەربارەی هەرەسی نەینەوا نووسیویەتی، پاشای مادی وەكو پاشای (ئوممان و ماندا)كان ناساندووە.

شانامە دەڵێت: كەیقوباد لە چیای ئەلبورزا گۆشەگیر بووە، رۆستەم چووە هێناویەتی، و زاڵ بە كۆی دەنگی میللەت ئەوی لەسەر تەخت داناوە.

(كەیقوباد) بەگوتەی هەموو توێژەرەكان (دیاكۆ)یە، كە هەڵاتووەو هاتووەتە ناو تیرە مادەكانی سوریاو- دەبێ مەبەست لە میتانیەكان بێ- ئیدی میللەت بە كۆی دەنگ كردوویانە بە پاشای خۆیان. تیگلات پلیسری سێیەم، پاشای ئاشور باسی ئەو مادانەی لەو ناوچانەدا كردووە.

نێوی ئەم پاشایە لە ئاوێستادا (كوات)ە كە بووە بە قوباد. وشەی (كوات) گۆڕانی بەسەر هاتووەو بووە بە (دیكو). واتە (دیاكو، دیكو) ئەگەر بە بەرەواژی بخوێنرێتەوە دەبێ بە (كوید، كوات، قباد).

(كی=كەی) لە زمانی پەهلەویدا مانای گەورە، بە دەسەڵات بووە. كوردان ئەمڕۆش بۆ خەڵكی گەورە وشەی (كا، كاك) دەخەنە پاڵ ناوەكەی وەك: (كابرا، كاك ئەحمەدی كاعەلی).

كەیقوباد، بە نەوەی (نەوزەر)ی كوڕی مەنوچەهر دەزانرێ. چونكە (دیوسیس) پاشای ئارارات بوو، بە قۆشەنی ئارارات پەلاماری باشووری دابوو، بە نەوەی (منواش) پاشای ئارارات ناسراوە. خۆ لەوەشە هەر بە راستی سەر بەیەك بنەماڵە بووبن. چونكە چ جیاوازیەك لە نێوان ئارارات و ماننائی نەبووە، پاشای ئارارات لە گەورە سەرانی ماننائی بووە؟

www.pertwk.com

هیرودوت دەڵێت: دێهاتیەك، (دیكوس، دیجوس) سەرپەرشتی بەرژەوەندی گشتی دەكرد، كە زانیویەتی دەرەقەتی كارەكەی خۆی نایەت، دەستی لەو كارە هەڵگرتووە، ئیدی دزی و چەتەیی و رێگری پەرەی سەندووە. خەڵكی ماد كۆبوونەتەوەو گشت لە گشت (كەیقوباد) یان كردووە بە پاشا (705 پ.ن).

هەندەك لە دانایان دەڵێن (دیاكو) وشەیەكی ئازیائیكیە، لە كاتێكا كە : (دیك، دیاكو، دیجو) لە زمانی پەهلەویدا مانای سەرۆك، گەورە، خودان دەسەڵاتە. ئەڵمانەكانیش خۆیان بە (دویچ، دوچ) دەزانن، كە رەنگە هەر بە هەمان ماناو مەبەست بووبێ. دوور نیە (دیاكو) وشەیەكی گۆتی بێ، كە گوتیەكان كۆنترین دانیشتووانی زاگرۆسن.

(سلم نصر)ی پاشای ئاشور لە بەردەنووسێكی (كەتیبە) خۆیدا بۆ یەكەمجار لە ساڵی (837 پ.ن) ناوانی (ئامادای و پارشوا)ی تۆمار كردووە.. وشەی (ماد) لە زوبانی هەر میللەتێكدا بە جۆرێ تەلەفوز كراوە وەك: (مد، میدیا، مید، ئامادای).

(پروس)ی مێژوونووسی كلدانی دەڵێت: میللەتی ماد لە زەمانی زۆر كۆندا (بابل)یان داگیر كردووە، دووسەدو بیست و چوار ساڵ لەوێندەر حوكمڕانیان كردووە. هەر هەمان مێژوونووس و پێشەوای نێوداری كلدانیە كە زەردەشت بە سەری زنجیرەی (ماد نەژادەكان) دەزانێ كە لە سالانی (3000– 2300 پ.ن) لە كلدەدا حوكمڕانیان كردووە. ئەم مێژوونووسە چونكە خۆی كلدانی بووەو لە سەردەمی هەخامەنشیەكان ژیاوە، بێگومان مادەكانی لە نزیكەوە و باش ناسیوە.

(مادیسون– غراینت)ی رۆژهەڵاتناس، مادەكانی بە دانیشتوانی كۆن و رەسەنی زاگرۆس داناوەو دەڵێت (شەش هەزار ساڵ پ.ن) لە مادستان بوونە.

(میرزا عەباس خان ئیقبال) لە مێژووەكەی خۆیدا دەڵێت: (مادای، لە سەردەمی حەمورابی دا، لە میزوپۆتامیا ناسرا بوون، لەو رۆژگارەدا كلدانیەكان ئەسپی رەسەن و چاكیان لە میللەتی ماد وەردەگرت و بۆ وڵاتی خۆیان دەبرد.

(دمركان)ی مێژوونووسیش دەڵێت: تایفەی ماد لە ساڵی دوو هەزاری پێش زاین، لە قەفقازەوە هاتوون، چونكە دەوڵەتی بەهێزی (ئارارات)یان لە رێدا بوو، و بەو دەوڵەتەیان نەدەوێرا، بۆیە لە رۆژهەڵاتەوە تێپەڕ بوون.

مێژوو، گۆتیەكانی بە كۆنترین تایفەی ناوچەكانی زاگرۆس داناوە كە لە كۆنا لە باكووری عیلامەوە تا ئاتنە، ناوچەیەكی فراوانیان داگیر كردووەو تەنانەت سەردەمێك سۆمەریشیان داگیر كردووە، لەسەرەتاكانی سەدەی بیست و شەشەمی پێش زایندا، ئەكەد، سۆمەر، عیلامیشیان داگیر كردووەو سەدو بیست و پێنج ساڵ لە بابل دا حوكمیان ڕانیوە.بە گوتەی (دمركان) كوسی، كاسیتەكانیش، لە ساڵی دوو هەزاری پێش زایندا لە قەفقازەوە هاتوون، بەم پێیە و بە گوێرەی قسەی ئەو توێژەرو مێژوونووسانەی سەرێ، مادەكان وەچەو نەوەی گوتی و كۆسیەكانن، كە

www.pertwk.com

ڕای نووسـەریش لەسـەر ئەوەیـە کـە ئـەو تیرانـە هـاو نـەژاد بوونـە... بـەپێی تـەورات (مادەکـان) لـە نـەوەی یـافـث و وەچـەی مـادائی بوونـە.. قاموسـی کتـێبی پـیرۆز، وەرگێـڕان و دانـانی (مسـتر هـاکس)ی ئـەمریکی: نەخشـەی شـوێنی ئاکنجی بـوونی نەتـەوەکانی پـاش تۆفـانی تێدایـە. لـەو نەخشـەیەدا لـە کـەناری بـاکووری دەریـای سووردا ناوچـەیەك بـە نێـوی (مـدیان) نیشـان دەدا کـە کەوتووەتـە نزیکـی ڕۆژهـەڵاتی کەنـداوی عەقەبـە. لەوێـدا (المـدیانین) نووسـراوەو بـە (بـەنی حـام) دانـراون. عـیلام، ئاشور، عەرەبی بەنی سام، شنغار (شنغار: لە بەرە بەیانی مێژووەوە تا ئەمڕۆ هـەر شـوێنی کـوردێن ئێـزدی بـووە) لـە ناوچـەی بابـل و کوشـدا دوو جـار نیشـانداوە. جارێکیان لە باکووری عیلام و جارەکی دی لە ڕۆژئاوای دەریای خـەزەر و ئەوانیشـی بە بەنی حام نووسیوە. لە تێکستی کتێبەکەشدا (مدیان) بە کوڕی ئیبراهیم وقتورەی ژنـی ئیبراهیم زانیـوە (پیـدایش: 25: 2و 4) و دەڵێـت ئیسـماعیلیان لـە دانیشـتوانی مدیان بوونە.

لـەو کەتیبانـەدا کـە لـە سـەردەمی (تـیگلات پلیسـری سـێیەم)ـەوە ماونەتـەوە، نـاوی ویلایـەتی پارشـوا و شـاری زاگروتیـی مـادە بـە هێزەکـان و سـەر زەمـینی نیشـائی دەبینین.. لـە سـاڵانی (846– 828 پ.ز) پاشـایەکی دیکـەی (ئاشـور)یـش بـە نێـوی (شمش ئاداد) ناوی مادی هێنـاوە (824– 813 پ.ز) لێرەدا زاگروتیـەکان، بـە مـادە بـە تواناکـان دادەنـێ. ئـەو سـەردارە میتانیـەی کـە لـە کودەتایـەکی نـاوخۆدا (ئـازا)ی پاشای ماننائی کوشتبوو، خەڵکی زاگروتی بوو. زاگروتییـەکان و ماننایـیەکان یـەك میللــەت بوونــە. زۆر نزیکــەی زاگرۆتیــەکان کــۆنترین هــۆزی زاگــرۆس بــووبن، و زاگرۆسی و زاگروتی دوو نـاون کـە سەرچاوەکەیان یەکە. هەندێ لـە مێژوونووسـان ئـەم هۆزەیـان بەسـاکارتی دانـاوەو بـەو (کـورتی)یانـەیان زانیـون کـە لـە دەوروبـەری هەولێر و کەرکووك نیشتەجێ بوونە.

لـە سـەرێڕا ئامـاژە بـۆ ئـەوە کـراوە کـە لـە ناوەنـدی هـەزارەی دووەمـی پـێش زایـندا، دەوڵـەتی (میتـان) لـە (میـد) دەچـێت لـە ناوچـەکانی سـەرووی دیجلـەو فوراتـدا –لـە باکووری جزیرە– سەری هەڵداوە، لە جوملەی سوبارو –گوتی– و کۆسیەکان دانـرا بوو.

مێژووەکـەی (مشـیر الدولـە) دەڵێـت: (لـە سـەدەی هەشـتەمی پـێش زایـندا، (میـداس) ناوێك لە (لیدیە) حوکمڕانی دەکردو ئەو پیاوە لـە مێـژوودا بـە (میتـای، موشـکی)ش نێـو براوە. ئـەم پاشـایە لـە دەوروبـەری (770 پ.ز) لەگـەڵ سـەران و پاشـای ئارارات بـووە بـە یـەك و دژی (سـارکن)ی دووەم، پاشـای ئاشـور، شـەڕیان کـردووە. سـنوورو کەوشـەنی (لیدیـە) لـە ڕۆژهەڵاتـەوە دەریـای ڕەش –مەڕمـەڕە– دەریـای سـپی بـووە، گەیی بووە قزیل ئیرمق، هەندێ کەس باوەڕیان وایە کە وڵاتی (ئورات ڕو یا وان) لـەم لەشکرکێشیەدا بەشێك بووە لە ماد.

www.pertwk.com

لێرەدا زێدەباری ئەوەی کە یەکێتیی و یەکبوونی موشکی و میتانیان ئاشکرا دەبێت، ئەوەش دەکەوێتە روو کە ئەم میللەتە دەسەلاتی بەسەر مەملەکەتەکانی (لیدیە)دا هەبووە، دۆستایەتی ئارارات و میتانیان، هەروەها ئارارات و مادیش نیشاندەدات.. هەر چەندە نووسراوە لەم لەشکرکێشیەدا دەوڵەتی وان بەشێك بووە لە ماد، بەلام لەو مێژووەدا دەوڵەتی ماد هێشتا ئەو تواناو دەسەلاتەی پەیدا نەکردبوو، بۆیە مانناییەکان بوونە، کە پاشایەکانیان لەگەڵ پاشایانی ئاراراتدا لە یەك تیرەو بنەماڵە بوونە.

(تیگلات پلیسری سێیەم) کە باسی عەشایەری مادی لە باکووری سوریا کردبوو، ئەوانە لەو تیرەو هۆزە میتانیانە بوونە کە (تیگلات پلیسر)ی پاشای ئاشور بەمادی داناون. ئەمەش وا دەگەیەنێ کە جیاوازیەك لە نێوان (مید) و (میتان) نەبووەو لەوەشە وشەی (ماد) و (مید)ش هەر لە میتانەوە هاتبێ.

(ئاسەر هەدون)ی پاشای ئاشور لە کەتیبەیەکی خۆیدا (فرائورتیس)ی کە شۆرەتەکەی (خشتریتە) بووە، بە (کشتاریتی) ناو بردووەو وای نیشان داوە کە سەرۆکی شاری کارکاشی بووە. بەلام زانایان، شاری (کارکاشی)یان بە ولاتی کوسییەکان، لە مەرکەزی زاگروس زانیوە (بڕوانە کتێبی: کردو پیوستگی نژادی و تاریخی او، رشید یاسمی)، هەر لەو بەردەنووسەدا ئەوە دەکەوێتە بەرچاو کە (کشتاریتی) بە پەیڕەوە مادەکانی خۆی لەشکری کردووەتە سەر شارەکانی ئاشور. چونکە سەرۆکی شاری (کارکاشی) بووەو پەیڕەوەکانی دیارە کوسیەکان بوونە کە بە (ماد) ناوبراون و زانراون.

هەر هەموو ئەم بەڵگانە ئەوە نیشان دەدەن کە مادەکان و کوسییەکان، کوسییەکان و گوتیەکان هەموو یەك میللەت بوونە کە پاشان هەر هەموویان ناوی کوردیان لەخۆ گرتووە.

مادەکان بەسەر دوو ناوچەدا دابەش بوو بوون:

1- مادەی بچووك، کە ئازەربایجانی ئێستا بووە، سترابون لە کتێبی (11) فەسڵی (13)دا دەڵێت: مادی ئاتروپاتی تا سەردەمی هێرشی مەقدونیا بەشێك بووە لە مادی گەورە. (ساتراپ ئاتروپاتس) نەیهێشت ئەم ناوچەیە بکەوێتە دەستی مەقدونیاکان. لە پاداشتی ئەم کارەیدا، لە قەبی پاشایەتی وەرگرت.. بەم بۆنەیەوە بە ناوچەی دەسەلات و حوکمڕانیەکەیان گوتووە (ئاتورپاتکان) و ئەم وشەیە بە تێپەڕ بوونی رۆژگار بووە بە (ئازەربایجان).

2- مادی گەورە، بریتی بووە لە ناوچە کوردنشینەکانی ئەمڕۆ، وەك: ئەراك، ئەسفەهان، ڕەی، خۆراسان، مازندەران، خوزستان و لوڕستان.

هیرودوت بەمجۆرەی خوارەوە ناوی شەش تیرەی مادی تۆمار کردووە:

1- بۆزەکان ــــــــــ Lesboses

www.pertwk.com

2- پارتاکنەکان ـــــــــــــ Les partacenes

3- ستروخانەکان ـــــــــــــ Stru chats

4- ئاریزانتەکان ـــــــــــــ Les arizantes

5- بودینەکان ـــــــــــــ Les bodliens

6- ماژەکان ـــــــــــــ Les mages

بەپێی هەندێ مێژووی کۆن، ناوچەی ئەو تیرانە بەمجۆرەی خوارەوەیە:

1- بوزەکان ـــــــــــــ عێراق.

2- پارتاکنەکان ـــــــــــــ شاری ڕەی و ڕەخێن دەریای خەزەر.

3- ستروخاتەکان ـــــــــــــ مەرو، خەوارزم

4- ئاریزانتەکان ـــــــــــــ ئازەربایجان، ئاوەڕۆی روباری ئاراس.

5- بودینەکان ـــــــــــــ چوونەتە هیندستان.

6- ماژەکان ـــــــــــــ ئەمانە مغ و (ماکوش)یان پێدەگوترا، لە کوردستانی ئێستادا نیشتەجێ بوونە.

هیرودوت، لە باسی لەشکرکێشی داریوشدا بۆ سەر سکایەکان، ئاماژە بۆ تایفەی بودینەکان، کە لە ناو سکایەکانا بوونە، دەکات. لەلایەکی ترەوە بودینەکان چوونە بۆ هیند. لە باسی گۆتیەکاندا نووسراوە کە ناوی ماڵباتی (بودا)، (گوتم) بووە. بەردەنووسێکی (ئاسوکا)ی پاشای هیند کە لە ساڵانی (360- 223 پ.ز) حوکمڕانی کردووە، دۆزراوەتەوە، ئەوە نیشان دەدات کە (بودا) لە ساڵی (480 پ.ز) مردووە. بەم پێیە دوور نییە حەزرەتی بودا کە پاش دەسەڵات و حوکمڕانی مادەکان بووە بە پێغەمبەر، لە بودینەکانی ماد بووبێ، کە چوونە بۆ هیند، مادەکانیشمان بە کوسی زانیوە. لەوەیە بودینەکان بووبن بە چەند بەشێکەوە، بەشێکیان چووبن بۆ هیندو بەشێکی تریان لەگەڵ سکایەکاندا چووبن بۆ تراکیە. بۆ نموونە (دروپیکەکان) کە لە قەومی سکائی بوونە، لە نزیکی دەریاچەی ئورال دەژیان، هیرودوت بە تیرەیەکی چادرنشینی فارسی داناون. دیارە ئەم تیرەیە دوو بەش بوونە، دانیەکانیش بەو جۆرە بوونە!

(کتزیاس)ی مێژوونووسی یۆنانی کە ماوەیەك لە دەرباری ئەردەشێری دووەمی هەخامەنشیدا پزیشك بووە، بەم جۆرەی خوارەوە ناوی پاشایانی مادی تۆمار کردووە:

ئاریاکیس : بیست و هەشت ساڵ حوکمڕانی کردووە.

مانداکس : پەنجا ساڵ = =

سوسارمس: سی = = =

ئاریتاس : پەنجا = = =

ئاربیانس : بیست و دوو ساڵ = =

www.pertwk.com

ئارسەیوس: چل سالْ = =

ئارتەنیس : بیست و دوو سالْ = =

ئارتی پارنس: چوارده سالْ = =

ئاستی براس: چل = = =

ئەسپنداس : سی و پێنج سالْ = =

ئاستیاکس: سی و پێنج سالْ = =

کتزیاس دەڵێت، دوا پاشای ماد نێوی (ئەسپرس) و لەقەبەکەی (ئەستیاکس) بووه، بەڵام بە قسەی هیرودوت ژمارەی پاشایانی ماد چوار بووەو ناوەکانیان بەمجۆرەی خوارەوەیە:

دیوکیس	:	پەنجا سالْ حوکمڕانی کردووه، ناوی راستی (دیاکو)یە.
فرایورتیس	:	بیست و دوو سالْ حوکمی کردووه، ناوی راستی (فرورتیش)ه.
سیاکزار	:	چل سالْ حوکمڕانی کردووه، ناوی راستی (هوختشره)یە.
ئاستیاز	:	سی و سیْ سالْ حوکمڕانی کردووه.

جیاوازی ژمارەی پاشایان لەلای هیرودوت و کتزیاس لەوەوە هاتووه کە کتزیاس سەرانی بە توانای هەندیْ هۆزی مادو هەروەها پاشایانی ماننائی و ئاراراتیەکانیشی بەپاشای مادستان لە قەڵەم داون. بۆ نموونە (سارکن)ی دووەم لە لیستی باجدەرانی خۆیدا ناوی (ئاریاك، ئارتیك و مانداك) تۆمار دەکات، کە ئەمانە دەبیْ هەمان ناوبن کە کتزیاس تۆماری کردوون: (ئاریاکیس، ئارتیاس و منداکس) کە هەریەکەیان لە هەمان کاتدا لە ناوچەی خۆیدا حوکمڕانی کردووه.

هیرودوت دەڵێت: مادەکان لە کۆندا هەموویان (ئاریان) پێگوتراوە، بەڵام کە هاتنە (ئەتینا) لای ئاریانەکان، ئەم ناوە گۆڕا و بوو بە ماد. (بڕوانە کتێبی: ماد، بە زمانی فەڕەنسی).

* * *

لێرەدا ئەو پرسیارە بەرۆکان دەگرێت، کە میللەتێك خودانی ئەم هەموو شکۆیە بیْ چۆن لە پڕا لەلاپەڕەی مێژوو ون بووە، و بەو جۆرە ناوی بە فەرامۆشی سپێردراوە، کە لە شانامەشدا ناوێکی نەبراوە. ئەمڕۆ تاقە عێڵێك نیە کە پێی بگوتریْ ماد. لە کاتێکا میللەتانی دراوسێی ماد (ئاشوری، کلدانی، ئەرمەنی، فارس) کەم تا زۆر هەن و هەر بەناوی یەکەمجاری خۆوە ناو دەبرێن. خۆ (ئاشوری، کلدانی) بەر لە مادەکانیش لە مەیدانی سیاسەت دەرچوو بوون... تۆ بڵێی لە سەرانسەری مادا، بە تایبەتی لە مەڵبەندی مادستان میللەتی کورد پەیدا بووبیْ و نێوی مادی لە خۆیدا تواندبێتەوە، بیْ ئەوەی بە مادستان بگوتریْ کوردستان. وڵاتی ماد پاش ون بوونی

www.pertwk.com

وشەی ماد، لە سەردەمی ساسانییەکاندا (مای) پێگوتراوەو پاش ئیسلام (ماه)ی پێگوتراوەو پاشان بووە بە کوردستان.
لەسەرێڕا ئەوە روونکراوەتەوە کە یەکەمجار وشەی (کاردا) لە دەوروبەری جودی دۆرزراوەتەوەو بە نەژادی (گوتی، جوتی، Guti) دانراوە.. لە سالآنی (1098-1078)دا (تیگلات پلیسری ئاشور) ناوی تایفەی کورتییەی لە چیاکانی (ئازو-حازو کە دەکاتە ساسون-ی ئەمڕۆکە) بردووە. قەڕاڵ (توکولتی ئینورتا)ش وشەی (گوتی) بە (کورتی) داناوە.
(کاردوکان) لەگەڵ گەزنەفوندا شەڕیان کردووەو لە شەڕی ئەسکەندەر- داریوشدا بەشداریان کردووە. بە گشتی شوێنەکانیان، ناوچەی سەرووی دیجلەو فورات بووە کە دەوڵەتانی: (نایری، موشکی، خالدی، میتانی، هانی، کالبات)یان دامەزراندووە.
ئەنجام مێژوونووسانی یونانی وشەی (کورتی)یان لە ناوچە جۆراو جۆرەکانی ئێراندا نێو بردووەو لە (فارس، ناوچەی مادی گەورە، ئازەربایجان، کەنارەکانی باشووری دەریای خەزەر، ئەرمەنستان) نیشان داوە.
سترابوون دەڵێت: کورتی، مەرد، ئەمرەدەکانی پارس، و ئەو تیرانەی کە لە ئەرمەنستاندا نیشتەجێن و تا ئەمڕۆش هەمان ناویان پاراستووە، هەموو لەگەڵ چیاییانی ئاتروباتیدا لە یەك نەژاد بوونە. هەروەها ناوبراو، شوێنی کورتیەکان بە بەشێك لە ولآتی پان و بەرینی ماد دەزانێ. لە شوێنێکی دیدا دەڵێت: ناوچەی باشووری ئاتروباتی کۆسارێکی سەخت و ساردە. جگە لە هۆزو تیرەی چیایی چ کەسێکی دی لەو ناوچانەدا نیە (کادوسیەکان، ئەمرەدەکان، تابورەکان و کورتیەکان) هەر هەموویان سەرگەرمی رێگرین، و تێکەڵەیەکن لە خەڵکی ناوچەکەو موهاجیرانێك کە بە ئارەزووی خۆیان هاتوونەتە ئێرە. ئەو تیرەو هۆزانەی لە هەموو کۆجاڕەکانی زاگرۆس و نیفاتسدا بلآوبوونەتەوە (بە باکووری جزیرەیان دەگوت نیفاتس).
مامۆستا رەشید یاسمی پێی وایە گومان لەوە نییە کە هەم لە باری شوێن و هەم لە باری زەمان و رووداوە مێژووییەکانەوە، (کورد) بەشێك بووە لە مادو هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو نیە کە مادو کورد لێکدی جیا بکاتەوە.
مێژووی کۆنی ئێران دەڵێت: (ماد) تیرەی (کوردە)و (دیلەمیەکانیش) لەوانن.
(سایس)ی پروفیسور لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا دەڵێت: (ماد) عەشایەرو تیرەو تایفەی کورد بوونەو نیشتمانەکەیان لە باکووری سوریاوە تا دەریای خەزەر درێژەی هەبووە.. لە سەردەمی هەخامەنشینەکانا ئەم میللەتە هێشتا هەر (ماد)ی پێدەگوترا.. پاش ئەسکەندەر، هەندێ جار لە بری مادەکان، باسی ژیان و چالاکی (کورتیەکان) لە مادستان کراوە.

www.pertwk.com

لـه بـەرگی دووەمـی كتـێبی: (مزدیسـنا پشـتها)دا هـاتووە: "وشـەی مـاد لـە كتـێبی پەهلەوی ئەردەشێر بابكاندا بە هەمان شێوەی كۆنی هەخامەنشی واتە (مادیك)، مـاد هاتووە، لە كتێبی نێو براودا چەندین جار نـاوی پاشـایەكی (كـورد) مادیك هێنـراوە، كە رەقیب و خەنیمی ئەردەشێر بابكان بووە. هەوەڵجار ئەردەشێر شكاوەو هەڵاتووە، بەڵام دوای ماویـەك لەشـكرێكی چـوار هـەزار كەسـی سـازداوەو پـەلاماری كوردەكـانی داوە. هەزار كەسی لە كوردەكان كوشتوە و كۆمەڵێكی لێ بریندار كـردوون و بـەدیلی گرتوونی. هەروەها پاشای كوردو كوڕان‌و برایان و كەسوكاری ئـەو پاشـایەی لەگـەڵ تاڵانیەكی زۆردا بۆ پارس ناردووە.

(مادیك)ی پەهلەوی لە زوبانی عەرەبیدا بووە بـە (مـاهی). لـە كتـێبی جوگرافیـازانـانی ئێـران و عـەرەبی سـەدەكانی ناوەڕاسـت دا زۆرجـار نـاوی (مـاه) دەبیـنین. بـەڵام لـەو كتێبانەدا ناوی (ماهە) پتر بە هەندێ ناوچەی رۆژاوای ئێـران گـوتراوە، ویـس كیـژی قارون پاشاو شابانۆی شار بوو كە خوشكی ویرو ژنـی شـاموبد و ماشـوقەی رامیـنی برای شاموبدی خەڵكی وڵاتی (ماه) بوو كە قارون شای ئەوێ بووە.

كە ئەردەشێر بابك بە پاشـای كـوردی گـوتـووە، (مـادیك) ئیـدی ئەمـە گومـانڕەوێنێكی تەواوە كە مادو كورد یەك بوونە. لەوەیە (ماد) نـاوی بنەماڵـەو ماڵبـاتی شـاهانی وەك هەخامەنشی، ساسان و ئەشـكان بـوو بـێ. وشـەی (كـورتی، كـورد)ش نـاوی رەگـەزی ئەسڵی گەورەترین بەشی میللەت بووبێ.

ڤیكتـۆر لانكـوا، كـە نووسـینی مێژوونووسـانی ئەرمـەنی كۆكردووەتـەوە دەڵێـت: بـەزمانی ئەرمـەنی، بـە (مـادی) دەڵـێن مـارو نـەوەی ئـەژدەهاك. دوا پاشـای (مـاد) بـە زمانی ئەرمەنی (ویشتا بازونك)ی واتە ئەژدیها زادەی پێگوتراوە!.

مارەكانی ئەرمەنستان هەر هەمان تایفەی مەرد، ئەمرەدەكانی سترا بونە. كەستـرابون لـە هـەموو شـوێنێكدا لەگـەڵ كورتیەكانـدا نـاوی هێنـاون و بەیـەك نـەژادی دانـاون. چـونكە مادەكـانیش لەگـەڵ ئـەو تایفانـەدا هاونـەژادو هاوزمـان بوونـە، بۆیـە بـە مارەكانیش گوتراوە ماد، وا دیارە مادەكان لەو تیرانە پێكهاتوون.

پاش توكولتی– ئینورتـای پاشـای ئاشـور، یولیـپ–ی مێژوونووسـی یونـانیش، دوو سـەد سـاڵێك پ.ز نـاوی (كـورتی) هێنـاوە، یولیـپ لـە كتێبەكـەی خۆیـدا دەڵێـت: (ساتراپ ماد مولون) كە لە ئانتیوكوس–ی پاشا هەڵگەڕایەوە، هـەم ویلایـەتی بـابلی داگیركـردو سـەربەخۆیی خـۆی راگەیانـدو هـەم سـەردارانی ئانتیوكوسـی تێـك شكاندبوو. وەختێ دەبیستێ پاشا گەییوەتە كەناری فورات، لە ترسی ئەوەی نـەبادا ڕێی (ماد)ی لێبگرن، پردێكی لەسەر دیجلە هەڵبەست.

مولون باوەڕو متمانەی بە خەڵكی بابل و خوز، كە تازە هێنابوونیە ژێر ڕكێفی خۆی، نـەبوو. تـەنێ متمانـەی بـە میللـەتی (كـورتی) بـوو كـە بـەردەقانی هاوێـژی كارامـە و لێهاتووبوون.

www.pertwk.com

گەزنەفۆنیش کوردەکانی بە قۆچەقانی هاوێژی کارامە ناو بردووە. میللەتانی (بابل، ماد، خوزستانی) لە سایەی دەسەلاتی مولوندا بوونە. بە گوتەی پولین: مولون، لە خەڵکی بابل و خوزستان دڵنیا نەبووە، متمانەی تەنیا بە میللەتی (کورتی) هەبووە. لێرەدا یولیپ لە جێی (ماد). (کورتی و کورتیان)ی نەك بە یەك تایفە بەڵکو بە یەك نەتەوەی زانیون. وا دەردەکەوێ کە وشەی (ماد) پاش خۆرگیرانی سەڵتەنەتی مادەکان، بووە بە ناوی جوگرافیایی شوێن، و بەدرێژیی رۆژگار بووە بە (مای، ماه). بەمەشەوە پێویستە پتر لە لایەن و کەلێنەکانی ئەم مەسەلە بکوڵرێتەوە.

لەو ناوچانەدا کە ناوی، کاردو و کورتیەمان بردووە، سەرەتا گوتیەکان پاش تیرەکانی گوتی سوباری، موشکی، نایری، میتان و خالدیەکان، دەسەلاتیان پەیدا کردووەو هەموو کوردستانی باکوریان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیان. دەوڵەتانی (میتان و ماد) لەلایەن تایفە کوسیەکانەوە دامەزراون. کەتیبەیەکی سەردەمی حکومەتی (لوگال ئاندرە موندو) کە دەگەڕێتەوە بۆ هەزار ساڵ پ.ز، دۆزراوەتەوە و بە سوباری گوتووە سوبیر، ئاشوریەکانیش پێیان گوتووە (سوبارو) و سنورەکەی لە باکوری عیلامەوە تا شاخی ئامانوس.، کە کەوتووەتە ئاتنەوە درێژەی هەبووە. میللەتی گوتی چەندین سەدە لەم ناوچەیەدا حوکمڕانیان کردووە، هەر لەبەر ئەمەیە کە هەندێ لێکۆڵەر، وشەی (سوباری) بەناوی جوگرافیایی ئەو ناوچەیە دەزانن کە دانیشتوانەکەی (گوتی) بوونە.

پرۆفیسۆر (سپایزەر) لە کتێبی میللەتانی میزۆپوتامیادا بە بەڵگەوە سەلماندویەتی کە (کورد) لە نەژادی گوتین. خاکی دەوڵەتی میتان، دەڤەری باکوری دیجلە و فوڕات بووە. کە میتانیەکان بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان و پاش داڕوخانی دەوڵەتەکەشیان لەگەڵ تیرەی کاردو– کورتیەو هاو نەژادەکانیاندا لەوێ نیشتەجێ بوونە.

گەرچی هیرودوت، سیرتیەکانی،– کەکورتی–ن– بە یەکێك لە تیرەکانی فارس ژماردووە، بەلام شوێنی نیشتەجێی ئەم کورتیانە ڕۆژهەلاتی ئێران و زۆر لە پارسەکان دوور بووە، وبگرە لە نێو کەوشەنی سەڵتەنەت و دەسەلاتداریێتی مادەکاندا بووە. ڕاستە کە بەشێك لە کورتیەکان لە فارسدا بوون. بەلام خۆ لە ئەرمەنستان و مازندەران و ئازەربایجانیشدا زۆر بوونەو مەڵبەندی ئەسڵییان مادستان بووە.

(سترابون) لە کتێبی (11)، فەسڵی (13) دا دەڵێت پارس، بەشی هەرە زۆری لە کەنارێن دەریای ئەریترە (کەنداوی فارس) بووە و تا ئەو کاتەی دەسەلاتی مادی لە ناو نەبردبوو، پەلی بۆ شوێنانی دی نەهاویشتبوو.

هیرودوت، (دروپیکەکان)یشی بە تیرەیەکی پارس داناون کە لە سکایەکان بوون و شوێنی نیشتەجێ بوونیان، دەوروبەری دەریاچەی ئورال بووە. هەروەها

www.pertwk.com

(داینەکان)یشی بە تایفەیەکی پارس زانیوە، ئەمانیش لە سکاکان بوونەو شوێنیان باشوری دەریای خەزەر بووە. (بودین)ی بە (ماد) زانیوە و ناوی ئەم تایفەیە لە سەردەمی لە شکرکێشی داریوش بۆ سەر تراکیە لە نێو سکاکاندا دەبینین، ئایا دەشێت، گوتی، کوسی، ماد، میتان کە ئەژدادی کوردەکانن، لەگەڵ تایفەی پارسدا لە بنەڕەتا لە سکاکان بووبن. لە رۆژگاری کۆندا سنووری سکاکان بە رۆژهەلاتی تورکستان و مەغولستان و باشووری ئەفغانستان، ئێرانی ئێستا، رۆژاوای دەریای مازندەران نیشاندراوە. لە راستیدا گەییوەتە شاخەکانی تورۆس. ئێرانی ئێستا جگە لە –خوزستان– لە ژێر دەسەلاتی ئەم میللەتەدا، واتە سکادا بووەو هەر تیرەیەکی بەنێوی خۆیەوە حوکمڕانی کردووە.

مێژووی ئێرانی کۆن نووسیویەتی: "بەپێی هەواڵێك لە مێژوونووسانی یونانی و رۆمەوە، بە ئێمە گەییوە، مادەکان خۆیان بە خزمی (سەرمەتیەکان) زانیوەو داناوە. هاوارو نەعرەتەی شەڕی هەندێ لە سکاکان و ساورماتەکان: "مێران مێران" واتە "پیاو بەرانبەر پیاو" بووە. کورد تا ئەمڕۆش بە پیاو دەڵێن "مێر".

هەروەها لە لەشکرکێشیەکەی داریوشدا بۆ سەر ولاتی سکاکان لە تراکیە، هیرودوت لەوێدا باسی ولاتی کوردەکان دەکات و ئەوە روون دەکاتەوە کە ولاتی سکاکان جگە لە ناوچەکانی هەوەڵجاری خۆیان بەشێکی (تراکیە)شی گرتووەتەوە. (گوت)ەکان کە هاوشێوەی وشەی گوتییە، لە نێو سکاکاندا بووە.

دیارە زوبان فاکتەری یەکەم و بنەڕەتیە بۆ ناسینەوەی نەژادو میللەتان، بە مەرجێ ریشەی زمانی کۆنی ئەو نەژادو میللەتە بدۆزرێتەوە.

بە گوێرەی باوەڕی رۆژهەلاتناسی فەرەنسی (دارمس تیتر)، زمانی کوردی و پشتویی ئەفغانی بەرەنجام و زادەی پەرەسەندنی زمانی (ماد)ن.

لە راستیدا هەر چەندە زۆر وشەی سامی و تۆرانی تێکەڵ بە زمانی ماد بووەو بە درێژایی رۆژگار گۆڕانی گەورەی بەسەر هاتووە، کەچی بەو حاڵەشەوە هەر لە زمانی کوردی نزیکە.

زەردەشت، ئەو بلیمەتە گەورەیە، پێغەمبەری ئارییان، لە (ماد)و لە تیرەی (ماژ) بووە، چینی رۆحانی لە ئاینی زەردەشتیدا کە (موغ و ماژوس) یان پێگوتراوە، ئەم ناوەیان لە تیرەی زەردەشتەوە، (موگ moge، موژ)ەوە وەرگرتووە. کتێبی (تعلیم و تربیت ایران باستان) دەڵێت: "ماد، ماذ، ماژ، موغ و ماگوش کە لە زوبانی عەرەبیدا بووە بە (مجوس) بە مانای زاناو پیتۆڵە، وشەی (ماژیك) لە لای ئەوروپاییەکان، مەعنای سەر سوڕهێنەرە. (ماژستە) بە مەعنای پایەبەرز و شایستەو خاوەن شکۆ دێت". هەروەها لە شوێنێکی دیدا دەڵێت: "لە گاتاکاندا کە کۆنترین بەشی ئاوێستایە و دراوەتە پاڵ خودی زەردەشت، وشەی (ماگا) بە مانای گەورەو مەزن بەکار هێنراوە. (بڕوانە یسنا 65– 70) لە هیچ شوێنێکی ئاوێستادا بە شێوەی

www.pertwk.com

راستەوخۆ ئاماژە بۆ زنجیرەی موغان نەكراوە... بەلام بە شێوەیەكی گشتی گۆڕانی زمانەوانی ماژ، ماد، ماذ، مك و گەردانی ئەو وشانەی چەمكەكانیان لە رووی لایەنی كەهانەتەوە (ئاینییەوە)یە... هتد".

لێرەدا (ماگا) كە بە مەعنای گەورە بەكار هێنراوەو پاشان بووە بە (مازا)، لە شێوەی كرمانجی ئەمڕۆدا بووە بە مەزن كە بە مانای گەورەیە.

ناوی ئەسڵی زەردەشت هەرچییەك بووبێ، پێیان گوتووە (زرتوش راسپی تمە) كە بە مانای (زەردەشتی سپی نەژاد) بووە.

ئەم وشانە كە زمانی میللەتی زەردەشت، واتە زمانی ماد بووە لەگەڵ كوردی ئەمڕۆدا جیاوازییەكیان نییە، "زەرتوش راسپی تمە" لە زمانی كوردی دا بە مانای تیشكی زێڕینی هەتاو دێ.

فارسی	كوردی	مادی
زرد، طلائي	زەر	زر
شید، شعاع	تیش، تیژ	تش
افتاب	را، رو	را
سفید	سپی	سپی
دسته، تیم	تم	تمه

ئەگەر عیبادەتكردنی زەردەشتیان لە دەرێی میحرابدا بە هەتاوەوە گرێ بدەین، ئەوا دەتوانرێ بگوترێ لەبەر ئەمە لەقەبی (زرتوشرا)یان لە پێغەمبەری خۆیان ناوە. دیارە ئەم وشەیە ناو نەبووە، بەڵكو لەقەب بووە، كتێبی: (سیر تمدن و تربیت در ایران باستان) لەم بارەیەوە دەڵێت لە زەمانی ئاوێستایی دا بە سەرۆكی پیاوانی ئاینی گوتراوە (زرتشترەتمە). ئەم پلەو پایەیە بە ویراسەت بووە.

لە نێوی كوردانی ئێزیدیدا تا ئەمڕۆش ئەم پرەنسیپی ویراسەتبوونەی پایەی ئاینی هەر ماوەو پەیڕەوی دەكرێت. سەرۆكی (موبەدانی موبەدی گەورە) كە لەقەبی (زرتشترەتمە)ی هەبووە لە (ڕەی) دادەنیشت. داریوش لە نووسراوەكانی بێستوندا (ڕەی، رگا)ی بە شارێكی (ماد) ژماردووە.

(ابو ریحان بیرونی) لەقەبی (مسمغان، مزمغان) بە (موبەدەكان) دەدا. (مس، مز)ی پەهلەوی لە فارسیدا (مە)ـە، واتە گەورە، كەواتە (مزمغان) دەكاتە گەورەو مەزنی موغان.

زەردەشتیەكان باوەڕیان وایە كە مەهاباد زەردەشتی یەكەمە، هوشنگ كە ئاگری دۆزیوەتەوە زەردەشتی دووەمەو دوا زەردەشت كە بە زەردەشتی سێیەمی لە قەڵەم دەدەن ناوی ئیبراهیم بووە.

www.pertwk.com

ئەنسـلكوپيدياى جولەكـە، لـە دايكبـوونى ئيـبراهيم بـە (2000– 1500 پ.ن) تۆمـار دەكات.

پرسك، لە بەرگى يەكەمى كتێبەكەى خۆيدا، ساڵى لە دايكبوونى زەردەشتى بە (599 پ.ن) دانـاوەو سـاڵى بـە پێغەمبـەر بوونەكـەى بـە (559 پ.ن) دانـاوە. هەنـدێ لـە توێـژەرەكانيش ئـەم بۆچوونەيان قـەبوڵ كردووەو پێيـان وايـە كە زەردەشـت لـە سـەدەى پێنجەمى پ.ز سەرى هەڵداوە كە ئەمە لەگەڵ حەقيقەتدا ناگونجێت.

ئـەفلاتونى فەيلەسـوف نێـودار كـە لـە سـالآنى (429– 347 پ.ن) ژيـاوە، زەردەشـتى بـە دامەزرێنەرى ئاينى موغ داناوە، شاگردەكانى ئـەفلاتون دەڵێن زەردەشـت، شـەش هـەزار سـاڵ بـەر لـە مردنـى ئـەفلاتونى مامۆسـتايان، هـاتووە. هورمـودر– Hormoder دەڵێـت زەردەشت پێنج هەزار ساڵ بەر لە جەنگى يۆنـان و تريـاس هـاتووە. يـانى شـەش هـەزارو سـەد سـاڵ پ.ز هـاتووە، (بروسـوس)ى مێـژوونووس و پێشـەواى نێودار كـە لـە سـەدەى سـێيەمى پ.ز ژيـاوە، زەردەشـت بـە سـەرەتاى ئـەو زنجـيرە پاشـا مادانـە دەزانـێ كـە لـە سالآنى (3000– 2300پ.ن) لە (كلدە)دا حوكمڕانيان كردووە.

كفاليون، لـە (كتزيـاس)ى دكتـۆرى ئەردەشيرى دووەمـى هەخامەنشيەوە كـە لـە سـالآنى (404– 361پ.ن) دكتـۆرى دەربـارى پاشـاى نـاوبراو بـووە، دەيگێڕێتـەوە كـە زەردەشـت هاوچـەرخى پاشـاى ئاشـور (نينـوس و سـەميرئەميس)ى ژنـى ئـەو پاشـايە بـووەو باسـى لەشكركێشى ئەم پاشا ئاشوريە بۆ سەر پاشاى رۆژاوا دەكات كە نێوى زەردەشـت بـووە، (بڕوانە كتـێبى ادبيات مزديسنا پشـتها، رۆژاواى ئێـران خوراسـان نيـە بـەڵكو كێوەكـانى زاگروسە).

جا چونكە موبـەدانى موبـەدى گـەورە لەقـەبى (زرتشـترەتمە) بـووە، رەنگـە ئـەو پاشـايەى رۆژاوا زەردەشت نەبووبێ، بەڵكو موبەدى موبەدانى گەورە بووبێ.

لە كەتيبەيەكى (بەردەنووس) ئاشوريدا كە هى سەدەى هەشـتەمى پ.ز نێـوى كابرايـەكى مادى دەبرێت كە (مەزدەك)ى ناو بووە. لـەم بەردەنووسـەوە ئـەوەمان بـۆ دەردەكـەوێ كـە لەسەدەى هەشـتەمى پ.ز ئاينى (مـەزدا پەرسـتى) لـە نێـو مادەكـان بـاوى بـووە. جـەنابى (پـورداود)ش راى وايـە كـە نـاوى پاشـايانى ئاوێسـتا مينـاكى: كـەيقوباد، كەيخوسـرەو، لهراسب، گشتاسب چ پەيوەندييەكى بە دياكو، كوروش و ئەوانى ديكەوە نييە.

بـە گـوێرەى نێـوەڕۆكى ئاوێسـتا، زەردەشـت لـە سـەردەمى گشتاسـب دا بانگـەوازى پێغەمبەرايـەتى كـردووە، گشتاسـب بـابى داريـوش بـووە، پـاش سـەڵتەنەت و دەسـەلآتى مادەكـان هاتووەتـە سـەر تـەخت. خـۆ ئەگـەر زەردەشـت لـە سـەردەمى هەخامەنشـيەكاندا زنـدوو بوايـە ئـەوا بێگومـان لـە ئاوێسـتادا باسـى دەسـەلآت و نـاوى پاشـايانى مـادى هەخامەنشى دەكرا... كەچى هيچ باسێكى ئـەوانى نـەكردووە. تيگلات پليسـرى پاشـاى ئاشـور كـە بـەر لـە مادەكـان حـوكمڕانى كـردووە، لـە بەردەنووسـێكدا (كەتيبـە) باسـى ويشتاسب–گشتاسب دەكات كە سەر خێڵى كموخ ياكموك بووە. بەم پێيـە بـەر لـەوانيش

www.pertwk.com

سەران و پاشایانێك بەو ناوانە هەبوونە. (قەلایەکی کۆن لە کوردستانی تورکیادا هەیە ناوی کماخ)ـە، بە گوێرەی ئەمە بێ دەبێ بگوترێ زەردەشت بەر لە مادەکان بووە بە پێغەمبەرو کۆچی دوایی کردووە. هەمەدان، کە پایتەختی مادەکان بووە، تیگلات پلیسری یەکەم. لە ساڵی هەزارو سەدی پ.ز نێوی ئەم شارەی هێناوەو (ئامدانە)ی پێگوتووە. (بڕوانە تاریخ مشیر الدولە). لە ئاوێستادا ئەمە باس نەکراوە، لە (زامبادپشت)دا بەندی نۆیەم، هەوەڵجار درووود بۆ (هیوسرەوە –کەیخوسرەو– نێردراوە و پاشان بۆ دەریاچەی (هیوسرەو) درووود نێردراوە.

فەسڵی بیست و دووی بوندهش، بەندی هەشت دەڵێت: "دەریاچەی هیوسرەو کەوتووەتە پەنجا فەرسەخی دەریاچەی چیچیست –ڕەزاییە–". (وست) ئەگەری ئەوە دادەنێ کە ئەم دەریاچەیە، دەریاچەی (وان یا سوان) بێ. کەیخوسرەو پێویستی بە (ناهید)ی فریشتەی ئاو بووەو لە ڕەخی ئەم دەریاچەیەدا، بەو مەبەستەی مرازی بێنێتە دی، سەد ئەسپ، هەزار سەرگا و دە هەزار سەر مەڕی بۆ کردووەتە قوربانی. بەمەدا دەردەکەوێ کە مەڵبەندی (هیوسرەوە)ی زەردەشت لە نزیکی دەریاچەکانی ڕەزاییە و وان بووبێ و پەیوەندی بە کەیخوسرەوی هەخامەنشییەوە نەبووە. لە ڕاستیا زۆربەی زانایان، ڕۆژهەلاتناسان و مێژوونووسان باوەڕیان وایە کە زەردەشت لە سالانی (1200– 800)دا هاتووە.

کتێبی (ادبیات مزدیسنا پشتها) نووسیویەتی: "لەو سەردەمەدا کە ئاوێستا نووسراوە، هێشتا بە دانیشتوانی ئێرانی گوتراوە ئاریا. پارەو دراو باوی نەبووە، مامەڵە بە کەلوپەل کراوە، برونز باوی هەبووە، چ هەواڵێك لە ئاسن نەبووە". بەلام ئەگەر سەرنجێکی ناوی (طهمورث) بدەین کە لە ئاوێستادا بە (ئەزینەونت) نێو براوە و بە مانای (چەکدار) هاتووە، و ئەگەر وشەی (ئاسن، هەسین)ی کوردی لەگەڵ (ئەزن)دا بەراورد بکەین، ڕەنگە بتوانین بڵێین ئاسنیان ناسیوە. ئەوەی پێویستە لێی بکۆڵرێتەوە کتێبی نێوبراو باسی دەوڵەتانی ئاشور، سومەر، گوتی، کوسی، خالدی، نایری، سوباری... هتد نەکردووە، تەنیا ئەوە نەبێ (گیومرث) بە (گیو مرت) ناو دەبات و نێوی گوتمە، گیوتم و گیوش دەبا کە دەشێت ئەوان بە گوتی و کوسی)یان بزانن. هەروەها ناوی دۆستان و یاوەران و هاورێیان و بنەماڵەکەی خۆی کە (مدیومانگهە سپیتم)ی پێگوتراوە، هێناوە کە پاشان بووە بە (مدیومانگهە و مدیوماه). دەشێت بگوترێ مەبەست لە (مدیو) هەر (ماد) بووە کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا وشەی (ماد) بە (ماه) تەلەفوز کراوە. لە ڕاستیدا (مانگهە) مەعنای (مانگ بووە، کە کوردەکان تا ئەمڕۆش بە (ماه) دەڵێن (مانگ). لە ئاوێستادا ئامارژە بۆ شارێك کراوە بە نێوی (بوری) کە بە قەرینە دەبێ بابل بێ، بەم پێیە ئەو پاشایانەی کە لە ئاوێستادا ناویان براوە هی بەر لە مادەکان بوونەو مەیدانی چەلەنگی و چالاکیان باکووری ڕۆژاوای ئێران بووە، واتە دەوروبەری ڕەزاییەی زاگەی زەردەشت بووە.

www.pertwk.com

لە ئاوێستادا بە دێوی دژمن و لەنێو بەری دینی یەکتاپەرستی گوتراوە (مەرشەیون – mercheon)، کوردیش بە سەرۆکی رۆحانیانی ئاسوریەکان دەڵێن (مەرشەمون) کە لەوەیە لە (مەرشەیون)ەوە هاتبێ. دیارە ئاشورییەکان لە سنوورەکانی خێڵی زەردەشت بوونەو بانگەوازی ئەم پێغەمبەرەیان قەبوڵ نەکردووە، (مەرشەیون)ش کە لەقەبی سەرۆکی روحانیان (پیاوانی ئاینی) بووە پاشان بڵاوبووەتەوەو بووە بە لەقەبێکی باو.

هەندێك پێیان وایە زەردەشت خەڵکی رۆژهەڵات بووە، کەچی یسنای بیست و شەش، بەندی یەکەم و دووەم دەڵێت: "بۆ کام وڵات هەڵێم، پەنا بۆ کوێ بەرم، پێشەوایان و ئەشراف لێم دوور دەکەونەوە، نە لە جوتێرو وەرزێران خۆشحاڵم و نە لە فەرمانڕەوایانی شار کە لایەنگری درۆن، ئەی مەزدا چۆن دەتوانم تۆ خۆشحاڵ بکەم، من دەزانم بۆ هیچم پێناکرێ، چونکە پەزو مەڕم کەمە، کرێکارانم زۆر نین".

زەردەشت کە بینی پەیامەکەی لە وڵاتی خۆیدا وەکو پێویست گەشە ناکات و دژمنایەتی دەکەن، ئیدی ناچار لەگەڵ چەند یاوەرێکی خۆیدا، بە گوتەی بارتلمە، سەری خۆی هەڵگرت، خۆی لە رێگەی ئاسایی پڕ خەڵك دزییەوەو بە کوێرە رێیاندا خۆی گەیاندە دەربـاری (گشتاسـب)ی پاشـای رۆژهـەڵاتی ئێـران، ئەمـە لـە خـودی گاتاکانـدا بـە (ویشتاسپ) هاتووە، (بڕوانە: ادبیات مزدیسنا پشتها).

(گات) لە شێوە زاری کرمانجی دا بووە بە (گاس، گاز) کە مانای بانگ کردنە. لە پەهلەویشدا (گاس)ـە، لە سانسکریتیدا (گاثا)یە. ئەمڕۆش لە شێوەزاری کوردی باشوردا (کات) بە مانای (زەمان، وەخت، دەم) بەکاردێ. جەنابی پورداود لە کتێبی "ادبیات مزدیسنا پشتها"دا دەنووسێت: "ئەمڕۆکە چ گومانێك لەوە نەماوە کە زمانی ئاوێستا هی رۆژاوای ئێران بووە نەك هی رۆژهەڵات و باشووری رۆژاوای ئێران".

حەزرەتی زەردەشت، پێغەمبەری ئارییان، کە لە نێو رۆڵەکانی کوردەوە سەری هەڵداوە، لە رۆژی هێرشی تۆرانییاندا، کە ئەوانیش هەر ئاریایی بوونە، لە ئاتەشکەدەی بەلخدا شەهید بووە.

وشەی (مها) لە سانسکریتیدا واتای گەورەیە. هەر هەمان وشە لە ئاوێستادا بووە بە (مازا) بەشی یەکەمی وشەی (مزدا) لە (مازا)وە هاتووە کە کوردەکان تا رۆژگاری ئەمڕۆش هەر وشەی (مەزن) بۆ ئەو مانایە بەکار دێنن. کوردەکان بۆ هەمان مانا وشەی (گەورە)ش بەکار دێنن کە هاوشێوەی وشەی (گروس، گراند)ی ئارییەکانی ئەوروپایە.

(گری) لە ئاوێستادا بە مانای (کێو) بەکار هاتووە، لە پەهلەوی دا بووە بە (گیر) لە کوردی ئەمڕۆشدا (گر)ە، ئەفغانیەکانیش پێی دەڵێن (غیر).

(ئەنزان) بە مەعنای کوێستان بەکار هاتووە، کوردیش (زوزان) واتە کۆچاری بەرزو کوێستان، بەکار دەهێنن. بە زمانی میتانی بە شەڕڤان و جەنگاوەر گوتراوە (ماریا) و بە فەرماندەی جەنگاوەرەکانیان گوتووە (ماریانو) کە کوردیش وشەی (مێر) بۆ ئەو مەبەست و مانایە بەکار دێنن. ئەم وشەی (مێر)ـە لەگەڵ (امیر)ی عەرەبیدا تێکەڵ بووە،

www.pertwk.com

کەچی وشەکە، وشەیەکی کۆنی ئارياييە. ڕەنگە عەرەبەکان لە ئاریەکانیان وەرگرتبیّ و لە قاڵبی زمانی خۆیان دابیّ و بووبیّ بە (امیر).

(هری) کیسەیەکی لە خوری دروستکراو بووەو لە ئاهەنگە ئاينييە کۆنەکانی ئارييەکاندا بۆ پاڵاوتنی شیلەی گیای (هوما) بەکار هێنراوە، کوردانی ئەمڕۆکەش بە خوری مەڕ دەڵێن: (هری).

شاد ڕەوان عەبدولمەجید خان ملك الكلام کوردستانی باوەڕی وابوو، گیایەك نەبووە ناوی هوما بووبیّ، بەڵکو (ئوما) بووەو مانای (دار مێو) بووە کە ئاوی ترێیان گرتووەو شەرابیان لیّ دروست کردووەو خواردوويانەتەوەو مەست بوونە. بۆیە بە خۆڕایی بە دوای دۆزینەوەی گیای هومادا دەگەڕێن، گیایەك بەم ناوە (هوما) نەبووەو نینە!.

(ئاندرا) کە ناوی یەك لە خوایەکانی ئاريایی هندو –ئێرانی بووە، لە دەقی ئاوێستاوە دەردەکەویّ کە پاشان لە ناو ئێرانیەکاندا مانای بەدو کرێتی وەرگرتووە، لە کوردستان باکووردا، بە تایبەتی لەنێو خەڵکی ئەرزرۆم، وان، بەتلیسدا بە بەدو کرێت دەڵێن (ئاندر).

لە بەردەنووسەکانی داریوشدا، (هیکمتان) نێوی پایتەختی مادە، کورد بە هێلکەی مریشك دەڵێن (هیك) ڕەنگە ئەم شارە لەبەر جوانی خۆی بە کینایە پێی گوترابیّ (هێکمەتان).

قەسری شیرین، کە ناوی هەوەڵینی (دەستجرد، دەستکرد) بووە، یۆنانیەکان پێیان گوتووە (ئارت میتا).(ئارت) لە زمانی لاتینی دا مەعنای هونەری تەلارکاریە. لەم دوو ناوەوە یەکێتیی زمانو وشەیەلی میتان و ماد بە دیار دەکەویّ. (دەستکرد) یەکێك بووە لە کۆشکەکانی سەڵتەنەتی خوسرەو پەرويز. (ئارت) لە ئاوێستادا بە واتای: دەوڵەمەند، بەخشایش، بەرەکەت و فەڕ، نیعمەت، هەقدەست و مز، پاداشت و سوود هاتووە، هەندیّ جاریش ناوی تايبەتی ئەو خوایەیە کە نیگابانی سامان و دارایی لە ئەستۆی ئەودا بووە.

(ئارت) یەکێکە لە خواوەندەکانی ئاینی زەردەشتی کە لەگەڵ گاتاکاندا نێوی براوە. (دارمیس تیتر) لە ئاوێستا تەرجەمە کراوەکەی خۆیدا، لە (بوندهش)ی گەورەوە دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: ئارت، (یەزدان خانەیەکی بەهەشتە) (بڕوانە کتێبی: ادبيات مزديسنا). بەم پێیە ئارت میتا، بە مانا لاتینیەکەی هونەری تەلارکاری میتا دەگەیەنیّ و بە مانا ئاوێستاییەکەی (یەزدان خانەی بەهەشت) دەگەیەنیّ یا خوای نیگابانی سامان و دارایی میتا دەگەیەنیّ. بەڵام لێرەدا چونکە یونانیەکان ئەم ناوەیان لێناوە بە مانای هونەری تەلارکاری دێت.

جا زێدەباری ئەوانە و بۆ زانیاری پتر وا ئەم خشتەیەی خوارەوە، لە کتێبی تاريخی کوردو کوردستانی ئەمین زەکی بەگ وەردەگرین و وەکو خۆی دەینووسینەوە:

www.pertwk.com

كـــــــــــوردی سلێمانی	كوردی كرمانجی	ئاوێستایی	فارسی ئەمڕۆ
گەورە	مەزن	مازا	بزرگ
بەرز	بەرز	بەرەزا	بلند
ماسی	ماسی	ماسیا	ماهی
حوشتر	شوشترا	شوشترا	شتر
پرد	پرت	پرەتا	پل
رۆژ	رۆ، خۆر	هور	افتاب، خورشید
بەراز	وەراز	ورازا	گراز
مێش	مژ	مەخشی	مگس
بەرخ	بەرخ	وراخا	بره
قسە	كسە	خسا	حرف، سخن
ویستن	ویسو	واس	خواستن
زانین	زانین	زانین	دانستن
من	ئەز	ئەزم	من
مـــن (مضـــاف الیە)	منا	مینا	من، مرا

لـەو نموونانـەی سـەرێڕا دەردەكـەوێ كـە كوردەكـان وەكـو چـۆن میراتگـری خـاكی مادەكـان بوونـە، بـە هـەمان شـێوەش میراتگـری زمـانی مادەكانن.لـەو ناوچانـەدا كـە ئـەمڕۆ كـوردی لـێ نیشتەجێن، لە بەرەبەیانی مێژووەوە میللەتی گوتی، كوتی تێدا بووەو حوكمڕانیان كـردووە، ئاشوریەكان لە كەتیبەیەك دا (كورتی)یان پێگوتوون. پاشان كوسیەكان لەو ناوچانـەدا پـەیدا بوونە، لە كتێبی پیرۆز و ڤیدادا وشەی گوتی، گوتمەو لە ئاوێستادا گیوتم)ە.

وشەی كوسی كە (كوش)شـی پێگـوتراوە. لـە ئاوێسـتادا گیوشـەیە، وەكـو گیوتـە مـەعنای گـا بـووە. بـەم پێیـە گیوشـە و گیوتـە یـانی كوسـی و گـوتی یـەك مانـا دەگەیـەنن و لـە فۆنـەتیكا هاوشێوە بوونـە. چـونكە لـە ئاسـەوارە كۆنەكانـدا گوتـە بـە گـوتە خوێندراوەتـەوە بۆیـە دەبـێ گوتە، گوتە، گوشە بە نێوی یەك میللەت بزانرێن.

بەڵگـەی لەمـەش بـەهێزتر ئەمەیـە كـە پاشـای (ئـەنزان)ی نیشـتمانی كوسـی، كاسـیتەكان، بـە خۆی گوتووە (تخی خی گوتو) بە گوتەی لێكۆڵەرەكانیش، كورد:

1- وەچەی گۆتیەكانن.

2- كوسی، كاسیتان ئەژدادی كوردن.

3- مادەكان، تیرەی كورد بوونە.

4- نیشتمانی گوتی و ماد، لە كۆنەوە تا ئەمڕۆ نیشتمانی كوردان بووە.

www.pertwk.com

بەم پێیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە گوتی، کۆسی ناوی یەك میللەت بووەو مادەکانیش لەوان و لە عەشایەرو خێڵی کورد پێکهاتووە.

(مشیر الدولە)ی رەحمەتی لە مێژووەکەی خۆیدا دەڵێت: هەندێ پسپۆرو رۆژهەڵاتناس دەڵێن زمانی میللەتی ماد، زمانێکی بتەوو بناغەدار بووەو زمانی کوردی ئێستا بووە.

لە سەرێرا ئاماژە بۆ ئەوە کرا بوو کە (دارمیس تیتر)ی رۆژهەڵاتناسی فەرەنسی هەم زمانی کوردی و هەم زمانی پشتویی ئەفغانی بەزادەی گۆڕان و پەرەسەندنەکانی زمانی ماد، زانیوە. بەم پێیە نەك هەر مادەکان، بەڵکو هەموو ئەو خێڵ و تایفانەی کە لە ناوچەکانی کوردستانی ئێستادا دەوڵەتیان دامەزراندووەو حوکمڕانیان کردووە، وەك: لولوکان، گۆتیەکان، کوسیەکان، خالدیەکان، نایریەکان، موشکییەکان، میتانەکان، کارداکان و کالپاتەکان و تیرەکانی دیکەی کە پاشان هاتوونەتە ئەم ناوچانە وەك سکاکان و گمیریەکان و کادوسیەکان و گورگانیەکان، هەموویان رژاونەتە ناو دەریای (کورتی- کورد) و بە گشتی ناوی کوردیان لە خۆ گرتووە. جا لەم حاڵەدا دەبێ بە مەزەندە بگوترێ:

1- عەرەبەکان، هەوەڵجار دەگەڵ تیرەی (کاردا، کورتی، زاکارتی)دا تێکەڵاویان پەیدا کردووەو چونکە نێوی ئەو تیرانە هەموو لە یەکدی چوونە، ئیدی عەرەب بە هەموویان گوتوون کورد.دوایەش کە رووبەڕووی تایفەو تیرەی کۆسی و ئەوانی دی بوونەتەوە سەیریان کردووە زمان و داب و نەریت و رەوشت و خدەو خووی جەنگاوەرانەی ئەوانی تریان هەیەو لە نێو ئەم تیرەو تایفانەدا –واتە کوسی و ئەوانی دیدا- کورتی زۆر هەبوونە نێوی کوردیان لە هەموو ئەوانیش ناوە. جا چونکە ئێرانیەکان بە جەنگاوەرو پاڵەوانیان دەگوت (گورد)و ئەو پاڵەوانانەی کە لە نێو ئەم تیرەو خێڵانەوە دەهاتنە مەیدان و مێرخازییان دەکرد، هەموو وشەی (گورد)یان دەکرد بە پاشکۆی ناوی خۆیان و بە خۆیان دەگوت: (.... گورد)، لە راستیا ئەمانە جەنگاوەرترین و قارەمانترین خەڵکانێك بوون کە تا ئەو رۆژە عارەب رووبەڕوویان بووبوونەوە.

بەم پێیە سەبارەت بە لەقەبی (گورد) کە لەگەڵ حاڵ و ئەتواری ئەو خێڵ و تایفە کورد رەگەزانەدا باشتر تێك دەکەنەوە و لە هەمان کاتدا چونکە وشەی نێوبراو (کورد) لەگەڵ ناوی تیروتایفە نێو براوەکان دا گونجاو و لە بار بووە، بۆیە عەرەبەکان هەر هەموویان بە (کورد) ناو بردوون و لێرەوە ناوی کورد بڵاوبووەتەوە. کە پێشتر پێیان گوتراوە کوسی و ماد بە یەکجارەکی لە نێو چووەو وشەی ماد کە بووە بە (مای)و پاشان بووە بە (ماه) و بووە بە ناوی جوگرافیایی ناوچەکانی کوردستان.

بەر لە ئیسلام، حوکمڕانی و دەسەڵاتی ئێران بە دەستی ساسانیانی کوردەوە بووە، کوردەکان بە زەبری جەنگاوەری و عەگیدی خۆیان، خزمەتی فرەیان لەڕای شکۆو پایەی دەوڵەتی خۆدا دەکرد. ئەوانە رێزو ئیحتوباری خۆیان هەبووەو ئەمەش کردویەتێ کارێك کە نێوی کورد پتر بڵاوبێتەوە.

www.pertwk.com

شانامە، کوردەکان بە میللەتی جەمشید دەزانێ و بە وانەیان دەژمێرێ کە لە زوڵم و زۆری زوحاك و بە هۆی هەردووك وەزیرەکەیەوە، واتە ئەرماییل و کەرماییل، هەڵاتوون، پەنایان بردۆتە بەر کێوەکان و شانامە لە پەسنی مەردایەتیاندا دەڵێت: جل و سامانیان سەرانسەر پەلاس، دلێرو چاو قایم لە خواش نەترس.

فیردەوسی، پاش ئەوەی کوردەکان پەنایان بردووەتە بەر کێوەکان، کە هۆکارەکانی ئەم پەنابردنە باس دەکەم، شانامەی نووسیوە، بارودۆخ و ژیان و گوزەرانی ئەم میللەتەی وەکو چۆن لە دەوروبەری خۆیدا دیتوە، وەسفکردووە. بەمجۆرە لە نێوە دێڕی دووەمی شیعرەکەدا ئاشکرایە کە وشەی (کورد) لە راستیا لەبەر رەشیدی و جەنگاوەری ئەم تیرەیە بووەو وشەی (کورتی) داپۆشیوەو لەوشەی (گورد، کورد)ا دەرکەوتووەو بەرجەستە بووە.

سترابون، لە کتێبی پانزدە، بەندی هەڤدەیەمدا دەڵێت: لاوانی پارس بە جۆرێ پەروەردە دەکەن کە لە سەرماو گەرماو باراندا بەسەبرو وەرزشوان و تۆکمە بن، و شەوان لە هەوای ئازادا خەریکی مالات بەخێوکردن بن و خواردنی جەنگەڵی میناکی بەڕوو و شتی دی بخۆن، بەمانە دەڵێن (کوردەك) و خەڵکی (کوردەك) لەسەر تالانی و چەتەیی دەژیان و (کوردا) مانای پیاوی شەڕڤان و دلێر دەگەیەنێ.

هەر چەندە هەندێ مێژوونووس باوەڕیان وایە کە (کوردوکان) نەوەو وەچەی (کارداکان) نین و تیرەیەکی دیکەی ئارایایی نەژادن، کە پاشان کۆچیان کردووە بۆ سەر زەمینی کاردۆ و نێوی شوێنەکەشیان لە خۆ گرتووە، بەلام سترابوون دەڵێت: میللەتی (گوردین) کە وەچەی میللەتی (کاردۆن) لە بەشی کەناریی دیجلەدا نیشتەجێن، جا چونکە دەوڵەتی ئاشوری لە ساڵی (612 پ.ز) بە دەستی (هوخشترە)ی پاشای بەزەبر و دەسەلاتی ماد روخاوە، بۆیە میللەتی (کورد- ماد-) ئەم مێژووەی بە سەرەتاو دەستپێکی مێژووی خۆی داناوە.

ئەو مێژوونووسانەی باسی کوردیان کردووە، ئەگەری ئەوە دادەنەن کە کوردەکان لە ساڵی (650 پ.ز) هاتبنە کوردستان، لە کاتێکا ئادادنیراری سێیەم پاشای ئاشوری (812 پ.ز) دەڵێت کوردەکانی باکورم تەمێ کرد. (مستر هول)ش باوەڕی وایە کە کوردەکان زۆر پێش (650 پ.ز) لە کوردستاندا بوونە. لەو سەردەمەدا کە ئاشوریەکان باسی (کارداو کورتی)یان وەکو دراوسێی خۆیان کردووە، رۆژهەلاتناسان شوێنی عێڵی گەورەی (کورتی)یان بە رۆژهەلاتی ئێران داناوەو تەنیا زاگروتیەکانی ئاکنجی ناوچەی کەرکووك، دراوسێی ئاشورییەکان بوونە.

1- ئارامیەکان، بە ناوچەی (کاردو)یان گوتووە (کازارتا- کاردو) کە کازارتا هەر (زاکارتاو ساکارتا)یەو تیپە گۆڕکێی تێدا بووەو ئاشوریەکان پێیان گوتووە (زاگروتی) مێژوونووسان و رۆژهەلاتناسان زاکروتیەکانیان بە تیرەیەك لە (کورتیەکان) رۆژهەلاتی ئێران زانیوە، بەلام ئەگەر (زاکارتا)و (کازارتا) بە یەك بزانین، ئەوا هەقی خۆیەتی بگوترێ شوێنی کۆنیان دەوروبەری دیجلە بووە، هەڵبەتە لەگەڵ (کورتیەکان)ی رۆژهەلاتی ئێراندا یەك میللەت بوونەو دوور نییە

www.pertwk.com

بەشێك لە زاكارتیەكانیش لە نێو (كورتیەكان)یرۆژهەلاّتی ئێران بووبن.تیرەیەكیش لەو كوسیانەی كە لە كەناری دەریای خەزەر بوونە، دوو هەزار سالّ پ.ز هاتوونەتە لوڕستان و پاشان (بابل)یان داگیر كردووەو دەولّەتی (كاردونیاش)یان دامەزراندووە. ئەم تیرەیە ناوی (كاسیت) بووە، كەهاوشێوەی (كازارت، كازارتا)یە. پاشان تێكەلّ بە یەكدی بوونەو تازە هاتووەكانیش ناوی كاردویان گرتۆتە خۆ.

2- فارسەكان لە كۆندا بە خەلّك و لەشكریان دەگوت (كارا)، بە خەلّك و لەشكری مادیان گوتووە (كاراماد) كە بەرە بەرە وشەی (كارا) و (كوڕ) كە لە كوردیدا بە مندالّی نێرینە دەگوترێ، تێكەلّ بووەو بووە بە (كورماد) كە لەگەلّ وشەی (كورتی، كوردو زاكارتی)دا كە هاونەژاد و هاو میللەت بوونە، ئیدی وشەی كورد هەموو میللەتی مادی گرتووەتەوە.

3- ئەوەی لەو دوو بۆچوونە دروست دێتە بەرچاو ئەمەیە: سترابون، لە كتێبی یانزە، فەسلّی سیانزەدا نێوی ئەو تیرەو تایفانەی تۆمار كردووە كە دەولّەتی مادیان دامەزراندووە و گوتوویەتی (كورتی و مرد) گرنگ ترینیانن. بەم پێیەو بە گوێرەی قسەی یولیپ، پاش تەواو بوون و نەمانی سەلّتەنەتی ماد، كورتیەكان كە لە مادستاندا زۆربە بوونە، ناوی تیرەكانی تریان كردۆتە ژێرەوە و بە هەر هەموویان گوتراوە (كورتی، كوردو)و پاشان عەرەبەكان بە هەموویان گوتووە (كورد).

ئێمە لێرەدا كارمان بەوە نییە كە چۆن وشەی (ماد) بووە بە كورد، یا وشەی ماد بووە بە (مای و ماه)، ئەوەی چ گومانێك هەلّناگرێ ئەمەیە كە میللەتی ماد پاشان لە ژێر سەر ناڤی كوردا ناسراوە، واتە بە كورد ناسراون.

لە مێژووی ئەرمەنیەكاندا بە ناوچەی سلماس -شاهپوری ئێستا- و خوی، رەزاییە گوتراوە (كورچیخ) كە مانای (كورد)ـە، تا ئەمڕۆ خێلّی (كورمانج) لەو ناوچانەدا نیشتەجێن. شارێكی كۆن لەو ناوچانە هەبووە كە تا ئەم دواییانەش (دیلمان)ی پێگوتراوە، هەروەها (دیلمانج، دیلمقان)یشی پێگوتراوە. پاش بوومەلەرزەیەك ئەو شارە وێران بووەو شارێكی تازەیان لە شوێنی دامەزراندووەو ناویان ناوە (شاهپور)، بە قەرینە وشەی (دیلمانج) لە نێوی تایفەی (مان، مانج، موغ)ەوە وەرگیراوە كە بە زمانی كوردی (دیلمان، دیلمانج، دیلمقان)ی پێگوتراوە.

(دیل) لە زمانی كوردیدا مانای (یەخسیر)ـە. ئەمەش بەلّگەیەكی ترە كە (مان، مانج، موغ) هەرسێكیان ناوی یەك تیرە بوونەو ئێستا ناوی (كورمانج)ی گرتووەتە خۆ.

ئەگەر هەندێك لەو خشتە بەراوردكارییەی زمانی كوردی، ئاوێستایی، فارسی، كە پێشتر تۆمارمان كردبوو، ورد ببینەوە، دەبینین شێوەی كرمانجی لە شێوەكانی دی نزیكترە لە زمانی ئاوێستایی، واتە لە زمانی تایفەی زەردەشت و موغەكان، هەر لەمەوە دەكرێ ئەو ئەنجامگیرییە بكرێ كە تایفەی كرمانجی ئێستا لە تایفەی پێغەمبەری ئارییان (ماژ-موغ)ـە، رەنگە ئەم تیرەی (ماژ)ـە ئەو (ماننائی)یە بێ كە لە باشووری رۆژاوای رەزاییەدا

www.pertwk.com

نیشتەجێ بووە، بەردەنووس و کەتیبەکانی ئاشوورییان، ئەمانەی بە خزمی مادەکان دا ناوە.. زەردەشتی بلیمەتی مەزن و مایەی شانازی ئاری نەژادان، خەڵکی ناوچەی چیچیست –رەزاییەی ئێستا– بووە ئەمڕۆکەش لە باشووری رۆژاوای رەزاییە، واتە لە نیشتمانی مانناییەکاندا، ناوچەیەك هەیە بە نێوی (سەردەشت) کە رەنگە لە بنەڕەتدا زەردەشت بووبێ. تایفەی زەردەشت ناوی (ماژو موگ) بووەو دیارە ناوی چینی رۆحانیانی زەردەشتیان کە موغ و ماجوس بووە لە نێوی تایفەی زەردەشتەوە وەرگیراوە. رەچەڵەکی زەردەشت دەگەیەننەوە سەر مەنوچەهری نەوەی فەرەیدوونی گورد. لە لێکۆڵینەوەی ناوی پاشاکانی ناو شانامەدا گەیی بووینە ئەو ئامانجەی کە (مەنوچەهر– منواش) پاشای ئارارات بووەو دەسەڵاتی بەسەر خاکی (ماننایی)شدا هەبووە. دیاکۆی پاشای ماد، لە تیرەو هۆزی ماننائی بووەو لەلایەن بابیەوە کرابوو بە پاشای ئارارات.

مێژووە دێرینەکان رەچەڵەکی ئەم پاشایەش دەگەیەننەوە سەر مەنوچەهر کە پاشان بەڕای هەموو میللەت بووە بە پاشای (ماد) بە مەدا دەردەکەوێ کە (ماننایی) تیرەیەك بووە لە ماد.

هەر چەندە لە نێو لیستی ناوی تایفەکانی (ماد)ا وەکو هیرودوت تۆماری کردووە، وشەی (ماننایی) بەرچاو ناکەوێ، بەڵام دیارە ئاشوورییەکان نێوی (مانی، مانژ mange)یان بە (ماننای، ماننایی) خوێندووەتەوەو ئەم ناوە پاشان بووە بە (ماژ، ماك، موغ) یا هەر لە بنەڕەتدا لە تەرجوومەی بەردەنووسەکاندا هەڵەیەك رووی داوەو (مانژ، مانی) بە ماننایی تەرجومە کراوە.

جا وەکو چۆن لە نیشتمانی مانناییەکاندا (موغ یا ماژ) دەبینین، لە نیشتمانی ئاراراتیەکانیشدا کە (مایەر) لە ئاراسی مەرکەزیدا کەشفی کردووە، تیرەیەکی ماد کە (ئارزانت)یان پێگوتراوە، دەبینین، لە خاکی (پارتا کۆنەکان)دا کە بریتی بووە لە کەنارێن باشوری دەریای خەزەر (پارتەکان) پەیدا بوونە کە فەرەنسیەکان (پارتیك)یان پێدەڵێن، گوایە ئەم (پارتا)نە بەماد ناژمێرن. کەچی (ئاسەر هەدون)ی پاشای ئاشور دەڵێت سێ کەس لە میر یا شاردارانی ماد: (ئوپیس)ی خەڵکی پارتکە، (رنەسانە)ی خەڵکی پارتوکا، (رماتیای) خەڵکی ئورگازابرنە کە بە باوەڕی هرتسفلد ئەم شارانە لە وڵاتی (پارتیاو– خوراسان– هرکانیا)دا بوونە. بە خوایشتی خۆیان دیاری و سەوقاتیان بۆ نەینەوا هێناوەو داوایان کردووە بکرێن بە حوکمڕانی وڵاتی خۆیان. ئیدی ئەم گوتەیە راست بێ یا درۆ، ئەوا بە پێی ئەو قەباڵە ئاشوریە دەبێ پارتەکان بە ماد بزانرێن. داریوشی پاشاش لە بەردەنووسی (بێستون)دا دەڵێت: "داریوشی پاشا دەڵێت: "پارتۆو وورەکان) لە من یاخی بوون و پەیڕەوی (فرورتیش)یان کرد، خەڵکی (پارت)ش لە (ویشتاسب)ی بابم سەرپێچیان کرد".

www.pertwk.com

فرورتیش له بەرانبەر داریوشدا، ئالاّی سەربەخۆیی هەڵکردووه، ویستویەتی سەڵتەنەتی ماد بخاتە ژێر دەسەلاّتی خۆی. هەڵبەتە دەبێ (پارتو و وورکان) ماد بووبن، بۆیە پەیڕەوی (فرورتیش)یان کردووەو لە بابی داریوش هەڵگەڕاونەتەوە. گەزنەفۆن لە کتێبی چوار، فەسڵی دوو، دەڵێت: "گورگانیەکان لە سنووری ئاشوردا ئاکنجین. ئاشوریەکان کاری زەحمەتیان پێدەکردن، لە شەڕدا چەند نوێنەرێکی ئەو گورگانییانە هاتنە نک کوروش و دەستیان لەگەڵدا تێکەڵکردو لە ئاشوریەکان هەڵگەڕانەوە، چونکە ئاشوریەکان، ئەوانیان –گورگانیەکان– بە پەیڕەوو تەبەعەی خۆ دەزانی، بە ئاسانی غافڵگیر بوون و سوارەی مادو گورگانی دوای دژمنی شکاو دەکەوتن و تالاّنیان لێ دەسەندن". لە سەردەمی گەزنەفونیشدا گورگانیەکان وەکو پارس و مادەکان لە کاروباری دەوڵەتیدا بەشدارییان دەکرد... گورگانیەکان وا ناسراون کە لە باشووری رۆژهەلاّتی دەریای خەزەر بوونەو زۆر لە سنووری ئاشورەوە دوور بوونە، کەچی گەزنەفۆن دەڵێت لە نزیکی سنووری ئاشوردا بوونە. بەم پێیە دەبێ گورگانییەکان تایفەیەك بووبن لە کوسییەکان و بەشێکیان لەگەڵ کاسیتییەکاندا هاتوونەتە سنووری ئاشورو لەوێندەر ماونەتەوە و هەر بەم بۆنەیەوە بووە کە لەگەڵ (فرورتیش)دا یەکیان گرتووەو دژی داریوش هەستاون. هەروەها گەزنەفۆن دەڵێت، بابلییەکان قەلاّیەکیان لەلایەن کادوسی و سکاکانەوە دروست کردبوو. سترابۆن، مەڵبەندی کادوسیەکانی بە باشوری دەریای خەزەر داناوە. هەروەها ناوی هەندێکیانی لە کۆچاڕەکانی ئازەربایجان، زاگرۆس و نیفاتس دا لەگەڵ ئەمرەدەکان و کورتییەکاندا هێناوە، بەمەدا وا دەردەکەوێ کە لەگەڵ کورتیەکاندا تیرەو هۆزی یەك میللەت بوونەو لە سنوورەکانی (بابل)شدا هەبوونە.

روکاری کۆشك و مەزارو گۆڕستانی پاشاکانیان بەئاڕمێکی بازنەیی باڵدار رازاندووەتەوە کە لە نێو بازنەکەدا وێنەی کەسێکیان کێشاوە، جل و بەرگی پاشایی بەشێوەی مادی یا موبەدی لەبەر بووەو پێی گوتراوە فروهەر.. لە ولاّتی ئاشوردا، تەنیا بازنەیەکی باڵدار هەبووە، رەمزی خواوەندی گەورەی ئاشوور بووەو بە ناوی ئاشور بووە کە لە زەمانی داریویشی مەزندا وەرگیراوەو کەسێکیان بە جلی مادەوە لە ناوەڕاستیا داناوەو بووە بە فروهەری ئێران".

بەشێك لە تیرەی کورمانج، لە لەشکرکێشییەکانی پاشتردا چوونەتە پێشترو دەگەڵ خێڵی کاردویای کۆن و ئاراراتیەکاندا تێکەڵ بوونە، و چونکە هەموویان لە یەك رەچەڵەك و نەژاد بوونە، تەواو ئاوێتەی یەکدی بوون و ئیدی هەموویان لە ژێر ناوی هاوبەشی خۆیانا، کاردو– کوردا کۆبوونەتەوە. نووسین و بەرهەمی مێژوونووسانی ئەرمەنیش ئەمە دەسەلمێنن و دەڵێن: "هێرشبەرانی (کوردو) هەر زوو خەڵکی (کرچیخ) یان لە نێو خۆدا تواندەوە".

www.pertwk.com

(سلف ریچ)ی نەژادناس لە رووی جۆری ژیانەوە کوردەکانی بە دوو تیرە ژماردووە، تیرەیەکیان چادرنشین و مەڕدارو تفەنگچین و ناوی ناون (ئاسیرتا). تیرەکەی تریان گوندنشین و جوتیارن و ناوی ناون گۆران) بڕوانە: کتێبی کوردو پیویستگی نژادی و تاریخی او).

لە بەشی کوردستانی (رەزاییە و شاهپور)شدا ئەوانەی کە پێکهاتەی عەشایەریان هەیە بەخۆ دەڵێن: (کورد) و ئەوانەی خەریکی کشتوکاڵن دەڵێن (کرمانج) ئەم کرمانجانەش خۆ بە کورد دەزانن. هەروەها ئەم عەشایەرانەش خۆیان بە کرمانج و بەمیللەتی کورد دەزانن. نە لە زمان و نە لە داب و نەریتدا هیچ جیاوازییەکیان نییە.

دیارە (سلف ریچ) مەبەستی (سیرتی cyrti، کورتیەکان) بووەو بە (ئاسیرتا) حاڵی بووە، لەگەڵ ئەمەشدا لەوەیە هەر عەشایەری کورتیەکان بووبن کە دەسەڵاتیان بەسەر هەموو ناوچە کوردنشینەکاندا پەیدا کردبێ و لەگەڵ تیرەکانی (ماد، گوتی)دا تێکەڵ بووبن و بە نێوی خێڵەکیانەی ئەوانەوە، واتە کرمانج و گۆران ناویان بڵاوبووبێتەوە. لە کوردستانی تورکیاشدا ئەوانەی عەشایەر نەبوونەو نیشتەجێی شارو شارۆچکەکان بوونە تا پێش (200– 250) ساڵێك لە ناوچەکانی خۆیان بەشێوەیەکی نیمچە سەربەخۆ حوکمڕانیان دەکرد، وەك حوکمڕانانی هەکاری، حوکمڕانانی ئامێدی، حوکمڕانانی جزیرە، میرانی فینك، حوکمڕانانی حسکیف، حوکمڕانانی چمشکزك، میرانی مجنکرد، حوکمڕانانی پرتك، حوکمڕانانی سقمان، حوکمڕانانی مرداسی، حوکمڕانانی ئەکیل، حوکمڕانانی پالو، میرانی چرموك، حوکمڕانانی خیران، میرانی شیروان،میرانی تەرگوەر، میرانی محمودی، میرانی دنبلی، حوکمڕانانی تبلیس، میرانی موش، مەلازگرد، وان.... هتد. پاشان عەشایەرەکان قوەتیان پەیدا کردووەو هەندێ لەو حوکمڕانانەیان لە هەندێ جێدا کردووەو بە رەعیەتی خۆیان!.

ماڵباتی حوکمڕانەکان، لەقەبی (بەگ)یشیان هەڵگرتووەو پایەو شکۆی خۆیان پاراستووە.

ناوی ناوچەی (ماد) لە سەردەمی ساسانییەکاندا بوو بە (مای) و لە سەردەمی عەرەبەکانا بوو بە (ماە) پاش ماوەیەکی زۆر کە دانیشتوانی ئەو ناوچانە ناو دەنرێن کورد، لە سەردەمی سەلجوقیەکاندا ئەم ناوچەیە ناوی کوردستانی گرتەخۆ، (کرماشان و هەمەدان و لوڕستان)ش لە چوار چێوەی کوردستاندا بوونە. مەرکەزو مەڵبەندی کوردستان، شاری (بەهار)ی نزیکی هەمەدان بووە کە تا ئەمڕۆش شوێنەواری ئەم شارە هەر ماوە. لە سەردەمی سەفەوییەکاندا بۆ ئەوەی کاروباری کوردستان بە ئاسانی بەڕێوە ببرێ، هەمەدان و لوڕستانیان لێ جیا کردەوە.

مێژوو، (کوسی و مادەکان) بە خودان پەزی زۆر و شوانکارەیی وەسف دەکات. ئاوێستاش جەمشید و فەرەیدوونی وەکو خودان مێگەلی فرە ناساندوون. مێژوو دەنووسێت کە لە نێو مادەکاندا خێزان و جڵەوی خێزان بەدەست باوك بووە. ژنی

www.pertwk.com

زۆریان دەهێنا، بە جیاو دوور لە یەكدی دەژیان، لە كاتی مەترسیدا یەكیان دەگرتەوە، هەروەها مێژووەكان، سەبارەت بە كۆسیەكانی (ئەنزان)ش دەڵێن خەڵكانێكی جوداخواز بوونەو رامكردنیان یەجگار دژوارو سەخت بووە، بەسەر شارانی دژمنیاندا دەدا، تاڵانیان دەكردو پاشان دەگەڕانەوە شوێنەكانی خۆیان، بۆیە چ سوودێكیان لەو شەڕانە نەدەبینی، لە راستیدا پاشینانی چەند هەزار ساڵەیان، كوردەكانی ئەمڕۆش كە نەوەی چەند هەزار ساڵەی ئەوانن، هەمان خوو خەسڵەتی باپیرانی خۆیان پاراستووە.

كورد، بە شێوەیەكی گشتی بریتیین لە چوار هۆزو تایفەی گەورە:

1- لوڕو بەختیاری

2- كولهور

3- گۆران

4- كرمانج.

بەختیاریەكان هەوەڵجار لەگەڵ لوڕی گەورەدا بوونە، پاشان بە بەختیاری ناسراون. مێژووی بەختیاری/ نووسینی سەردار ئەسعەد بەختیاری دەڵێت: "ئەو تیرانەی كە لە چیای (سماق)ی شامەوە هاتوون هەندێكیان لە بەختیاریدا و جەماعەتێكیان لە (كێوی گیلویە)دا گیرسانەوە، ژمارەیەكیان بە درێژایی رۆژگار لە نێو چوونە، تیرەكیان نێوی بەختیاری بووە، وەكو چۆن ئەمڕۆكەش تیرەیەك لەوانە بە نێوی (بەختیار وەند) ماوە.

(لورد كورزون) لە گەشتنامەكەی خۆیدا دەنووسێت ئایا لوڕەكان توركن یا ئێرانین یا (اسمیت)ن. هەموو ئەو مێژوونووسانەی كە باسی لوڕیان كردووە ئاماژەیان بۆ ئەو سێ نەژادەی سەرێ كردووە. بەڵام بە رواڵەتا لەوە دەچێت لەو تیرە كوردانەی باكوربن. بەڵام زمانی ئەوان لە زمانی فارسی دەچێت، وێڕای ئەمەش زمانەكەیان جیاوازیەكی ئەوتۆی لەگەڵ زمانی كوردیدا نیە.

(ریچ) لە گەشتەكەی كوردستانیا، بەختیاریەكانی بەكورد داناون. بەختیاریەكان بە كوردەكان دەڵێن (لەك) كە هۆزێكە لە لوڕا....

*   *   *

ئەو سووكە جیاوازییەی ئەمڕۆ لە نێوان شێوەزارەكانی كوردیدا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە پاش ئیسلام، وێڕای نەبوونی خوێندەواری بە كوردی، كە خۆی لە خۆیدا پارێزەری یەكێتیی شێوەزارەكانی زمانە، زمانی داگیركەرانیش لە نێو كوردستانی پان و بەرینا بڵاو بووەتەوەو ئیدی میللەتی كورد لەبەر نا تەبایی و ناكۆكی و دووبەرەكی خۆی، بە دەستی میللەتانی دی دابەش بووە.

لە سەردەمی ساسانیەكاندا، زمانی رەسمی دەوڵەت، زمانی پەهلەوی بووە كە زۆر لە كوردییەوە نزیك بووەو تەنانەت دەشێت بگوترێ زمانی كوردی ئەو سەردەمە بووە (سەردار ناسری رەحمەتی سەر خێڵی سەنجابی دەیگوت: "من لای عبدالله خان قوچ می

www.pertwk.com

دینم السلطان کلهور، نووسراوێکم دیتوه که شەهربانو خاتوون، کیژی یەزدگور گورد بۆ بابی نووسی بوو و لەو نووسینەدا دەیگوت: (بابۆ به خۆڕایی نامەی پێغەمبەرت دڕی) که هەر هەمووی کوردی بوو" پاش ئیسلام سەلاحەدینی ئەیوبی، پاشای مەزنی کورد که مایەی شانازی جیهانی ئیسلامەو ناوبانگی جیهانی هەیە، بووه به سوڵتانی میسرو گەورەی زەندیانی، شاهنشایی ئێران. یەکەمیانی بەنێوی عەرەب و دووەمیانی بەنێوی فارسەوه حوکمڕانی کردووه. ئیدی بەپێی پێداویستییەکانی سەردەمی خۆیان که باوەڕی ئاینی بەسەر هەستی نەتەوەییدا زاڵ بووه، ئەیوبیەکان بایەخیان به چاککردن و بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی خۆ واته زمانی کۆنی ئێران نەداوه.

حکومەته (کوردیه) چکۆڵەکانی دیش کەمتەرخەمییان دەرهەق به زمانی نەتەوەیی خۆ کردووه. شاعیران و نووسەرانی کورد به زمانی عەرەبی و تورکی شیعریان گوتووەو کتێبیان نووسیوه.

هەر چەنده ئازەربایجانیش موڵکی ماد بووەو دانیشتوانەکەی ماد بوونه، بەڵام چونکه ناوچەی نێوبراو ناوی (ئاتورپاتکان)ی گرتبووەخۆ، ئیدی کوردستانی پێ نەگوتراوه. دەنا دانیشتوانەکەی هەر له کۆنەوه کورد بوون و لەلایەن پاشایانی کوردەوه، رەوادی، شەدادیو... هتد بەڕێوەبراوه. ئێستاش خوێنی (مادی) له دەمارەکانیاندایەو لەگەڵ کوردا هاو نەژادن. چونکه ساڵانێکی دوورو درێژ له ژێر رکێفو دەسەڵاتی تورکەکاندا بوونه، ئیدی زمانی زگماکی خۆیان فەرامۆش کردووەو تورکی فێر بوون و لەبەر ئەمه بەشێکی زۆریان وا خەیاڵ دەکەن که له نەژادی تورکن. تەنانەت ئەوانەشیان که تا ئەمڕۆش ناوی تایفەی (کورد)یان ماوه، وەك: دونبلییەکانی خوی، گۆرانەکانی رەزاییە، قەرەچولیەکانی ئەرس باران، خۆیان به تورك دەزانن، تەنیا قەرچولیەکان دان بەوەدا دەنەن که باب و باپیرانیان (کورد) بوونه. (رودهن)ش وەکو خەڵکی قەرەچولیەکان به تورکی قسه دەکەن و دەڵێن باو باپیرانمان کورد بوونەو بەکوردی قسەیان دەکرد. یەکەم تایفەی تورك که گەییه ئازەربایجان بەر له ساڵی (410ی کۆچی) بوو. که پاشای ئازەربایجان، و هسودان بۆ ئەوەی له شەڕا سوودیان لێ وەربگرێت هێنانیه ئازەربایجان.. مێژوونووسان، رای جیاوازیان لەمەڕ ژمارەی ئەم تایفەیه هەیه. هەندێکیان به دوو هەزار پیاویان دەقەبڵێنن و هەندێکی دی به دوو هەزار چادریان (واته ماڵ– وەرگێر) له قەڵەم دەدەن. چونکه ئەم تایفه دڕو شەڕکەرانه (غزەکان) ئازاریان به دراوسێکانی خۆیان دەگەیاند بۆیه (میروهسودان لەگەڵ ئەبولهەیجای کوڕی ربیب الدوله که پێشەوای کوردەکانی هەزبانی بوو، هەروەها خوشکەزای امیر وهسودان بوو. رێك کەوت و ئەوانەیان له ئازەربایجان دەرکرد.

بەشێکیان که له رەزاییه بوونه، روویان کرده ناوچەکانی هەکاری، کوردەکان پێشیان لێگرتن، له یەکەم شەڕا کوردەکان شکان و پەنایان برده بەر کێوەکان، بەڵام پاشان گەڕانەوەو (غزەکانیان) شکاندو هەزار پیاویان لێکوشتن و تاقمێکیان لێگرتن که

www.pertwk.com

حەوتیان میرو سەد کەسیان گەورە پیاو بوون.. پێش سەڵتەنەت و دەسەلاتداریێتی ڕەوادی و شەدادیە کوردەکان لە ئازەربایجان، لە سەدەی شەشەمی میلادی دا ئازەربایجان بەشێك بووە لە حکومەتی سەربەخۆی کوردکو ئاتانزی گوران، کە مەرکەزی ئەم حکومەتە کرماشان بووە. گۆرانەکانی ڕەزاییە کە خۆیان بە تورك دەزانن، پاشماوەی ئەو گۆرانانەن... لە ساڵی (309 کۆچی) (صدقە بن علی) کە لە کوردەکانی موسڵ بووە لە ڕەزاییەدا حوکمڕانی دەکردو لەلایەن خەلیفە مامونەوە کراوە بە والی ئەرمەنستان و ئازەربایجان و لەگەڵ (بابەکی خوڕەمی)دا شەڕی کردووە.. (مر بن علی) موسڵی تائی کوردیش هاتووەتە گوندی (نەزیر) و لەوێندەر نیشتەجێ بوو و کردی بە شارو بوو بە فەرمانڕەوای ئەو ناوچانە. لە ساڵی (360 کۆچی)دا نەوەی (مر عمر) لە لایەن خەلیفەوە کرا بە والی ئازەربایجان. بە گوتەی ئەستەخریی گەڕیدە لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا ئازەربایجان بە دەستی عەشایەری (ردێنی)یەوە بووە، پایتەختی حکومەتەکە یەکەمجار (مەراغە) بووەو پاشان گوێزراوەتەوە بۆ ئەردەبیل...

ئەگەرچی ئەمڕۆ، نێوی کوردو کوردستان لە نێو هەموو خەڵك و ناوچە مادنشینەکاندا نابینین، بەڵام ئەگەر لە مێژووی سەردەمی ساسانییەکان و سەرەتاکانی ئیسلام ورد ببینەوە ئەوا ناوی میللەتی کورد لە هەموو ناوچەکانی مادا، تەنانەت لە مازندەران، خوراسان، کرمان، ئەفغان، بوخارا، بلوجستان، ئاران، ئەرمەنستان، کارداکیەو تا سیواس و ئەسکەندەروون دەبینین.. بۆ زانیاری زیاتر لە مبارەیەوە بڕوانە کتێبی: (کردو پیویستگی نژادی و تاریخی او، تاریخی کوردو کوردستان) کە روونکردنەوەو شرۆڤەی تێرو تەسەل و بە سوودیان تێدایە.

(موییر) کۆمەڵێك سەرنجی لەمەڕ (جەژنی کوردی) دەماوەندییەکان خستووەتە روو، ئەم ناوە ئەوە دەسەلمێنێ کە خەڵکی دەوروبەری دەماوەند کە بە گوتەی ئاشوریەکان بە مادی دوورە دەست دەژمێردران، (کورد) بوونە. بۆ نموونە وشەی (مازندەران) بۆ خۆی وشەیەکی کوردیە (مازن تر، مازن تران) لە (مەزن)ەوە هاتووە کە لە کوریدا مەعنای گەورە دەگەیەنێ، واتە گەورەتران!.

لە سەردەمی حوکمڕانی موعتەسەمدا کە ئەم ناوچەیە بە تەواوی لەلایەن عەرەبەکانەوە گیرا، ناوی پاشای ئەم ناچەیە (مازیار) بوو کە ئەم ناوەش وشەیەکی کوردیەو بە مانای (دۆستی گەورە)یە. مازیار لەلایەن عەرەبەکانەوە یەخسیر کراو لە (سامەڕا)ی پایتەختی موعتەسەمدا لە سێدارەیاندا، مازندەرانیش کەوتە دەستی (عبدالله بن طاهر).

چونکە لە سەرەتاکانی ئیسلامدا دەسەلات بە دەستی عەرەبەکان بووەو کورد تاقە میللەتێك بووە کە بە توندی بە گژیاندا چووەتەوە، بۆیە سوپای عەرەب ئەوەندەی بەس بووە کە هەر خێڵێك یا شارێك سەر بە کورد بووبێ، تا قەتڵ و عام و تالانی بکات.

کتێبی: (کوردو پیوستگی نژادی و تاریخی او) دەڵێت: "مەرزەوانی ئازەربایجان گیرۆدەی هێرشی عەرەبەکان بوو و چونکە نەیتوانی بەرەنگاری بکات، پارەیەکی زۆری

www.pertwk.com

دا بەو مەرجەی عارەب دەستبەرداری کوشتن و تالانکردنی کوردەکان بێ"". لەبەر ئەمە: ئەو خەڵکانەی کە شارنشین بوونەو گوزەرانی خۆیان لە رێگەی کارو کاسبییەوە دابینکردووە یا ئەو دێهاتیانەی بە کشتوکاڵەوە خەریك بوون، لە ترسی ماڵ و گیانی خۆیان لە کورد دوور کەوتوونەتەوە، تەنیا هۆزو تیرە مەڕدارو چەکدارەکان کە لە شەڕو شۆڕی یەك لە دوای یەکدا قاڵ بوو بوون، شانازیان بە (کوردبوونی) خۆوە کردووەو نێوی کوردیان پاراستووە. دیارە ئەمانە لە ژێر گوشاری حکومەتانی وەختدا پتر لە دنیای عیلم و زانست دوور کەوتوونەتەوە. دژمنەکانیان، کەوتوونەتە بانگەشەی غەرەزدار دژیان و کوردیان بە هاوتای دزو رێگرو چەتە لە قەڵەم داوە. بەمجۆرە ئارەزووی خوێنەواری و زانست و دۆستیان لای خەڵکانی ئەم میللەتە کوشتووەو تەفرەقەیان خستووەتە ناویان، تەنیا (کارداکیا)ی پاشماوەی هالدی -ئاراراتییەکان- میتانی، دانیشتوانی کۆسارەکانی زاگرۆس و ئەنزان نەبێ کە لە هەموو قۆناغەکانی مێژوودا باری قورسی پاراستنی ئارییاییەکانیان و زیاد کردن و پاراستنی شان و شەوکەتی شاهنشایان لەسەر شان بووەو ئەم ئەرکە قورس و پڕ شانازییەیان بەوپەڕی گیانبازییەوە ئەنجام داوە، لە پاداشتی ئەم لێوەشاوەییەدا سیفەتی (قارەمانی و پاڵەوانی)ی کوردیان سەلماندووە و کونیان لە جەرگ نەبووەو لە شەڕو شۆڕە یەك لە دوای یەکەکاندا، هونەری ئازایەتی و عەگیدی و رەشیدییان نواندووەو بەتێپەڕبوونی رۆژگار شوێنەکەشیان ناونراوە کوردستان.

ئەولیا چەلەبی، گەڕیدەی ناوداری تورك لە ساڵی (1056)ی کۆچیدا، لە سیاحەتنامەکەی خۆیدا دەڵێت: سنووری کوردستان لە باکوورەوە ئەرزرۆمەو لە باشوورەوە بەسرە -کەنداوی فارسە. مێژووی رۆژهەڵاتی کۆن دەڵێت: "مەنزڵ و شوێنی میللەتی کورد لە کەنداوی فارسەوە تا دەریای خەزەرە. کتێبی (کورد عشیرتلری) کە لەلایەن بەڕێوەبەرێتی گشتی عەشایەرو کۆچەریانەوە دەربارەی کوردەکانی عوسمانی، لە ئەستەموڵ بڵاوبووەتەوەو لە ساڵی (1918ز) لە چاپخانەی ئورخانیە چاپ بووە، دەڵێت: "ناوچەی سنووری عەشایەری کورد لە باشوورەوە عێراق و موسڵە، لە باکوورەوە لازستانە، لە رۆژاواوە مەرکەزی ئەنادۆڵەو لە رۆژهەڵاتەوە عەجەمستان و کۆسارەکانی ئاراراتە". ئەم ناوچەیە تەنیا کوردستانی تورکیا دەگرێتەوە کە تورکەکان بە خۆیشیان ئیعترافی پێدەکەن.

ئەو تیرە کوردانەی کە لە کۆندا لە ناوچەی فارس دەژیان (کورتی، مرد، ئەمردەکان) بوونە کە (سترابون)ش ئاماژەی بۆ بوونیان لەو ناوچەیە کردووە. هیرودوت ناوی تیرەیەکی (پارس)ی بە (مرۆڤی) بردووە. چونکە (مرۆڤ) وشەیەکی کوردیەو مانای ئادەمیزاد دەگەیەنێ بۆیە دوور نییە ئەو تیرەیەش کورد بووبن.

لە سەرەتای سەدەی سێیەمی زاینیدا شاری (ئەستەخر) کە زەمانێك پایتەختی پاشای ئێران بووە، پاشاکەی ناوی (کوچیهر) بووەو لە نەوەی (بازرەنگی) یانی کورد بووە. ئەم

www.pertwk.com

بنەماڵەیە لە سەدەی یەکەمی زاینیدا هەبووەو لەو شوێنەدا جێی هەخامەنشیەکانی گرتبووەوە.
رەشید یاسمی رەحمەتی لە باسی نەژادی ساسانییەکان پاش زنجیرە روونکردنەوەیەك، گەییوەتە ئەم ئەنجامگیرییەی کە باپیری (ئەردەشیر بابك) یانی ساسان لە تایفەی شوانکارەی کوردەو دایکی (بابك) کیژی تایفەیەکی کوردی بازرەنگییە. شوێنی نەشونمای ئەم بنەماڵەیە ناوچەی کوردنشینی فارسە، نێوبراو بۆ پشتیوانی قسەکەی خۆی دەڵێت: "ئەردەوانی پێنجەمی ئەشکانی لەو نامەیەدا کە لەبەردەم خەڵکیدا خوێندراوەتەوە چەند دەستەواژەیەکی نووسیوە کە لای تەبەری و ابن ئەثیردا تۆمار کراوەو تەرجەمەکەی ئەمەیە: "- تۆ پێت لە بەڕەی خۆت زیاتر راکێشاوەو بەرەو پیری مەرگی خۆت چوویت، ئەی کورد نەژاد کە لە خێوەتی کوردانا پەروەردە بووی، کێ رێی داوی ئەم تاجە لەسەر بنەیت".
هەخامەنشیەکان کە لە تایفەی (پاسارکارد) بوونەو لە شاری (ئەستەخر)دا سەڵتەنەتیان هەبووە، پاشان کوردەکان هاتوونەتە شوێنیان و پاشایەتی (ئەستەخر)یان گرتووەتە دەست و شوێنی هەخامەنشیەکانیان گرتووەتەوە.
لێرەدا نامەوێ بڵێم کە (پاسارکادی)یەکانیش تیرەیەکی کورد بوونە، بەڵام ئەوە وەبیران دەخەمەوە کە ئایا ناشێت تیرەکانی (شوانان و بازرەنگی) لە پاسارکادەکان بووبن، بەو پێیە کە وشەی (پاسارکاد) بەتێپەڕبوونی رۆژگار بووە بە پاسارکار، ساپاکار، ساپانکار، شبانکار، شبانکارەو پاشان کوردبوونیان ئاشکرا بووە.
ساسان لە ماڵباتی نەجیمزادەو موبەدی پەرستگەی (ئاناهیتا)ی شاری (ئەستەخر) بووە کە دانیشتوانی ئەو شوێنە (پاسارکاد)ی بوونەو بیگومان دەبێ هەر ئەم پاسارکاردییانە بووبن کە پاشان بە (شوانکارە) ناسراون. هەندێ سەرچاوەی مێژوویی دەڵێن: ئاکمەند، ئاخەمنش، لە رەچەڵەکی هوخشترەی پاشای ماد بووەو (ئاخەمنش) پاشای ئەنزان بوو. (شیلهاك ئینشو شیناك) کە کۆتایی بە پاشایەتی کۆسییەکان هێنا، (ئەنزان)شی داگیر کرد.
(فرورتیش)ی پاشای ماد، لە ساڵی (650پ.ز) ئەنزانی وەرگرتووەتەوەو کۆسیەکانی هاونەژادی خۆی رزگار کردوون.
دوای پاشای کوسی کە بەدەستی (ئینشو شیناك) لە نێو چوو، نێوی (ئانلیل نادین- ئاخە) بوو، زۆر لەگینە وشەی ئاخەمنش بەڵگەی ئەمە بێ کە لە نەژادی ئاخە بووە. چونکە کوسیەکان ئەژدادی کوردەکان بوونە، بۆیە دوور نییە شوانکارەش (پاسارکاد) بووبێ، کتێبی (ایران نامە یا کارنامەء ایرانیان در عصر اشکانیان) لە بەشی یەکەمی بەرگی دووەمدا لە باسی (کردستان یا سویچرە ایران)دا دەربارەی کوردەکان بۆچوونی رۆژهەڵاتناس و مێژوونووسەکان دووپات دەکاتەوەو دەڵێت: "ئەوانە بە یەکێك لە ئابڕومەندترین و کۆنترین ئاریایی ئێران دەژمێردرێن و لەوەیە ئەو ئارییانەی لە ساڵی

www.pertwk.com

(1800 پ.ن) له بابلدا حوكمڕانیان كردووەو یاساوان و فەیلەسوفیان تیا هەڵكەوتووەو لە مێژوودا بە كاسۆ یا كاسیت ناویان دەركردووە، باب و باپیری كوردەكانی ئەمڕۆ بن كە ئاشوریەكان لە بەردەنوس و كەتیبەكانی خۆیانا بە (كورتیك، كورد، كورتی) نێویان بردوون..."

(ئەنزان)ی نیشتمانی هەخامەنش، شوێنی ئەم كاسیتانە بووە، كەتیبەی مالامیر بەختیاری كە بۆ ساڵانی (1300– 1200 پ.ن) دەگەڕێتەوە، ئەوە نیشاندەدا كە ماوەیەكی كەم بەر لە نەمانی دەوڵەتی كوسی، تایفەیەكی كورد، ئەمرەدییەكانی كوتی لە ناوچەی ئەنزان بوونەو حكومەتی خۆیان هەبووە، لەو بەردەنووسەدا (كەتیبە) دەڵێت: "من تخی خی گوتو ئامارديی پاشا، كوڕی خنی، ئەم خەت و نەخشانەم لەم كێوەدا تەواو كرد، من پەیڕەوی خوای تایفەی نرسی و دیتبی Ditbi و تەرتەر و خوای گەورەو شوێنی ئەم خەتانە لە كێودا و خەتەكانی خوای (مان) و خوای (خوی) و وێنەی ئەم پاشایەی كە ئەم شوێنەی دروست كردووەو یارمەتیی منی داوە، من وێنەكانی خوای تەرتەرم كە پارێزەری ئەم تیرەیەیە كۆم كردوونەوە".

*   *   *

شورەیەكی قایم دروستكرد، ناوی پاشاكەیان كە نێوی (ئیندكری Indikiri كوڕی ستركیت Suturkit) بوو لەسەر هەڵكەندبوو، هەموو ناوو دیوارەكانم وەقفی ئەوان كرد. شارەكەیانم كە (خدی) بوو ئاوەدان كردەوە، هەروەها پەیكەری (دیتبی)م كە خوایەكی گەورەیەو خاكی ئەم ئەنزانەی پێ بەخشیوم ساز كردەوە. جادەیەكیشم دروستكرد كە لە ئەمرەدییەوە رەت دەبێ، پاشایانی ناوچەی چۆمی (بەرن)م كۆكردنەوە، یاساو پەیكەری دیتبی مەزن كە وڵاتی ئەنزانی بەمن بەخشی و خواكانی تری ئەمرەدیان كە یارمەتیان دام بەم كارەی من خۆشحاڵ بوون. وڵاتی (ساه سیكشی)م داگیركرد، رێگای ئەمرەدیشم دروستكرد". تەرجومەی ئەم خەتە بزمارییە سایسی پرۆفیسۆری ئەندامی كۆنگرەی رۆژهەڵاتی لیدكە لە هۆڵەندا كردوویەتی. ئەم پاشایە، واتە (تخی خی كوتو ئەماردی) بەردەنووسێكی تری لە ئەشكەوتی سلێماندا لە پاش بەجێماوە، لەو بەردەنووسەدا دەڵێت:

"من تخی خی ئاماردی پاشا كوڕی خنی، خەڵكیم راسپارد پێش نوێژم بۆ خوایانی ئەمرەدی هەڵكەند، ئەم وێنەیە (بم بتی)یەم تاشی، بەڵام خوای (مان)م لێرەدا هەڵنەكەند، لە شوێنێكی شاراوەدا دروستم كردووە". بڕوانە: (تاریخ بختیاری).

ئەماردی یا ئەمرەدی، تیرەیەكی كوردە كەسترابون لەگەڵ كورتیەكانی ناوچە جیاوازەكانی ئێراندا ناوی هێناوەو بەهاونەژادی لە قەڵەم داون. ئەم بەردەنووسانە لە راستیا زۆر گیرو گرفتیان چارەسەر كردووە، جگە لەوەی یەكێتیی (كوتو و كوسو) نیشاندەدەن، ئەوەش دەسەلمێنن كە تیرەی ئەماردی لە كوتوكان بوونەو كوتوكانیش، كورتی بوونە.

www.pertwk.com

سنووری کورتیەکان تا سەدەی بیست و شەشەمی پ.ز لە عیلامەوە تا ئاتنە بوو، بۆ ماوەی سەدو بیست و پێنج ساڵیش عیلامیان لە ژێر دەست دا بووە. لە ئەنزانشدا گوتیەکان نیشتەجێ بوونە. پاشان کوسیەکان لە ئەنزاندا پەیدا بوون و کاسیتەکان لە باکوورەوە هاتن و لە ئەنزانەوە جمان و هەڵیانکوتایە سەر بابل و نزیکەی حەوت سەد ساڵ حوکمیان کردووەو پاشان گەڕاونەتەوە بۆ کۆجارەکانی خۆیان.

کەتیبەی مالامیر لەو سەردەمدا نووسراوەو ئەوە دەردەخات کە ئەو هۆزەی لە ئەنزاندا حوکمی کردووە تیرەیەك بووە لە گوتوکان و (ئەمرەدی) پێگوتراوە، چونکە ئەنزان نیشتمانی کوسی، کاسیتەکان بووە، دەبێ (ئەمرەدی) تیرەیەك بووبن لە کاسیتەکان و کاسیتەکانیش لە گوتیەکان بوونە.

ئەم بەردەنووسە (کەتیبە) نێوی پاشاکەی بە (ئیندیکری کوڕی سوترکیت) تۆمار کردووە، کە نێوی تایفەیەکی (ماد)ش (ئەستوگرت، ئەستروخات) بووە.

کتێبی "کردو پیوستگی نژادی و تاریخی او" دەڵێت: "تایفەی ئەمرەد یان مارد لە دۆستان و یارانی کوروشی گەورە بووەو ئەو تایفەیە بە ئەژدادی کوردو لوڕەکان دەزانن کە بەشێکیان لە فارس دا نیشتەجێ بوونەو هەن". بە گوێرەی بەردەنووسەکەی مالامیر بێ، دەشێت بگوترێ کە کوروش لەوانەوە نزیك بووە.

سترابون لە زمانی (ئاراتستن)ەوە دەڵێت لە فارس دا هەندێ تیرەی وەکو کورد، مەرد، مەجوس و .... هتد نیشتەجێنە.

بەردەنووسەکانی ئاشور بەناوچەکانی رۆژاوای دەریاچەی رەزاییەیان گوتووە (پارثوا) ئەمانە تیرەی (پارث، پارت)ن کە لە شوێنەکانی خۆیانەوە کوچیان کردووەو بەرەو باشووری دەریای خەزەر چوونە. داریوشی مەزن پێی گوتوون (پرثو) فەرەنسیەکان (پارتیك) یان پێدەڵێن.

(ئاسەرهەدون)ی پاشای ئاشور ئەم تیرەیەی بە ماد زانیوە. بە پێی ئەو نووسراوانەی کە لەسەر خشت دۆزراونەتەوە، لە سەردەمی (سەنحاریب)دا تیرەیەك بە نێوی (پرسواس) کە دەڵێن (پارس)ە لە شاوری عیلامدا نیشتەجێ بووە. (سلم نصر) لە سەرکەوتنەکەی خۆیدا ئاماژە بۆ نەفەرێکی ئەرتەشە دەکا کە لە نزیکی تیرەی (پرسواس) نیشتەجێ بووە. ئاشوریەکان لە سەرچاوەیەکیاندا شوێنی (پرسواس)یان بە رۆژاوای عیلام داناوەو هەر لە هەمان سەرچاوەدا رۆژاواو باشوری رۆژاوا بە شوێنی (ئامادی و پارسواکان) لە قەڵەم دەدەن. بەمەدا دەردەکەوێ کە پارسواکان، (پرسواس)کان نەبوونە. ئەمە جگە لەوەی هوخشترەی پاشای ماد لە باشووری پارسدا (پارسومیش)ی گرتووەو لە باکووردا (پارسواکانی) لە دەستی ئاشووریەکان دەکردووە. بەبۆچوونی نووسەر ناشێت (پارسواکانی) باکور لەگەڵ (پارسومیش یا پرسواس)ەکانی باشووردا بە یەك بزانرێن. هەر بۆ پشتیوانی ئەم بۆچوونەش (سیرجان ملکم) نووسەری ئینگلیز لە مێژووەکەی خۆیدا دەڵێت: "هەندێ لێکۆڵەرەوە ڕایان وایە کە سوڵتانەکانی (پارثیا) لە

www.pertwk.com

بنەڕەتدا تۆران یا تاتارن و چەند سەدەیەك دەسەڵاتیان بەسەر ئێران دا هەبووە، بەڵام زۆر بەڵگەی پێچەوانەی ئەم رایەش هەن. یەكێك لە لێكۆڵەرەوەو مێژوونووسانی كۆن دەڵێت كە خەڵكی پارثیا لە كەنارەكانی دیجلەدا نیشتەجێ بوونەو لە كۆندا ناویان (كاردوش) بووە. هەڵكەوتەی خاكی (كاردوشیەكان) كوردستانی ئەمڕۆیە. هەمان نووسەر لە خوارترەوە دەڵێت: "لە مردنی ئەسكەندەرەوە تا ئەردەشیر بابك نزیكەی پێنج سەد ساڵ دەبێت، ئەم ماوە دوورو درێژە لە مێژووی رۆژهەڵاتدا ون و نادیارە.

فیرەدەوسی تەنیا ئەوەندە دەڵێت كە گوایە هیچ مێژوویەكی ئەو ماوەیە نەماوەو دەڵێت: "پاش مردنی ئەسكەندەر وڵاتی گەورەی ئێران نزیكەی دوو سەد ساڵێك لە پاشاگەردانی دا بووەو دەرەبەگ و سەرۆك عەشایەر بەڕێوەیان بردووەو هەمیشە لە نێو خۆیاندا لە شەڕدا بوون، شیرازەی وڵات بە جۆرێ پچڕاوە كەس بە كەس نەبووە، دەشێت بگوترێ ئێران لە هەموو ئەو ماوەیەدا وڵاتی بێ حاكم و میللەتی بێ خاوەن بووە!... بە هەر حاڵ فیردەوسی مێژووی ئەو سەردەمەی بە تەواوی فەرامۆش كردووە، كەچی مێژووی رومیەكان پڕە لە رووداوی ئەوتۆ كە ئێرانییەكان دكارن شانازی پێوە بكەن. پاشایانی (پرثیا) كە ئەمڕۆ ناویان لە مێژووی ئێراندا ونە، پاشای ئەوتۆ بوونە كە شمشێری هەمیشە بریقەداری رۆمیەكان نەیاندەتوانی رووبەڕوویان بوەستنەوە. دەتوانرێ بگوترێ سەرچاوەی ئەو هونەرو ئازایەتیە ئێرانییەكان بوونە. بە هەر حاڵ دانیشتوانی ئەو وڵاتەی كە بەسەر رۆمیەكاندا سەر دەكەوتن، لە نزیكی مەملەكەتەكانی روم بوونە و لە دەریای خەزەرەوە تا كەنداوی فارس درێژەی هەبووە، بریتی بووە لە كۆساری سەخت، دۆڵی ترسناك، روباری خۆڕ و دەشتی قاقڕو كاكی بە كاكی. رۆمیەكان نەیان توانی بوو ئەو تایفە ملكەچ و گوێڕایەڵی خۆ بكەن. كارامەترین و ئازاترین دلاوەرانی رۆم كە لە سەردارەكانی خۆیانەوە باسی شەڕی (پرثیا)یان دەژنەوت سەری خۆیان دادەخست.

ئەم ناوچانەی (سیرجان ملكم) ئامارەیان بۆ دەكا نیشتمانی مادی كۆن و كوردی دوای ئەوان دەگرێتەوە. ئەمەش بەڵگەیەكی گەشی گیانبازی و فیداكاری كوردانە لە ڕای پاراستنی خۆیان و ئێرانیەكان. هەروەها بەڵگەی ئەوەشە كە كورد چەقی قورسایی ئێرانی پێكهێناوەو ئەو تیرەو هۆزانەی كە بە نێوی ئێران و ئێرانیەوە هەمیشە لەگەڵ رۆمیەكاندا لە شەڕدا بوون، بە گوێرەی هەڵكەوتی جوگرافیاییاندا دەردەكەوێ تەنیا كوردەكان بوونە.

لێرەدا قسەیەكی پرۆفیسۆر هرتسفلدم دێتەوە یاد كە گوتویەتی: "ئەگەر تاقە ناوێك شایانی دانیشتوانی ئێرانی بەر لە ئاریەكان بێ، دەبێ وشەی (كاسپین) بێ و ئێمە دەتوانین ریشەی ئەم وشەیە لە زۆر شوێنی ئێراندا بدۆزینەوە... جا هەر بەو پێودانگە ئەگەر پاش ساسانیەكان بۆ ناوێك بگەڕێین كە پڕ بە پێست و شایان و لایەقی دانیشتوانی ئێرانی بێ ئەوا بێگومان لەسەر وشەی (كورد) دەگیرسێینەوە كە لە هەموو

www.pertwk.com

شوێنێکی ئێراندا ناوی ئەم میللەتە وەکو رۆژی روناك دیارە. لە کەنداوی فارسەوە تا دەریای خەزەر، لە مازندەران، خۆراسان، ئەفغانستان، ئەسفەهان، کرمان، خوزستان، ئەران –ئازەربایجانی قەفقاز– ئەرمەنستان، کارداکیە، لە رەبیعەوە تا سیواس و ئەسکەندەرون.

(تدسکو)ی رۆژهەڵاتناس هەندێ پەیوەندی لە نێوان بلوچ و کوردا کەشفکرووە، بڕوانە کتێبی (تاریخی کوردو کوردستان، ئەمین زەکی بەگ).

ئەمین زەکی بەگ لە مێژووەکەی خۆیدا دەربارەی کتێبە ئاینیەکانی زەردەشت کە لە سەرەتاکانی سەردەمی ساسانیدا نووسراون، دەڵێت: "لە راستیدا ئەم کتێبانە وا لە مرۆڤ دەکەن" کە بڵێت: "زۆر لەگینە زمانی پەهلەوی لە بنەڕەتدا زمانی کوردی ئەمڕۆ بووبێ یا بنەڕەتی زمانی کوردی ئەمڕۆ بووبێ، چونکە وشەکانی زۆر لە کوردی دەچن، بۆ نموونە (دینکرد) کە باسی مێژووی ئەدەبیات و یاساکانی ئاینی زەردەشت دەکات پەیوەندییەکی زۆری بە (دینی کورد)ەوە هەیە، و بگرە هەر (دین)ی (کورد)ـە. یا (دانستان دینیك) بە چ مەعلوم (داستان دینیك) نەبێ کە بە تەواوی بە زمانی کرمانجی ئەمڕۆیە. (شکندکوماتیك وی جار) کە بۆ بەرگری لە ئاینی زەردەشت نووسراوە، زۆر لە زمانی کوردی نزیکە".

لە راستیدا (شکندکوماتیك وی جار) لە کرمانجی ئەمڕۆدا مانای ئەمەیە کە (ئەمجارە هەموویانی شکاند) کە ئەمە بە تەواوەتی کوردیە.

(دامیس تیتر) لەو باوەڕەدایە کتێبی پیرۆزی زەردەشتیان بە زمانی ماد نووسراوە. بە گوێرەی قەواڵەیەکی بابلی ئەوە دەردەکەوێ کە خەڵکی بابلی زۆر لە هێرش و پەلاماری گوتیەکان ترساون. دەڵێن گوتیەکان خەڵکانی هوڤی و دڵڕەق بوونە و ناوچە ئاوەدانەکانی میزوپۆتامیایان غەرقی خوێن و ئاگر کردووە.

سەبارەت بە مادەکانیش، مێژووی یەهود، ماد بە ئالەتی غەزەبی یەهوە دەژمێرێ. پێغەمبەرانی ئیسرائیل دەیانگوت یەهوە (خوا) شادمانە کە بە هۆی مادە بێ بەزەیی و دڵڕەقەکانەوە ترس و لەرزێکی گەورەی خستووتە دڵی بابلییەکانەوە.

کوردەکانی ئەمڕۆن کە پاشینانی ئەوانن، گەرچی حکومەتێکی تایبەتی خۆیان نیە، بەڵام بەهۆی بزووتنەوەی ئازادیخوازی خۆیانەوە ترسیان خستوەتە دڵی ئەو دراوسێیانەیانەوە کە هاونەژادی خۆیان نین بەڵام نەك بە زەبری دڵی رەقی، بەڵکو بەزەبری ئازایەتی و دلاوەری خۆیانەوە!... بۆیە دراوسێکانیان، بۆ ئەوەی ئەم میللەتە یەك نەگرێ، هەمیشە خەریکی ئەوەن ناتەبایی و دووبەرەکیان بخەنە ناو.

شەرەفنامە دەڵێت: "وەختێ بانگەوازی پێغەمبەرایەتی محەمەدی و سەداو بانگی پەیامی ئەحمەدی (د.خ) لە گۆشەو کەنارانی دنیادا دەنگیدایەوە، نوێنەری میللەتان بۆ وەرگرتنی دەستوور و ئیسلام بوون چوونە خزمەتی حەزرەتی محەمەد.بەغدوز ناوێکی ناشیرین و رەزا قورسی کورد دەگاتە خزمەتی حەزرەتی محەمەد، حەزرەت کە چاوی بە

www.pertwk.com

رواڵـەت و هەیبـەتی دەکـەوێت، ناچێتە دڵییـەوە و پەسـت دەبیٚ. ئیدی پرسـیاری هـۆزو تیرەی کابرا دەکا، ئەویش دەڵیٚ لە هۆزی کوردانم، پێغەمبـەر دەفـەرمویٚ خـوا ئـەم تیرەیـە یەك نەخات دەنا دنیا وێران دەکەن".

فرج اللـە زەکـی، کـە شـەرەفنامەی چاپ و بڵاوکردووەتـەوە لـە پـەراوێزدا دەڵێـت: "ئـەم قسەیە، قسەیەکی خورافیە، چونکە پێغەمبەران ناڕواننە رواڵەت، بەڵکو دەڕواننە رەفتارو ماهیەت، و ئەرکیان رێنوێنی کردنی خەڵکە بۆ خواناسی، و دوعای خێریان لەسـەرە نـەك دوعای خراپ".

هەڵبەتە گومان لە خورافاتی بوونی ئەم قسـەیە نیـە، بـەڵکو تـەنیا نیشانـەی ئـەو تـرس و لەرزەیە کە ئەم میللەتە دەیخەنە دڵی نەیاران و ناحەزانی خۆیانەوە!.

www.pertwk.com

((3))

ئاراراتیەکان

سلمان نصری یەکەمی پاشای ئاشور، بۆ یەکەمجار لە ساڵی (1260 پ.ز) نێوی ئاراراتی بردووە.
قامووسی کتێبی پیرۆز ی (مستەرهاکس)ی ئەمریکایی کە بۆ فارسی ئامادەو تەرجوومە کراوە دەربارەی ئارارات دەنووسێت: "ئارارات هەرێمێکە لە مەرکەزی ئەرمەنستان، کەوتووەتە بەینی روباری ئاراس و دەریاچەی وان و ورمێ. هەندێ جار ئەم ناوە (ئارارات) بە هەموو ئەو وڵاتە وتراوە. لە قسان کەشتیەکەی نوح لەسەر ئەم کێوە گیرساوەتەوە. ئەم کێوە بەرزە کە ئەرمەنیەکان (میسیس)ی پێدەڵێن، تورکەکان (ئاگری داغ)و ئێرانیەکان (کێوی نوح)و ئەوروپاییەکان بە زۆری (ئارارات) و عەرەبەکان (جودی) پێدەڵێن. (جودی، کێوێکی دییەو لە باکووری موسڵە)، هەڤدە هەزار پێ لە رووی دەریاوە بەرزەو یەکێکە لەو چیایە گڕکانیانەی کە دوا تەقینەوەی لە ساڵی 1840دا بووە. (راستە گڕکانیە، بەڵام تا ئێستا کەس نەیتوانیوە رۆژو ساڵی دوا تەقینەوەی دیاری بکات).
(دمرکان)ی مێژوونووس، باسی دەوڵەتی بەهێزی ئارارات دەکات و دەڵێت: "هۆزی ماد، کە لە ساڵی دوو هەزاری پێش زایندا لە قەفقازەوە دێن و کە دەوڵەتی بە هێزی ئارارات لە رێگەی خۆدا دەبینن، رێی خۆیان دەگۆڕن و لە رۆژهەڵاتەوە رەت دەبن. (هۆزی ماد: دەبێ لێرەدا مەبەستی کاسیتەکان بێ).
بوونی ئەم دەوڵەتە لە ساڵی (900 پ.ز) واتە لە سەردەمی حوکمڕانی زوحاکدا ئاشکراتر بووە. نزیکەی ساڵی (800-815 پ.ز) (منواش)ی پاشای ئارارات بەرەو باشور هاتووەو هەرێمی پارسواو ماننائی داگیر کردووەو بەربەستێکی بتەوو قایمی لەبەردەم ئاشوریەکان دروستکردووە، کە دەبێ ئەم (منواش)ە هەمان مەنوچەهری شانامە یا (منوش چتر)ی ئاوێستا بێ. لە ساڵی (882- 773 پ.ز)دا (سارودوریس)ی پاشای ئارارات، سلمان نصری سێیەم، پاشای ئاشوری شکاندووە.
هیرودوت دەڵێت: لە دەوروبەری کێوی ئارارات قەومێك بە نێوی (ئالارود) هەبوونەو (هالدی)یان دەپەرست. لە ساڵی (600 پ.ز) ئەرمەنییەکان هاتن و خاکی (ئالارود)یان

www.pertwk.com

داگیرکردو ئاینی (ئالارود)یان قەبووڵکرد، ئیدی بە خۆیان نێوی (هالدی، هایتی)یان لە خۆ ناو ئەو ناوچانەی کە داگیریان کرد، ناویان نا (هایستان).

عەلی ئەسغەر شەمیم هەمەدانی لە کتێبی (کورد)دا دەنووسێت: "کە دەوڵەتی ئاریانی میللەتانی خالدی یا کاردو بە دەستی ئەرمەنییەکان لە نێو چوو، نەبووە مایەی فەوتان و نەمانی ئەو شوێنەوارو ئاسەوارانەی کە خالدی، یا کاردۆکان لە ماوەی سێ سەدەدا لە شوێنی خۆیاندا دروستیان کردبوو یا بە جێیان هێشتبوو. بەڵکو دوای کۆچکردنی خالدیەکانیش بۆ کۆجارەکان، ناویان لە ناوچەی باکووری دەریاچەی وان دا، واتە تەرابزونی ئەمڕۆدا مایەوە.ئەم ناوچەیە لە سەردەمی ڕۆمی ڕۆژهەڵاتی بیزانسدا، خیلات یا (ئالخات)ی پێدەگوترا. تا ئەمڕۆش شارێکی کۆن لە کەناری باکووری ڕۆژاوای دەریاچەی نێو براو بە نێوی (ئەخلات) هەیە.

کتێبی: (ایران نامە یا کارنامە ایرانیان در عهد اشکانیان) دەربارەی ئاراراتیەکان دەنووسێت: "بەر لەوەی ئاریەکان ببنە خاوەنی ئەو هەرێمە، چەند تیرەیەکی تورك لەوێندرە نیشتەجێ بوونە، لەوانە: تیرەی (نایری) لە کۆسارەکانی ڕۆژاوای وان و هەردووك ڕەخی دیجلە بووە. تیرەی (مینویی– minui) لە باشورو ڕۆژاوای دەریاچەی ورمێ، لە نزیکی کێوی زاگروس بووە. تیرەی (ئورادو– urardu) لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاقاری (نایری) بووە. (ئورارادو) لە هەردوك تیرەکەی دی بەهێزتر بووەو هەمیشە لەگەڵ ئاشوردا لە شەڕ و شۆڕدا بووەو (وان)ی ئێستا مەڵبەندیان بووە. لەو بەردەنووس و کەتیبانەی کە لە سەرانی ئەوان بەجێماون، نێوی شەش کەس ئاشکرا بووەو لەگینە ئەمانە لە یەك خێزان و بنەماڵە بووبن و دوا بە دوای یەك حوکمڕانیان کردبێ، یەکێك لەو شەش کەسە (ارکیستس) پاشایە کە لەگەڵ (سارگن– 720– 700 پ.ز) پاشای ئاشوردا شەڕی کردووە. یەکێکی دی (بلات دری) یان (سردورس)ی سێیەمە کە لەگەڵ ئاشور بانیپاڵ دا لە ساڵی (644 پ.ز) کێشەی هەبووە. سنووری وڵاتی (ئورادو) بە هەموو ئەو سەر زەمینە تەخمین دەکرێت کە ئێستاکێ بە نێوی ئەرمەنستانەوە ناسراوە. هەندێ شوێنەوارو ئاسەواری ئەم ماڵباتە لە ملاتیە، پالو، میاندواب. پاشایانی ئەوێندەر بە خۆیان گوتووە (شای نایری).

لە گۆڤارێکی فارسیدا، وتارێك لە ژێر سەر ناوی (ئەرمەنستان) نووسرا بوو کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لە سەدەی نۆزدەدا کە ڕۆژهەڵاتناسان لە کێوەکانی ئێران و ئەرمەنستان و ئاشوردا خەتە هەڵکۆڵراوەکانیان خوێندەوە، پەیان بەوە برد کە لە ساڵی سێ هەزاری پێش زایندا خەڵکێکی زۆر لە بەشێکی ئەرمەنستاندا بە نێوی (سوباری) هەبوونەو مێژوو نێوی چەند دەستەو گروپێکی تری لە نێو ئەواندا بردووە، لەوانە: خات، هات، خالدی، هیتد، ئالورود و هاباس.

لەو سەردەمەدا لە ئاسیای بچووکدا، حوکمڕانانێك هەبوونە بە نێوی: (ئورادو، بێ ئانا، عوسایر، ملید، میل دیس، نایری و مانا) کە ئەمانە لە خەتی ئاشوریدا بە وڵاتی نایری

www.pertwk.com

زانراون. له سەدەکانی دواتردا هەموو ئەم حوکمڕانانە یەکیان گرتووەو دەسەڵاتی (ئورارتو) یان دەمەزراندووەو پایتەختەکەیان (طوسبا) بووە کە ئێستا بە (وان) ناسراوە.. لێرەدا، ئورارتو و مانائیش بە مەملەکەتی نایری نێو براوە.
تیگلات پلیسری پاشای ئاشورش لەم بارەیەوە دەنووسێت، میللەتی نایری لە دەوروبەری سەرچاوەکانی دیجلەو فوراتدا، پانی لە نیشتمانی ئاراراتیەکان، دەژیان، لە باکووری نیفاتس تا دیاربەکر، خەرپوت، دەرسیم و کێوەکانی نەتلیس– طوروس یان گرتبوو. (بڕوانە: مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی).
بەمەدا وا دیارە کە (ئاراراتیەکان)یش لە (نایری)یەکان بوونەو پاشان ئەرمەنیەکان هاتوون و ئەو وڵاتەیان داگیر کردووە.
لە زەمانی مادەکاندا، فەرماندەی ئەرمەنستان لەلایەن مادەوە دادەنرا. پاش لە نێو چوونی ماد، کوروشی گەورە، ئیمپراتۆریەتی ئێرانی دامەزراند، ئەرمەنستان بوو بە بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی ئێران، و تا سەردەمی داریوشی سێیەم مایەوە. فەرماندەکانی وێندەر (وندفرنە) یا (هیدرانس) هەڵدەبژێردران. بە گوتە سترابون تا سەردەمی (ئانتوکوس)ی گەورە، پاشا سلوکوس لە ئەرمەنستاندا حوکمڕانی کردووە (559– 223 پ.ز) (بڕوانە: ایران باستان)
هەر چەندە کتێبی (ایران نامە) ئەم تیرانەی بە تورك لە قەڵەم داوە، بەڵام دۆزینەوەو دوا ئیکتیشافاتەکان سەلماندویانە کە ئەمانە لە نەژادی ئارین.
لێکۆڵەران، میتانیەکانیان بە نایری لە قەڵەم داوە، کە هیچ گومانێك لە ئاریایی بوونیان نییە. ئاشوریەکان، ماننائیەکان وەکو لە کتێبی مینوئی دا تۆمار کراوە، بە خزمی مادەکان دا دەنێن، تەنانەت یەکەم پاشای ماد (دیاکو) سەرۆکی عێڵی ماننایی بوو. لە بنەڕەتدا (ماد، ماننایی، سیت، کیمری) لە مێژوودا بە (ئوممان– ماندا) ناسراون کە هەموویان لە یەك نەژادو ئاریایی بوونە. سنوورو ئاقاریان گەییوەتە کەنارەکانی دەریای رەش کە ئاراراتیەکانیش لە چوار چێوەی ئەو سنوورەدا بوونە.
هەمان کتێب دەنووسێت: (پاشایانی ئارارات بە خۆیان دەگوت شای نایری، بە زمان و ناوی ئاراراتیەکاندا دەیارە کە ئاریایی بوونە، لە راستیدا، لە کۆنا مادەکانیشیان لەگەڵ ئەو تیرانەدا بە تورك یان سامی نەژاد دەزانی. لە ئەنجامی پشکنین و کۆڵینکاری پاشتردا چەند قەباڵەیەك دۆزرایەوەو ئاری بوونی مادەکانی ساغکردەوە.
دوا پاشای ئارارات نێوی (ئاری مینا) بووە. ئەو سپەرە برونزیانەی کە ئەم پاشایە پێشکەش بە پەرستگەی کردبوون، ئەمڕۆ دۆزراونەتەوەو وا دەردەکەوێ کە فەرمانڕەوایی (ئاری مینا) لە سەرەتاکانی سەدی شەشەمی پێش زاین بووە.
داریوش یەکەم لە کەتیبەی (بەردەنووس) بێستووندا ئەرمەنستانی بە ئارمینا نێو بردووە. ئارارات وشەیەکی عیبریە، هیرودوت، (ئالارود)ی پێگوتووەو ئاشوریەکان (ئورارتو)یان پێگوتووە. (مایەر)، نیشتمانی ئەسڵی ئەم تایفەیەی بە ئاراسی مەرکەزی زانیوە، هەندێ

www.pertwk.com

سەرچاوەی مێژوویی ئەو، ئەویٚ بە شوێنی ئارزانتەکان، کە یەکێکە لە شەش تیرەکەی ماد، دەزانن. لەوەشە وشەی ئارارات و ئارزانت جۆرە پەیوەندییەکیان لە نێوان دا هەبیٚ.
لە دەوروبەری حەزودا –لە کوردستانی باکوور– زنجیرە کێوێکی بەرز هەیە نێوی (مارارتو) بووە و ئێستا بە (مالاتو) ناسراوە. عەرەبەکان وشەی (مارارتو)یان بە مەعنای (رەت بووم) لێکداوەتەوە. دەڵێن وەختیٚ کەشتیەکەی نوح بەسەر ئاوەوە بووەو ئاوەکە کەم بووەتەوە، کەشتیەکە بەسەر ئەم لوتکەیەدا تێپەڕیوە، حەزرەتی نوح فەرموویەتی: ((مررت)) ئەم وشەیە پاشان بووە بە نێوی ئەم کێوە.
بە گوێرەی ئەم ئەفسانەیە دەشێت بگوتریٚ کە نێوی یەکەمی ئەم زنجیرە کێوەش (ئورارتو) بووە، عەرەبەکان کردویانە بە (مررت). دیارە ئەم دوو کێوە نێوەکانیان لە یەك تیرەوە وەرگرتووەو لە راستیدا ئاسەواری پاشایانی ئارارات لە (مەلاتیەو پالو)دا دۆزراوەتەوە.
تیگلات پلیسری ئاشور، لە کۆجاڕی ئازو–حازو–دا نێوی تیرەی کورتیە دەبات، بەم پێیە تیرەی کورتیە، تیرەیەك بووە لە تیرەکانی (ئورارتو). سترا بوون ئەم بۆچوونە دەسەلمێنیٚ و باسی بوونی (کورتی، مردامرد)ەکان لە ئەرمەنستانی خاکی ئاراراتیەکان دەکات، سەرچاوە مێژووییە ئەرمەنیەکان، لە ئاقاری حوکمڕانی ئەرمەنیەکانا باسی تایفەیەکی گەورە بە نێوی (مار) دەکەن. ئەم تایفەیە لە دەوروبەری دەریاچەی وان بووە. ئەمڕۆکەش لە نزیکی شاری وان دا دوڕگەیەکی بچکۆلە هەیە بە نێوی (اختامار).
ڤیکۆر لانگلوا دەڵێت: "ئەرمەنیەکان، بە مادەکان دەڵێن (مار) و بە پاشماوەی ئەژدەهاکیان دەزانن و دوا پاشای مادەکان بە زمانی ئەرمەنی (ویشتا بازونگ)ی پێوتراوە کە مانای (ئەژدیها زادەکانە). (ویشاب ئازون)ە.
سەنحاریبی کوڕی سارگونی دووەم لە هەرێمێکی باکوورەوە بۆ باوکی دەنووسێت: "خەڵکێکی زۆر لە باکورەوە گوشار بۆ وڵاتی وان دێنن و (ئەرکیشتی دووەم)ی پاشای وان بە زەحمەت مقاوەمەت دەکات. ئەم خەڵکە (کامبر)یان پێدەڵێن". تەورات، بە (جومر) و مێژوونووسانی یۆنانی بە (کیمری) نێویان بردوون.
پایتەختی دەوڵەتی ئارارات شاری وان بووەو دانیشتوانەکەی (مار)ەکان بوونە. ئەم (مار)انەی ئەرمەنیەکان هەمان (مرد، ئەمردەکانی) (سترابون)ن کە پاشان ناوی کوردیان گرتووەتە خۆ. دیارە دەبیٚ ئەم تیرانە لە میللەتی ئارارات بووبن و پاش نەمانی دەوڵەتەکەشیان بە دەستی ئەرمەنیەکان، هەر لە شوێنی خۆیان ماونەتەوەو ژیارو شارستانیەتێکی بەرچاویان هەبووە، و باوەڕی ئاینی خۆیان بەسەر ئەرمەنیەکاندا سەپاندووە.
لە سەدەکانی هەوەڵی بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحیەتدا، لە ساڵی (275) مەسیحیدا (ترتات)ی پاشای ئەرمەنی بووە بە مەسیحی و لە دەوروبەری (موش)دا سیٚ هەزار کەسی لە سەرانی رۆحانی (هالدی) کوشتوەو خەڵکەکەی کردووە بە مەسیحی، لەم بەینەدا بەشێك لە کوردەکانیش ئاینی مەسیحیان قەبوڵ کردووە، پاشان کە ئاینی ئیسلام بڵاوبووەتەوە کوردە

www.pertwk.com

هالدیـەکانیش چـاویان لـە هاونـەژادانی خـۆ، کوردەکـانی باشـور کـردو بـوون بـە ئیسـلام. میللـەتانی بندەسـت لـە ژێـر کاریگـەریی هەسـتی ئازادیخوازیـدا، کـە ئـەم هەسـتە غـەریزەی ئاسـایی هـەر مرۆڤێکـە، هەمیشـە حـەز دەکـەن سەرپێچـی لـە رەفتـارو کـرداری میللـەتی سەردەست بکەن و هەر رووداوێك دژی بیرو باوەڕی میللەتی سەردەسـت بێ، بەلای میللـەتی بندەستەوە پەسندە، جا چونکە کوردانی ئاراراتی لە ژێـر دەسـەڵاتی ئەرمەنیەکاندا بوونـەو ئاینی ئەرمەنیەکان مەسیحیەت بووە، بۆیە بە گەرمی روویان کردووەتە ئاینی ئیسلام و هـەر کـە بەشـی زۆری هـاو رەگـەزەکانیان، ئیمانیـان بـە ئـاینی ئیسـلام هێنـاوە، ئـەوانیش-یـانی ئاراراتیـەکان- بێ سـێ و دوو چـوونەتە ریـزی موجاهـدینی ئیسـلامەوە کـە هـەڤڕکی ئـاینی عیسـایی بـوو: ژمارەیـەکی کـەم لـەو ئاراراتیانـە هـەر لەسـەر ئـاینی مەسـیحیەت مانـەوە، کـە نەوەکانی ئەمڕۆیان بە ئەرمەنی دەژمێردرێن. چونکە لـەو سـەرو بەنـدە دێرینـەدا بیروباوەڕی ئـاینی بەسـەر هەسـتی نەتەوەییـدا زاڵ بـووە، ئیـدی کەوتوونەتـە ژێـر هەسـتی ئاینییـەوە و نـەژادو رەسـەنی نەتـەوەیی خۆیـان فـەرامۆش کـردووە. ئەمڕۆکـەش لـە نێـو هەنـدێ تایفـەی کوردا نیشانەی خاچ لەسەر هەویر دەکێشن کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ئەوەیە کە ئـەوان مەسـیحی بوونـە و پاشـان بـوون بـە موسـوڵمان.ئەمـە جگـە لـەوەی بـە پێـی گێڕانـەوەی سەرچاوە مێژووییە ئەرمەنیەکان لە سالانی 150-200 زاینیدا، ئاینی مەسیحیەت لە نێو کوردەکاندا بڵاوبووەتەوەو ژمارەیەکیانیش لە کۆسارەکانی (کوردوین)دا بە نهێنی باوەڕیـان بـە ئـاینی عیسـا هێنـاوەو مومارەسـەیان کـردووە، تەنانـەت (سـوکیاس) سـەرۆکی عیسـاییە نهێنییەکانی کورد، بە دەستی هاوشاریە بتپەرستەکانی خۆی کوژراوە.

لـە راسـتیا، عیسـاییەکانی ئاکنجی کۆجاڕانی سـەخت و ئاسـێی کوردسـتان لـە ناوچـەکانی رۆژهەڵاتی دەریاچەی وان و دەرسیم تـا سـەردەمی یەکـەم جـەنگی جیهـانیش بـە هـیچ جـۆرێ زمانی ئەرمەنییان نەدەزانی و هەر بە کوردی قسەیان دەکرد. دیارە ئەمانە ئەو کوردانە بـوون کە باو باپیرانیانی لەسەر ئاینی عیسایی مابوونەوە دەنا هیچ میلـەتێ لـە سـایەی دەسـەڵاتی نەتەوەیی خۆیدا زمانی زگماکی خۆی فەرامۆش ناکاو بە زمـانی میللـەتی بن دەسـتی خـۆی قسە ناکات. کوردە موسوڵمانەکانیش ئەوانیان، چونکە مەسیحی بوونـە، هـەر بـە ئەرمـەنی زانیوە، کوردەکانی ئەو ناوچانەش جگـە لـە میللـەتی ئەرمـەنی پەیوەندییان بـە مەسـیحیانی دیکەوە نەبووەو هەموو مەسیحییەکیان بە ئەرمەنی داناوە. ئەمڕۆکەش هەر وایە.

لە یەکەم جەنگی جیهانیدا کە دەوڵەتی عوسمانی ئەرمەنیەکانی بندەستی خۆی قـەتڵ و عـام کرد، ژمارەیەك لەم کوردە مەسیحیانەش کوژران، ئەوانەش کـە توانیـان بـڕەڤن و لـە سـنووری دەوڵـەتی عوسمـانی دەربـازبن، لەگـەڵ ئەرمەنییـەکانی دی دا تێکـەڵ بوونـەو سـەر لـە نـوێ زمانی ئەرمەنی فێر بوونە.

سـەردەمانێ نایرییـەکان، کـە ئاراراتیـەکانمان بـە بەشـێك لـەوان زانیـوە، و سـەردەمانێکیش موشـکیەکان لـە خـاکی ئاراراتیەکانـدا حوکمڕانیـان کـردووەو هـەموو کوردسـتانی باکووریـان داگیر کردووەو شاری (موش) پاشماوەو یادگاری ئەم هۆزەیە.

تەورات، کتێبی پیدایش (23:10)، ناوی ئەم هۆزە بە (ماش) تۆمار دەکات و دەڵێت کە لە باکووری جەزیرەدا نیشتەجێ بوونەو رەگەزیان دەچێتەوە سەر (یافث)ی کوڕی نوح. جا چونکە گومانی ئەوە دەکرێ نەوەی (یافث) لە نزیکی سەرچاوەکانی دیجلەدا نیشتەجێ بوونە، بۆیە پێدەچێت موشکییەکان تا باکوری جزیرەیان خستبێتە ژێر دەسەلاّتی خۆیان، لە سەدەی هەشتەمی پ.زدا، پاشای لیدی میتاس-یان لە مێژوودا بە (میتای و موشکی) نێو بردووە، لە ساڵی 770 پ.ز دەگەڵ (روسا)ی پاشای ئاراراتدا یەکی گرتووەو لەگەڵ سارگنی دووەمدا شەڕی کردووە. بەپێی باوەڕی هەندێ کەس لەو سەردەمەدا (ئورارتو) بەشێك بووە لە ماد.

لە خاکی ئاراراتیەکاندا دوو میللەتی تر ژیاون، یەکیان ئەرمەنیەکان بووەو ئەویتریان بە گوتەی هیرودوت ئالارودییەکان بووە. پاش سەدان ساڵیش هەردوو میللەت لەو هەرێمە بوونە، یەکێکیان ئەرمەنیەکان بووەو ئەویتریان کورد بووە. جا چونکە سەرچاوە مێژووییە ئەرمەنیەکان هیچ ئاماژەیەکیان بۆ لە بەین چوونی (ئالارودی)یەکان ناکەن، دەبێ هەر ئەو ئالارودییانە بووبن کە پاشان ناوی کوردیان گرتووەتە خۆ. ئەمە جگە لەوەی کە مێژووی کۆنی ئەرمەنی باسی کورتیەکان دەکا، و تەنانەت تاکێ لە چەکمەکانی وەزیری کورتی سوور بووە و تەنیا پاشا چەکمەی سووری لەپێ کردووە، ئەم خاڵە بەڵگەی ئەوەیە کە بەر لە ئەرمەنییەکان. میللەتی ئارارات، (کوتی- کورتی) بووەو پاش تێشکانیش وەکو کەمە نەتەوەیەکی گرنگ لە نێو دەوڵەتی ئەرمەنستاندا ماونەتەوەو دەسەلاّتیان زۆر کەم نەبووەتەوە، مادەکانیش لە کورتیەکان بوونە.

گەزنەفون دەڵێت: "لەو شەڕەی کە (ئاستیاکس)ی پاشای ماد دەیویست لەگەڵ بابلییەکاندا بیکات، پاشای ئەرمەنستان کە باجدەرو باجگوزاری ئاستیاکس بوو لەشکری نەدایە ئاستیاکس، کوروش بۆ تەمێ کردنی پاشای ئەرمەنستان بە لەشکری ماد بەرەو ئەرمەنستان چوو و لە ئەنجامدا کوروش قایل بوو بەوەی کە پاشای ئەرمەنستان، چونکە لەگەڵ کلدانیەکاندا شەڕی بوو، نیوەی لەشکرەکەی بهێڵێتەوەو نیوەکەی تری بنێرێتە یاریدەی کیاکسار".

مەبەستی گەزنەفۆن لە کلدانیەکان، ئەو خالدییانەیە کە بەر لە چوونی ئەرمەنییەکان بۆ ئەوێ، خەڵکی ئەرمەنستان بوونە.

لەسەرێڕا ئاماژە بۆ ئەوە کرا بوو کە کلدانیەکان لە رەگەزی جیاواز پێکهاتبوون کە یەکێك لەو رەگەزو رەسەنانە کوتیەکان و کوسیە ئارییایی نەژادەکان بوونە کە گەزنەفۆن ئاراراتیەکانیش بە بەشێك لەوان دەزانێ.

گەزنەفۆن، لە کەوشەنی ئەرمەنستاندا باسی پاشا هند دەکا کە مەعلوم نییە لە کام هۆزو تیرە بووە. بۆ نموونە لە شوێنێکا دەڵێت کوروش داوای لە پاشای ئەرمەنستان کرد کە رێنوێنانی (دەلیل) بداتێ تا قاسیدێك بنێرێتە لای پاشا هندو پارەی لێ داوا بکات. لە شوێنێکی دی دا دەنووسێت: قاسیدی پاشا هند هاتە لای کیاکسارو پێی گوت بیستوومانە

www.pertwk.com

دەتەویٚ لەگەڵ پاشای ئاشوردا شەڕ بکەی، من دەچمە لای پاشای ئاشوریش بزانم کام لا دەست درێژکار بیٚ لایەنی لایەکەی دی دەگرم.
بە کورتی، جارەکی دی دەگەینە ئەم ئەنجامەی کە گوتیەکان لە دەریای رەشەوە تا باکووری عیلام ناوچەیەکی شاخاوی و سەختیان داگیر کردووەو لەگەڵ هۆزو تیرە زۆرەکانی خۆیاندا دەوڵەتانی سەربەخۆیان دامەزراندووەو هەر کاتیٚ تیرەیەك لەو تیرانە تواناو دەسەلاٚتی پەیدا کردووە، پەلاماری هۆزە دراوسێکانی خۆی داوەو خستونیە ژێر رکێفی خۆی و سنووری نەتەوەیی خۆی بەزاندووەو خاکی میللەتانی دی داگیر کردووەو سالاٚنێك لەو ناوچەو مەملەکەتە بەربلاٚوانەدا حوکمڕانی کردووە. سەبارەت بە لێهاتووی و ئازایەتی پاشای ئەو میللەتە، لە نێو هەموو میللەتدا بە شاهنشا ناسراوەو ناوی چووەتە گۆرانی و ئاوازە میللییەکانەوە. ئەوەی کە سەلماوە ئەوەیە کە کۆڵەکەی کۆمەڵگەی کوتیەکان لە (کورتی، نایری، کوسی و ئاماردی)یەکان پێکهاتووە. هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەوان لە گۆرانیە میللەییەکانی خۆیاندا، چ جیاوازییەکیان لە نێو پاشایانی ئەو هۆزو تیرانەدا نەکردووەو هەموویانیان بە پاشای خۆیان زانیوە، بۆیە پێدەچێت ئاراراتیەکان بەشی باکووری کارداکان بووبن.
هیرودوت لە نێو قۆشەنی (اکسرس Xerxes)دا لەشکری کورد بە (ئالارادی ین و ساسپری ین) نێو دەبات. لە باکووری ئەرزروم و سنووری تەرابزونی ئێستادا شارێکی کۆن هەیە و نێوی (ئەسپیر)ـە. خەڵکی ئەو ناوچەیە هەر چەندە زمانی کوردیان فەرامۆش کردووەو بە تورکی دەپەیڤن، لیٚ بە خۆیان دبێژن ((کرداسپیر)).
نێوی (کورتی، مرد، ئەمردەکان) لە هەموو شوێنێکدا پێکەوە هاتووە، تەنانەت هەندیٚ مێژوونووسی عەرەب کە رەگەزنامەی ساختەیان دروستکردووە (کورد)یان بە کوڕی (مرد) داناوەو لە راستیا مەعنای (کورد، مەرد، مەردایەتی) دەکریٚ بە یەك شت بزانریٚ.
(راپسك)ی رۆژهەلاٚتناس دەڵێت: (خالدی، کوردی، کورتی، الکردی) لەگەڵ نێوی کوردەکاندا هاوبەشە. (بڕوانە ئەنسکلوپیدیای ئیسلام).
(دراڤەر)ی رۆژهەلاٚتناسیش دەڵێت: (کاردا، کارتوخی، کورتوخی، غوردی، کارداك، سیرتی –کورتی– غوردیای، غوردویەتی، کاردا، کارداویە، کاردایە، کارتاوایە) هەموویان لەگەڵ کوردیا یەکن، (بڕوانە تاریخی کوردو کوردستان).
عێڵی گەورەی میلان خۆیان بە (خالدی) دەزانن و چونکە ئاگایان لە مێژووی کۆنی خۆیان نییە وا تەسەور دەکەن لە نەوەی خالیدی کوڕی وەلیدن، خۆ ئەگەر خالدی بن ئەوا دەبیٚ بە نەوەی خالدییەکانی ئارارات بزانرێن، وەکو چۆن بنەماڵەی بەڕێزی بەدرخان پاشای میری بۆتان لە نەوەی خالدییەکانن.
لە هەندیٚ شوێندا بە (میتانیەکان) گوتراوە میتلانی، لەوەیە میلانی لە میتلانییەوە هاتبیٚ، شوێنی ئەسڵی (میلانیەکان) لە دەوروبەری دیاربەکر بووە، واتە لە نیشتمانی میتانیەکان بوونە. لەم حاڵەدا دەبیٚ میتانیەکان لەگەڵ خالدییەکاندا بە یەك بزانرێن.

www.pertwk.com

میتانیەکان لە کەنارەکانی دەریای رەشەوە هاتبوون، لە سەردەمی (بیزانس)ی ئیمپراتۆری رۆمدا شوێنێك لە کەناری دەریای رەشدا هەبووە بە ناوی خالدی. لە ناوچەی قەفقازیشدا ئەم ناوە –خالدی– بەرچاو کەوتووە. دیارە هەموو ئەم شرۆڤانە ئەوە دەسەلمێنن کە هۆزانی (خالدی، نایری، میتانی، سوباری، موشکی، بە تایبەتی گوتی و کورتی هاو نەژاد بوونە.

* * *

رەشید یاسمی لە لاپەڕە (114)ی کتێبی: کردو پیوستگی نژادی و تاریخی او)دا دەنووسێت: "لە کتێبی التنبیە والاشراف–ی مەسعودیدا کە بەپێی لێکۆڵینەوەو وردبوونەوەی ئەهلی لێکۆڵینەوە، ئەو بەشەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە لە سەرچاوە سەرەکیەکانی ساسانیەوە وەرگیراوەو ئەو رەگو ریشەیەی سەبارەت بە کوردەکان نیشانی داوە، پێدەچێت لە سەرچاوە پەهلەوییەکانەوە وەری گرتبێ. مەسعودی لەم کتێبەدا هۆزە کوردەکانی ژماردووەو بە نەوەی کوردی کوڕی کوڕی ئەسفەندیاذی کوڕی مەنوچەهری پشدادی زانیون. لە راستیا ئەم نووسەرە لە هەر شوێنێکا پشتی بەسەرچاوە پەهلەوییەکان بەستبێ، کوردی بە نەوەی سوڵتانەکانی ئێران حەساو کردووە".

ئەم روونکردنەوانە تەواو پشتیوانی لە بۆچوون و سەرنجەکانی ناو ئەم کتێبە دەکات تەنیا لە یەك شت دا نەبێ کە کوردەکان بە نەوەی سوڵتانەکانی ئێران دەزانێ، حاڵبوکی وا نیەو سوڵتانەکانی ئێران نەوەی کورد بوونەو پاشان هۆزەکانیان ناوی کوردیان گرتۆتە خۆ.

کیومرپیان، لە نەوەی گوتیانن.

جەمشید،لە نەوەی کوسی، کاسیتەکانە.

فەرەیدوون و نەوەکانی، لە ئاراراتیەکان و ماننائیەکان و مادەکانن.

مادەکان، لە کوسییەکانن.

هەخامەنشیەکان، لە کوسەکانن.

پەهلەویەکان، لە نەوەی پارث، پەرثۆکانن.

ساسانییەکان، لە نەوەی شوانکارەن و هەر هەموو ئەم هۆزو تیرانە لە کۆمەڵگای کوردەواری ئەمڕۆدا دەبینین.

* * *

مێژوونووسانی کۆن کە بە دروستی ناوی پاشایانو شوێنی رووداوەکانیان تۆمار نەکردووە، هەقیان بووە، چونکە مێژووی ماد، ئاشورو عیلام مەعلوم نەبووەو شانامە باسی ئەم ناوانەی نەکردووە.

لە ساڵی (1621ن)دا گەڕیدەیەکی ئیتاڵی بەردەنووسی تەختی جەمشیدی رەسم کرد، (بوتا)ی کونسوڵی فەرەنساش لە ساڵی (1835ن)دا لە موسڵ هەندێ خەتی لەسەر بەردی خەرابەی کۆشکێکی کۆندا دۆزییەوەو ناردی بۆ فەرەنسا و پاشان شاندێکی زانستی لە فەرەنساوە هاتە ئەوێندەرو دەستیان بە تەحقیقات کردو نووسراوە کۆنەکانیان دۆزییەوە،

www.pertwk.com

خوێندیانەوەو مێژووی کلدەو ئاشوریان روونکردەوەو لە پاڵ ئەمەدا مێژووی مادیش روون بووەوە. چونکە ئەو سەردەمە، سەردەمی ئاین و ئایندا‌ری بوو، کوردەکان ئەوەندە بە خەمی مێژووی نەتەوەیی خۆیانەوە نەبوونەو چونکە بە سەدان ساڵ ل نیعمەتی رۆشنبیریی و خۆیبوونی تەواو مەحروم و بێ بەش بوونە، بۆیە ئومێدیان بەوە نەبووە کە ببنە خاوەنی مێژوویییەکی پڕ لە شانازی و لەم بارەیەوە کارو کۆششێکی ئەوتۆیان نەکردووە. هیچ نووسراوێکی پڕ بایەخ لە پاش پاشاکانی ماد بە جێ نەماوە، دیارە ئەوانیش وەکو نەوەکانی ئەمڕۆی خۆیان -واتە کوردەکان- لە خۆ نواندن دوور بوونەو کاری ئازایەتی و قارەمانێتیان بە تاقە چالاکییەکی خۆ ناساندن زانیوەو شانازیان بە شمشێرەوە کردووە و بیریان لە داهاتوو نەکردووەتەوە.

هەر چەندە هەندێك دەڵێن هیچ شتێك بە زمانی ماد نەگەیووەتە دەستی ئێمە، بەڵام لەم کتێبەدا روونکراوەتەوەو نموونە هێنراوەتەوە کە زمانی کوردی ئەمڕۆ بە ڕای کۆمەڵێك رۆژهەڵاتناس زادەی پەردەسەندن و گۆڕانکارییەکانی زمانی مادە.

داریوش شا، زۆربەی بەردەنووسەکانی خۆی، بە تایبەتی بەردەنووسی (کەتیبە) بێستونی بە سێ زمان، واتە زمانی ئاشوری، عیلامی، پارسی نووسیوە، دیارە بێستون مەرکەزی مادەکان بووەو خۆ ئەگەر زمانی ماد لە زمانی بەردەنووسی بێستون جیا بووبێ، واتە زمانی ماد لە زمانی کەتیبەکەی بێستون جیا بوو بێ، ئەوا لەبەر ئەوەی مادەکان زۆربەی دانیشتوانی ئێران بوونەو بۆ ئەوەی حاڵی بن، ئەوا ناچار دەبوو لە پاڵ زمانی ئاشوری و عیلامی و پارسیدا زمانی "ماد"یش بەکار بێنێ. لەبەر ئەمە ئەگەر بڵێین بەردەنووسی بێستون بە زمانی پارسی نەنووسراوە بەڵکو بە زمانی مادی نووسراوە، ئەمەیان لە ئەقڵ و لۆجیکەوە نزیکترە.

باشترین بەڵگەی یەکێتیی بنەماڵەی پاشایەتی (ماد- ئەنزان) ئەمەیە کە مادەکان (ئیختوویکو)ی پاشای خۆیان بە دەستی خۆیان گرت و تەسلیمی (کوروش)یان کرد، میللەتی ماد بە رەزامەندی خۆیان (کوروش)یان هێنا بووە سەر تەختی مادەکان، خۆ بە گوێرەی دابونەریتی کۆنی ئێرانیەکان، دەبێ ئەوە قەبوڵ بکرێ کە میللەتی (ماد- ئەنزان) یەکێك بووەو چ جیاوازییەکیان نەبووە، دەنا ئەگەر میللەتی ماد پاشای خۆشیان تڕۆ کردبووبێ، ئەوا نەیاندەدایە دەستی بێگانە و دژمن و بابایەکی بێگانەیان نەدەکرد بە پاشای خۆیان، چونکە کودەتاکە لەلایەن وەزیران و فەرماندەکانی مادەوە ئامادەو ئەنجام درابوو.

(ناپوئید)ی پاشای بابل دەڵێت: ئەو، واتە ئیختو و ویکو، سوپایەکی کۆکردەوەو چوو بۆ شەڕی کوروش، سوپاکەی یاخی بوون و شەڕیان نەکرد. (ئیختوو ویکو)ی پاشای خۆیان بە دەستی خۆیان گرت و تەسلیمی (کوروش)یان کرد، پاشان کوروش هاتە هەمەدان، زێڕو زیوو سامانێکی زۆری بۆ ئەنشان برد (بڕوانە کتێبی: تاریخ ایران باستان).

مادوپارس، دوو تیرەی هاو نەژاد بوونەو دراوسێی یەکدی بوونە. هۆزی (کورتی، مەرد، ئەمرەدەکان) لە هەردوو ناوچەکەدا نیشتەجێ بوونە، بەڵام مەڵبەندیان مادستان بووە. لە

www.pertwk.com

زەمانی کتزیاس، دکتۆری تایبەتی ئەردەشیری دووەمی هەخامەنشیدا مادو پارس بە چاکی لە زمانی یەکدی حاڵی دەبوون.
مێژوو، داریوشی گەورە، بە زڕ کوڕی هوخشترەی پاشای ماد تۆمار دەکات، و لە سایەی ئەودا بووە کە توانیویەتی لە پایتەختی مادا ببێ بە پاشاو خۆیبوونخوازانی ماد، سەرکوت بکات.

*   *   *

ئەو سەرچاوە مێژووییە ئێرانییانەی کە پاش ئیسلام نووسراون، ناوی مادەکانیان نەهێناوە، چونکە لەو زەمانەدا میللەتی ماد نێوی کوردی گرتبووە خۆ.
لە مێژووی دامەزرانی دەوڵەتی ئێرانەوە تا (دیاکو- کەیقوباد- هەموو ئەم پاشایانەی کە هاتوون و رۆیشتوون، بە تەقلیدو چاوڵیکەری پرزاتی ئاوێستا لە ژێر ناوی (پشدادیان)دا تۆمار کراون. بەڵام ئەمڕۆ، کە مێژوو تا ئەندازەیەك روون بووەتەوە، ئێمە دەتوانین ئەوانە بەسەر سێ زنجیرەدا دابەش بکەین.

1- گوتییەکان: لە بەرەبەیانی مێژووی زاگرۆسەوە تا ساڵی دوو هەزار پ.ز.

2- کوسی، کاسیتەکان: لە دوو هەزاری پ.ز تا هەزار و سەدو بیست و پێنجی پ.ز، واتە تا فەوتان و نەمانی دەوڵەتی کوسی -کاردونیاش-.

3- خالدی و مانناییەکان: لە فەرەیدوونەوە تا دیاکو-کەیقوباد- نزیکەی (900- 705 پ.ز).

ئەم سەردەمە رەونەقێکی ئەوتۆی نەبووەو سەردەمی حوکمڕانی خان خانەکێ بووە..
ئەگەرچی لەم سەردەماندا: سوبارییەکان، نایریەکان، میتانەکان، موشکییەکان کە لە کوتییەکان بوونە، حکومەتانی گەورەو بە توانایان دامەزراندووە. بەڵام چونکە لە چیاکانی زاگروسدا دەسەڵاتیان نەبووە ئیدی نەخراونەتە خانەی ئێرانیەکانەوە. تەنیا سنووری سوبارییەکان دەگەییە شوش کە هەندێ لێکۆڵەرەوە ناوی جوگرافیایی شوێنەکەو خودی میللەتەکەیان بە (گوتی) زانیوە.

www.pertwk.com

((4))

نەمروودەکان

کتێبی (القضیة الكردیة) کە لە بڵاوکراوەکانی (خۆیبون- جڤاتی وەلاتی کوردا)یە دەنووسێت: "لەبەرە بەیانی مێژووەوە میللەتێك لە کۆجارەکانی نزیکی سوریادا نیشتەجێ بووە، ناوی (جوتو) واتە جەنگاوەر بووە". دەبێ ئەمانە لەو گوتیانە بن کە لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسیان لێوەکراوە.

ئەم ناوچەیە دەشتی نەمرود بووە. ئەو ئاوەی کە لە ناو ئاگرا پەیدا بووە، دەڵێن ئەمڕۆ لە نێو نەوەکانی جوتو، گوتوەکاندا زۆر پیرۆزەو کەس زات ناکات ماسی لەم ئاوەدا ڕاو بکات. ئەم ئاوە کەوتووەتە ناوچەی ئورفە (لە تورکیا).

قاموسی کتێبی پیرۆز دەنووسێت: "ئەرك، شارێك بووە لە کلدیە کە نەمرود لەسەر دیجلە دروستی کردووەو یونانی و ڕۆمانیەکان (ارکوی) یان پێگوتووە، دوور نییە ئەو (ئەرك)ە ئورفەی ئیستا بێ کە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی بابلەو هەندێك بە ئورفەی ئێستایان زانیوە، (ئورفە: لە باکووری ڕۆژاوای بابلەو نزیکی سەرچاوەی فوراتە نەك دجلە".

هەروەها هەمان قاموس دەنووسێت: "بابل، نێوی شەنعار و شوێنی نەمرود بووە، (نەمرود)ش کوڕی (گوش) بووەو گوشەکان هەفتاو چوار ساڵ حوکمڕانیان کردووە".

هەروەها دەڵێت لە بابلدا پەرستگەیەکی بەنێوبانگ هەبووە بە نێوی (بیرس نەمرود).

کوردەکان بە سنجاری نزیکی موسڵ کە دانیشتوانی لە کۆنترین ڕۆژگارەوە لە ئێزیدییانی کورد بوونە، کوردەکان "شنغار"ی پێدەڵێن، (گوش) نێوی کوسییەکانەو ئەو هەفتاو چوار ساڵەی کە بە ماوەی حوکمڕانی گوشەکان دانراوە، دەبێ حەوت سەدو چل ساڵی بێ کە لە ڕاستیا لەگەڵ ماوەی حوکمڕانی کوسییەکان لە بابل دا تێك دەکاتەوە.

لەوەیە (ئەرك) لە ناوچەی (شنغار) بێ کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی بابلەو کەوتووەتە سەر ڕەخی دیجلە. بە شوێنی نەمرود گوتراوە بابل و نەمرودیش بە کلدانی لە قەڵەم دراوەو ئیدی بەم بۆنەیەوە بە نەژادی سامی هاتوونەتە ناسین. لە حاڵێکا قاموسی پیرۆز بە خۆی (نەمرود) بە کوڕی (گوش) لە قەڵەم دەدا کە گوش ناوی کوسی، کاسیتەکانە. بەم

www.pertwk.com

پێیە دەبێ بگوترێ مێژوونووسانی سامی، پاشایانی کاسیت- کاردونیاش-یان، کە لە بابلدا حوکمڕانیان کردووەو بە جەمشید ناسراون، بە نەمرود زانیوەو بە نەژادی خۆیان زانیون. لە راستیدا سەرچاوە مێژووییەکانی ئێرانیش لەسەر ئەو ڕایەن کە جەمشید ئیدیعای خوایەتی کردووە. خۆ بەپێی فەرمایشتی قورئانیش بێ، نێوی ئەو پاشایەی کە ئیدیعای خوایەتی کردووە، نەمرود بووەو ناوی وەزیرێکی نەمرود ئازەر بووە. یەکەم نەمرود و ئازەر وشەی ئارییایین، نەمرود بە مانای (نامرێ) و ئازەر بەمانای ئاگر بووە کە کوردێن ئەمڕۆش ئاگر بە هەمان مانای (ئازەر) بەکاردەهێنن. نێوی دایکی ئیبراهیم درودی خوای لەسەر بێ (ئوشا) بووە. (ئوشا)ش لەنێو هیندەکاندا بە خواوەندی سپێدەی بەیان گوتراوە کە بە ئاشقی هەتاو هاتووەتە ژماردن. لە ئاوێستاشدا (ئوشا) نێوی ئەو خوایەیە کە حەزرەتی زەردەشت لە گاتاکاندا نێوی بردووە. بۆ نموونە لە شوێنێك دا دەفەرمووێ.

1- دەست لە مەزدای خەڵقەندەی هۆش پان دەکەمەوەو لێی دەپارێمەوە کە بەر لە هەموو شتێ داواکارم ئەی (ئوشا) کە (وهومن) و گیانبەخشی و هومن لە خۆڕازی بکەم.

2- ئەی مەزدا ئاهوراو ئەی (ئوشا)و ئەی (وهومن) من ئەو کەسەم کە لە ئێوەو ئەو کەسانەی وڵاتی نەمری (ئارمتی) دەپارێزن دەپاڕێمەوە و سوپاسگوزارم.

3- ئەی مەزدا بەپێی بەڵێنی خۆم لەگەڵ وهومن و ئوشادا بەرەو زەردەشت هاتووم و پشتوو پشتیوانم بە، تا لە سایەی تۆدا بتوانم بەسەر دژمنانم دا زاڵ و سەرکووتوو بم.

نێوی ژنی ئیبراهیم (سارە) بووە، (سار)ش لە زمانی کوردیدا بە مانای سارد دێت.

لە روونکردنەوە مێژووییە کۆنەکاندا وا دەردەکەوێ کەنێوی وەزیرەکەی تری نەمرود (مەهان) بووە، (مەها، مەهان) وشەێن سانسکریتین و واتای گەورە بووە کە لە ئاوێستادا بووە بە مازا و لە کوردیدا بووە بە (مەزن).

هەندێ سەرچاوەی مێژوویی دەڵێن (ئازەر) بابی ئیبراهیم سڵاوی خوای لێ بێ، نەبووە. بەڵکو مامی بووە. ئەگەر ئەمە راست بێ، ئەوا چونکە کوردەکان بە مام دەڵێن (ئاپ- ap)، بۆیە لەگەڵ (اب)ی عەرەبیدا بە هەڵە تێکەڵ بوونەو ئەم ناوانە بە گشتی وشەی ئارییایین و بەم پێیە نەمرود ومیللەتەکەشی بە زمانی ئاری قسەیان کردووەو لە رەگەز و رەسەنی ئارییایی بوونە.

قامووسی کتێبی پیرۆز لە تەوراتەوە، پیدایش 25: 3، 4، دەنووسێت کە ئیسماعیلیەکان لە (مەدیان) بوونەو (مەدیان)ش بەوە دەزانن کە لە قەتورەی ژنی ئیبراهیم بوون.

کتێبی نێو براو، لەو نەخشەیەدا کە کراوەتە پاشکۆی، ئەو شوێنەی کە کەوتووەتە کەناری باکوری دەریای سوور بە دەستی رۆژهەڵاتی ئیلانثی دا (ئیلانثي: دەبێ

www.pertwk.com

مەبەست لە کەنداوی عەقەبە بێ) لە (المدیانین) نیشاندراوە، ئەویشیان وەکو (کوتی، کوسی و مادەکان) بە وەچەی حام نیشان داوە.

خۆ مادەکانیش لە شوێنی خۆیان (مەدیان) یان پێوتراوە لەم حاڵەتەدا دەبێ لە نێو پاشایانی ئارییەکاندا بۆ نەمرود بگەڕێین. هەرچەندە لە سەدە کۆنەکاندا دەسەڵاتداری و حوکمڕەوایی سامی نەژادەکان لە ناوچەی نەمرودەکاندا بەرچاو دەکەوێ، بەڵام ئەو دەسەڵاتو حوکمڕەواییانە زادەی لەشکرکێشی سامی نەژادەکان بووەو ئەوەندە دەوامیان نەبووە.

کلدانییەکان لە نەژادی جۆراو جۆر پێکهاتبوون کە سێ هەزار ساڵ پ.ز هەر یەکەیان پاشایەکیان هەبووەو هەر کە یەکێکیان دەسەڵاتێکی پتری پەیدا کردووە، خۆی بە پاشای چوار نکال داناوە. (بڕوانە: تاریخ ایران قدیم).

یەکێك لەو نەژادانە، گوتیە ئارییەکان بووە کە لە باکووری کلدەو لە بەشێکی بابلدا دەژیان. ئەو پاشایەش کە خۆی بە پاشای هەر چوار نکال داناوە ناوی (کاندش) بوو. ئەم پاشایە کوسی و ئاری نەژاد بووە کە لە بابل و میزوپۆتامیادا دەوڵەتی (کاردونیاش)ی دامەزراندبوو.

ئەنسکلوپیدیای یەهود ساڵی (1500: 2000پ.ز) بە ساڵی لە دایکبوونی ئیبراهیم دادەنێ و پێی وایە (175 یا 195 ساڵ) عومری کردووە. لەبەر ئەمە پێویستە لەو سەرو بەندەدا سۆراخی نەمرودەکان بکەین.

کاسیتەکان لە سەدەی هەژدەیەمی پ.ز، پەلاماری (بابل)یان داو پاشان گرتیان و بۆ ماوەی حەوت سەدە کردیان بە پایتەختی خۆیان و حوکمڕانیان تێدا کرد.

لەم سەدانەدا، میتانیەکان لە باکوری بابل دا حکومەتێکیان دامەزراند و بۆ ماوەیەکیش (بەنی ئیسرائیلی)یەکانیان خستبووە ژێر رکێفی خۆیان. میتانیەکان لە کوسییەکان و لە جوملەی سوبارییەکان بوونە. پاشایانی کاسیتەکان- کوسییەکان لە مێژووی ئێراندا بە تێکڕایی بە جەمشید ناسراون و هەر جەمشیدیش بوو کە خۆی لە پلەی خوایەتی دا بینیوەو کتێبی ڤیداو ئاوێستاش تاکیدیان لەسەر نەمری ئەو کردووە. تەورات ئیسماعیلییەکانی بە نەوەی (مەدیان) زانیوەو مادەکانیش لە کوسییەکان بوونە.

زەردەشتیەکان، ئیبراهیم بە زەردەشتی سێیەم دەزانن. بە باوەڕی ئەوان مەهاباد، زەردەشتی یەکەم بووە.

هوشنگ -ئیکیش هوش- زەردەشتی دووەم بووەو نێوی زەردەشتی سێیەم (ئابرام، ئاورامە) کە عەرەب کردوویانە بە ئیبراهیم. بەم پێیە بە باوەڕی پارسییان، ئیبراهیم دوا زەردەشتە کە لە سەردەمی کوسیەکاندا هاتووە.

ئەگەر تێك کردنەوەی کات و شوێنی:

1- ئیدیعای خوایەتی نەمرود فەرمایشتی قورئانی پیرۆز و ئیدیعای خوایەتی و نەمری جەمشید لەلایەك،

www.pertwk.com

2- هاتنی لەشکری مێشوولە لە قوڵی ڕۆژهەڵاتەوە و کوشتنی نەمرود، و فەرمایشتی قورئانی پیرۆز و هێرش و پەلاماری عیلامیەکان لە قوڵی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ سەر بابل و تاڵانکردنی، کە زانیاری مێژووییە... لەگەڵ ئەو شرۆڤە و زانیاریانەی لە قاموسی موقەدەسدا نووسراون لەلایەکی ترەوە لەبەر چاو بگیرێت دەشێت ئەوە قبوڵ بکرێ کە نەمرودەکان پاشایانی کاسیت، واتە زنجیرەی جەمشید بوونە.

خۆ ئەگەر بە پێچەوانەی ئەنسکلوپیدیای یەهود کە نەمرود بە کوڕی گوش واتا کوسی دەزانێ، نەمرود بەر لە سەردەمی کاسیتەکان هاتبێ ئەوا سێ هەزار ساڵ بەر لە زاین تیرەیەکی میللەتی گوتی بە نێوی سوبیر، سوبار و لە دەشتی نەمرودەکاندا حکومەتیان هەبووە. نایریەکان، ئەوەی ئەم سوبارییانە بوونە کە لە سەردەمی نارامسیندا پاشایەکیان هەبووە بە نێوی (پوتی مدال)و بە قەڵەمڕەوەکەیان گوتراوە نەمر، لە باسی نایرییەکاندا ئەوەمان سەلماند بوو کە (پوتی مدال) بە مانای خوای بچووک هاتووە. بەم پێیە لەگەڵ ئیدیعای خوایەتی نەمرودا تێك دەکاتەوەو قەڵەمڕەوەکەشی نەمر بووە کە دەگەڵ نەمرودا یەکێکە.

کێوێك لە کەناری باشووری ڕۆژئاوای دەریاچەی وان هەیەو نێو کێوی (نەمرۆ)یە. دەڵێن هاوینە هەوارو سەیرانگەی نەمرود بووە. ئەم ناوچەیە بەشێك بووە لە حکومەتی نەمرەکان.

شەرەفنامە کە بەشێکە لە مێژووی عەشایەری کوردو لە لایەن میر شەرەفخانی بەتلیسیەوە دانراوە، دەربارەی کێوی نەمرود دەڵێت:"قسەی باوی سەرزاری خەڵکی ئەوەیە کە نەمرود لە زستاندا بارگەی لە ئوجادا دەخست و هاوینان هەواری لەم کێوەدا بووەو لەسەر کێوەکە قەڵاو کۆشك و سەرای پاشایانەی ڕۆناوەو زۆربەی کاتی لەوێندەر بەسەر بردووە، کە خوا غەزەبی لێگرت لە کێوەکەوە سەرنگوون بووەو بە جۆرێ ڕۆچووەتە زەوی کە لە جێی قەڵاو کۆشك ئاو هەڵقوڵاوە، وێڕای ئەوەی کە کێوەکە دوو هەزار گەز لە زەوییەوە بەرزەو بە مەزەندە لە بەرزی هەزارو پێنج سەد گەز، لە ناوەندی کێوە ڕۆچووەکەدا دەریاچەیەکی گەورە پەیدا بووە کە تیرەکەی پێنج هەزار گەزو بگرە زیاتریشە".

هەر چەندە دیاریکردنی بنجڕانەی کەسایەتی نەمرود و سەردەمی حوکمڕانیەکەی سەرەڕای ئەو ئیدیعایەی کە ئیبراهیم زەردەشت بووە، بۆ ئێمە زەحمەت و ئەستەمە، بەڵام بەپێی شوێن و نێوی نەمرودەکان دەبێ ئەو قبوڵ بکرێ کە نەمرودو میللەتەکەی تیرەیەك بووە لە هۆزەکانی (کوتی، کوسی -کورد- و لە نەژادی ئاریان بووە).

لەم حاڵەدا دەبێ بڵێین:

ئیبراهیم، لەبەر باوەڕی یەکتاپەرستی خۆی، لە پاشای وەخت جیا بووەتەوەو بۆ عەرەبستان کۆچی کردووەو بارگەی لەوێندەر خستووەو خەریکی بڵاوکردنەوەی ئاینی یەکتاپەرستی خۆی بووەو ئیدی نەوە و پاشینانەکانی لە ئەنجامی دوور کەوتنەوەیان لە

www.pertwk.com

کۆمەڵگەی هاو نەژادی خۆیان، بە تەواوەتی بوونەتە عەرەب و هەر لەبەر ئەمەشە کە نەمرودیش بە سامی نەژاد لە قەڵەم دراوەو قورئانی پیرۆزیش ئەم بۆچوونەی بەم ئایەتەی خوارەوە سەلماندووە: (ما کان ابراهیم یهودا) لەم ئایەتەوە ئەوە بەدیار دەکەوێ کە ئیبراهیم لە یەهود، وات لە نەژادی سامی نەبووە، باو باپیرانی یەهودەکان باوەڕیان بە ئیبراهیم هێناوە. تەنانەت پێغەمبەریش (محەمەد) درودی خوای لێ بێ کە لە نەوەی حەزرەتی ئیبراهیمە فەرموویەتی: "العرب منی وانا لست من الاعراب" واتە عارەب لە منن، و من لە عارەبان نیم.

تەنانەت ڕیوایەتێك هەیە کە پێغەمبەری مەزن فەرموویەتی: "پاش من خەلیفە لە قوڕەیش بێتە هەڵبژاردن، گەر لە نێو قوڕەیشدا کەسێکی شایستە پەیدا نەبوو، ئەوا لە قەحتانەکان هەڵبـژێردرێت، خۆ ئەگەر لە ناو قەحتانەکان پەیدا نەبوو، ئەوا لە نێو عەجەماندا بگەڕێن". لێرەدا ئاماژەی بۆ رەگو رەچەڵەکی خۆی فەرمووە.

www.pertwk.com

((5))

پوختەی نێوەڕۆکی کتێبەکە

لە کۆنترین قۆناغەکانی مێژوودا، قەومێك بە نێوی گوتی، گوتو، لە ناوچەی قەفقازو شوشدا ژیاون و ناوچە شاخاوییەکانی نێوان ڕۆژهەڵاتی ئێران و ئاتنەیان داگیرکردووە. سەروەختێکیش قەڵەمڕەوی سۆمەرییەکانیان داگیر کردووە. ئەوەی لە ئاسەوارە دۆزراوەکانەوە بە دیار دەکەوێ ئەوەیە کە پاشای ئەو قەومە (ئانناتوم) بووەو لە سەدەی سی و یەکەمی پ.ز دەگەڵ دەوڵەتی عیلامدا بەشەڕ هاتووەو مەرکەزو مەڵبەندەکەی (زی کویە) بووە. لە سەدەی بیست و نۆیەمی پ.ز (لوکال زاکیس)ی پاشای گۆتی، پاشای ئەرخ و سومەریش بووە.

گۆڤاری (ایران کودە) دەنووسێت: "هوکسسەکان کە نزیکەی پێنج سەدە لە میسردا فەرمانڕەواییان کردووە، ئاسەوار و شوێنەواری پاشاکانیان لە دوڕگەی کریتەوە تا دەوروبەری بەغدا بەرچاو کەوتوەو شۆرەت و نێوبانگی ئەم پاشایانەی گەیاندووەتە ئەو شوێنە دوورانە.

پاش مشتومڕ و گەنگەشەیەکی چەندین ساڵە لەسەر نەژادی ئەم میللەتە، ئەو ئەنجامە بە دەست هاتووە کە ئەمانەش لە نەژادی ختی (واتە گوتیان، مادیان) بوونە. ڕەنگە هوکسس، وشەیەکی پارسی کۆن بێ و بچێتەوە سەر (هوخشتر– هوخشیش) کە واتای شارداری چاك یان ئیمپراتۆر بووە، ئەمەش لەقەبی پاشایانی ئێران بووە.

ئەم میللەتە تا سەردەمی ئانناتوم چ هەڵکشان و داکشان و دابەش بوونێکیان بەسەر هاتووە، ئەمە نهێنییەکە و هێشتا لە ژێر خاکدایە.

حەزرەتی نوح کە بە قسەی سۆمەرییەکان ناوی شوێنەکەی (پاتز)ی بووەو نێوی ئەسڵی خۆی (زیوکید)ە، جا چونکە وشەی (پاتزی) وشەیەکی کاسییەو (زی کویە) نێوی مەرکەزو مەڵبەندی گوتیەکانە، کەواتە نوح سەرۆك و پێغەمبەری ئەم قەومە بووە. کوڵینکاریە زانستییەکان کە بەپێی توانا لاپەڕەی چاخەکانی مێژووی بۆ کردوینەتەوە ئەم درەختە کۆنە بەلقە جۆراوجۆرو فرەکانیەوە نیشان دەدا.

www.pertwk.com

یەك لە دیارترین و بەرجەستەترین لقەكانی، قەومی لولوبییەكان بووەو لقێكی تری سوبیرەكان بووە، یەكەمیان لە ناوچەی شارەزوور، كرماشان فەرمانڕەوایی كردووەو دووەم لە باكووری شووشەوە تا ئاتنە سەربەخۆیانە حوكمڕانی كردووە.
(شەڕلك)ی پاشای گوتی كە بە (سیامك)ی شانامەمان دانا، رەنگە لە سوباریەكان بووبێ، كە هێرشی بۆ بابل (2711– 2688 پ.ز) كردووە، لە شەڕی (شاركالی شاری)ی نەوەی (نارامسین)ی پاشای ئەكەدا (بەقسەی شانامە بە دەستی دێوان) كوژراوە.
(ئیكش هوش) پاشای گوتی، لە سەرچاوە مێژووییە كۆنەكاندا بە هوشەنگ تۆمار كراوە. (ئانری داپزیر)ی پاشای گوتی –تەهمورثی شانامە– دژمنانی خۆی سەركوت كردووەو سنووری حوكمڕانیەكەی خۆی لە رادەبەدەر فراوان كردووەو كەوشەنی نارامسینی گرتووە –بە قەولی شانامە دێوەكانی گرت و حەپسی كردن– هەموو ئێران، ئیلامی سۆمەر، ئەكەد، بابل و دەڤەرەكانی سەرووی دیجلەو فورات و ئاتنەو لەوەیە ناوچەی قورو (چوروخ)ش لە چوارچێوەی حوكمڕانی (ئانری داپزیر) بووە.
چل و یەك پاشای گوتی، سەدو بیست و پێنج ساڵ و چل رۆژ لە بابل دا حوكمڕانیان كردووە. پاشان (ئوتون لوگال)ی پاشای ئەرخ كە بە نێوەكەیدا دەبێ لە نەژادی گوتی بوو بێ، (تیریكان)ی شاهنشای خۆی كە پاشای گوتی بووە، شكاندو شیرازەی هۆزەكانی گۆتی پچڕاو سیستەمی خان خانەكێ هاتە ئاراوەو لە باكووری رۆژهەڵاتی عیلامدا، ویلایەتێك بە نێوی ئەنزان، ئەنشان جیا بووەوە. لە كۆچارەكانی بەختیاریدا میرێك بە نێوی (گیر) جیا بووەوە. ئەوانەش كە لە ناوچەكانی جودی و بەتلیس بوونە، نێوو نازناوی (كاردا– كارداكا) یان گرتەخۆ كە كاردا لە زوانی ئەكەدی و سۆمەرییەكاندا، بە مانای قارەمان، جەنگاوەرو پاڵەوان بووە. كارداكان بە گوێرەی هەڵكەوتی جوگرافیاییان، دەبێ لە سوباریەكان بووبن. نایرییەكان كە لقێكن لە كارداكان بە سوبیری ناسرا بوونە. سەر زەمانێ هەموو كوردستانی باكووریان گرتبوو.
(تورو دانژین)ی رۆژهەڵاتناسیش لە كۆمەڵەی ئاشورلۆژیدا دەنووسێت لە ساڵی دوو هەزاری پ.زدا خەڵكی (سو) لە نیشتمانی كارداكاندا بوونە، كە لە باشوری دەریاچەی واندا ژیاون.
ئارامیەكان بە ناوچەی جودییان گوتووە كازارتا– كاردو، پاش ئەو سەردەمە، مێژوو رووداوەكانی لەمەڕ گوتی–جودییەكان تا رادەیەك ئاشكراتر نیشان دەدات.
بەشی هەرە زۆری گوتیەكان (كوثي– گوش)یان پێوتراوە. كاسیتەكان یەكێكن لە تیرەكانی (كوثي) كە هاوشێوەی وشەی كازارتایە. لە ساڵی دوو هەزاری پێش زایندا لە كێوەكانی رۆژاوای دەریای خەزەرەوە بەرەو باشوور كۆچیان كردووەو گەییونەتە لوڕستان، دەگەڵ كوسیانی ئەوێدا پەلاماری بابل–یان داوە. (كاندش)ی پاشایان لە ساڵی (1760پ.ز) دەوڵەتی بابلی لە نێو بردو نێوی پاشای چوارنكالی لە خۆ ناو دەوڵەتێكی بە نێوی (كاردونیاش) دامەزراند. لە راستیدا دەوڵەتی مەزنی گوتی زندوو

www.pertwk.com

کردەوە. (ئاگوم کاکریم)ی ولاتگیری کوسی، کەموکوڕییەکانی ئەم دەوڵەتەی تەواو کرد. (ئاگوم کاکریم) یەکێك بوو لە ولاتگیرانی کوسی.

لەو سەردەمەدا، ماڵباتێکی کوسی کە نێوی خۆیان لە نێوی خوایەکەی خۆیانەوە، میترا، وەرگرتبوو لە باکووری سوریادا دەوڵەتی میتانیان دامەزراند. ئەم دەوڵەتە بووە کۆسپێکی گەورە لە بەردەم میسریەکاندا، و بۆ ماوەی هەشت ساڵ بەنی ئیسرائیلیان خستبووە ژێر دەسەلاتی خۆیان و دەستیان بەسەر ئاشورستانیشدا گرت و سنووری فەرمانڕەوایی خۆیان فراوان کردەوەو گەیاندیانە کەرکووك.

هەندێ جار پاشای ولاتی ئاشور لە قەومی گوتی و لولو بوونە، لە بنەڕەتدا دانیشتوانی ئەسڵی ئاشورستان گوتییەکان بوونە. ئاشوریەکان لە سەردمی حوکمڕانی کاسیتەکان لە بابل دا، لە ناوچەی نەینەوا سەریان هەڵداوە.

دەشێت دەوڵەتی ئاشور بە دەوڵەتی هاوبەشی ئاشور-کاردا بزانرێ. دەوڵەتی کوسی لە ساڵی 1171پ.ز، بە دەستی پاشای عیلام لە بەین چوو. ئەم زنجیرەیەی کوسی – کاسیت کە نزیکەی حەوتسەد ساڵ لە بابلدا فەرمانڕەواییان کردووە لە مێژووانی کۆنی ئێراندا بە جەمشید ناسراون.

لەگینە لەلایەکەوە میتەکان- کاسیتەکان بووبن و لە لایەکی ترەوە نەمر -ناییرییەکان بووبن کە لە قورئانی پیرۆزدا بە نەمرود ناوبراون. ئەم میللەتە شکۆدارە جگە لە نوح، (ئەورام- ئیبراهیم)شی بە جیهان بەخشیوەو محەمەدی مایەی شانازی عەرەب و عەجەم لە نەوەی ئەوە، واتە لە نەوەی ئیبراهیمە.

هۆزی موشکی لە ساڵی (1100 پ.ز) دەوڵەتێکیان دامەزراند، هەموو کوردستانی باکووریان گرت، دەسەلاتیان بەسەر قبادوکیەو کلیکیاشدا گرت. یەکێك لە تیرە گوتییەکان بە نێوی خالدی-ئارارات لە باکووری کارداکیەدا ناوبانگیان پەیدا کردو (ساردوریس) پاشایان (783- 773 پ.ز) سەلمان نەسری سێیەمی پاشای ئاشووری شکاند. (منواش)ی پاشای ئاراراتیش کە دەبێ (مەنوچەهری) شانامە یا (منواش چترا)ی ئاوێستا بێ، نێوو نێوبانگێکی شایستەی هەبوو و ناوچەکانی پارسواو مانناییی لە دەستی ئاشووریەکان دەرهێنا.

بە گوێرەی نووسراوەکانی (توکولتی ئینورتا)، پاشای ئاشور، بۆمان دەردەکەوێ کە نێوی گوتی بووە بە (کورتی)، کورتی گەورەترین تیرەی گوتی بووەو لە نێو هەموو هۆزو ناوچەکانی گوتی دا هەبوونەو کاریگەریش بوونە. بەشێك لە کورتیەکانی رۆژهەلاتی ئێران کە هەندێ مێژوونووس (سیرتی)یان پێگوتوون بەرەو رۆژاوا هاتوون و تێکەلاوی کورتیەکانی رۆژاوا بوون. تامێژوو پتر روون بووەتەوە، نێوی جۆراوجۆری گوتییەکان ئاشکراتر بووە لەوانە هۆزی پاراسواو ماننایییەکان بوونە کە یەکێکیان لە رۆژاواو ئەویتریان لە باشوری دەریاچەی رەزاییە ئاکنجی بوونە.

www.pertwk.com

پارثواکان، پارت، پەهلەوی بوونە کە پاشان بەرەو رۆژهەڵات کۆچیان کردووە. داریوشی گەورە پێی گوتوون (پەرسو)، مانناییەکانیش بە تێپەڕ بوونی رۆژگار بوونە بە مانی، مانژ، ماژ، کورماژ، کورمانج.
زۆربەی پاشایانی تیرەکانی زاگرۆس لەماڵباتانی سەرانی مانناییی بوون. (ایرانزو) و (ئازا) دوو پاشای مانناییی بوونە کە لە شانامەدا بە (زو- زاب) ناو براون. "دیاکو-دیجوس" کە کوڕی سەرۆکی مانناییی کە بە لەشکری ئارارات هێرشی کردە سەر باشور، بە دەستی پاشای ئاشور گیراو بۆ سوریا دوور خرایەوە ، لە رێگەی میتانەکانەوە- مادەکانی باکوری سوریا- هەڵات و هاتەوە نێو میللەت، دەوڵەتی مادی دامەزراندو لە ساڵی 705 پ.ز لەسەر تەختی ماد دانیشت- بەقسەی شانامە زاڵ، رۆستەمی نارد، کەیقوبادی هێناو میللەت بە تێکڕای دەنگ ئەویان کرد بە پاشا. لەوەیە میللەت (کاک ماد)یان پێگوتبێ و پاشان بووە بە (کەیقوباد) هەر چەند نێوی ئەم پاشایە لە ئاوێستادا (کوات) بووە کە بە تێپەڕبوونی رۆژگار بووە بە قوباد، چونکە وشەی (دیاکو) بە بەرەواژی دەبێتە (کواید)، دەتوانین بڵێین وشەی (کەیقوباد)ش لە ئەنجامی ئاوەژوو خوێندنەوەی (دیاکۆ)وە هاتووە.
(فەروەرتیش) پاشای ماد، لە ساڵی (650 پ.ز)دا ناوچەی ئەنزانی گرت و ناوچەی (پارس)شی خستە سەر وڵاتەکەی خۆی و بە گوتەی هیرودوت هەموو ئێرانی فەتح کرد. ئەم پاشایە بە هەڵە لەگەڵ (ترەئتویون)ی ئاوێستادا تێکەڵ کراوەو پێیان گوتووە فەرەیدوون، و سەردەمی حوکمڕانیەکەشی لەم هەڵەو تێکەڵکردنە نەخەلەسیوە، واتە لە بری ئەوەی بە کوڕی کەیقوباد دابنرێت، بە بابی ئێرەج دانراوە. کوڕەکەی، هوخشتر کە لە ساڵی (663 پ.ز) بووە بە شاهنشا، هەموو سەرانی (کمیری و سکایەکانی) کە لە سەردەمی بابیدا هاتبوونە ناوچەی مادو بۆ ماوەی بیست و هەشت ساڵان لە مادستاندا ئاژاوەیان گێڕاوەو ئەمن و ئاسایشیان تێکداوە، لە یەك شەودا کوشتن و وڵاتی لە شەڕیان رزگار کرد.
زۆر نزیکە ئەو جەژنی (تول هەلدان) واتە (تۆڵە سەندن)ەی کە هۆزی کورمانج گوایە بەبۆنەی کوشتنی زوحاك بە دەستی فەرەیدوون، دەیگێڕن، پەیوەست بێ بە کەیف و شادی کوشتنی سەرانی ئەم تیرە تاڵانکەرو شەڕانیانە بە دەستی هوخشترە.
(هوخشترە) لە ساڵی 612 پ.ز لەگەڵ دەوڵەتی بابلدا، یەکی گرت و دەوڵەتی ئاشووری لە نێو برد. لە کاتی شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی لیدیەدا رۆژ دەگیرێت، و ئەمە بە دیاردەی غەزەبی خوا دێتە ژماردن و سوڵح دەکەن. قزل ئێرمەق- روباری هالیس، لە ناوچەی سیواس دەکەن بە سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت.
هوخشتر لە نێوی چالاکی وڵاتگیریی کوسییەکانی بوژاندەوەو سەروەری و فەرمانڕەوایی ئارییەکانی، کە چەند سەدەیەك بوو کەوتبووە دەستی کوڕانی سام، بۆ ئاری نەژادەکان

www.pertwk.com

گێڕایەوە. کەوشەنی مادی لە قزیل ئیرمەقەوە تا بەلخ و لە دەریای خەزەرەوە تا پارس و خۆزستان فراوان کردووە.

(ئیختو ویکو)ی کوڕی هوخشتر، بە داخەوە لیاقەتی پاراستنی ئەم ئیمپراتۆریەتەی نەبوو، میللەتی لە خۆی رەنجاندو (کوروش) پاشای ئەنزان کە نەوەی کچی (ئیختو ویکو) بوو یاخی بوو و میران و وەزیرانی (ئیختو و ویکو) دایانە پاڵ (کوروش) و (ئیختوو ویکو)یان گرت و تەسلیمی (کوروش)یان کرد، کوروشی هەخامەنشی بوو بە شاهنشا (550 پ.ز).

دوا پاشای کوسی نێوی (ئانلیل – نادین– ئاخە) بوو. لەوەیە ئاخەمەنیش لە نەوەی هەمان ئاخە بووبن کە لە قەومی کوسی– گوتی بووە. لە بنەڕەتدا هەخامەنشی پاشای ئەنزان، یانی ئەنزانی بووە کە دانیشتوانی ئەنزان تێکڕا کوسی و گوتی بوونە. کەتیبەو بەردەنووسی مالامیرو ئەشکەوتی سلیمان کە بە خەتی بزماری هەیە، لە پاش (تخی خی گوتو ئاماردی) پاشای ئەنزان بەجێماوە، ئەوە دەگەیەنێ کە خەڵکی ناوچەکە بریتی بوونە لە گوتوکان و ئاماردییەکان کە یەك تیرەی کورد بوونە.

نزیکەی شەش سەد ساڵ پ.ز، ئەرمەنیەکان خاکی ئاراراتییەکانیان گرتووەو هاڵدییەکانیان کردووە بە باجگوزاری خۆیان.

زاگرۆتییەکان، یەکێك بوونە لە رەشیدترین تیرەی کورتی، ئەم زاگروتیانە، (ساکارتی) شیان پێوتراوە کە ساکارتا، زاکارتا لەگەڵ کازارتادا دەبنە ئاوەژووی یەکدی، کە ئەم ساکارتیانە لەو (سیرتی Cyrti و کورتی)یانەن کە لە رۆژهەڵاتی ئێراندا ژیاون. کەی هاتوونەتە کۆسارەکانی زاگرۆس؟ ئەمە بە تەواوەتی دیار نییە. ئەمانە لە داوێنی رۆژئاوای زاگرۆس و لە دەوروبەری هەولێر نیشتەجێ بوونە، ناویان بەسەر کێوەکانی زاگرۆسدا براوەو زاگرۆس – زاگروت ناوەکانیان لە یەکترەوە وەرگرتووە.

(چتر تخمە)ی سەرۆکی ئەم عێڵە لە سەردەمی داریۆشدا یاخی بوو، خۆی بە نەوەی هوخشتر لە قەڵەم دا، ویستی تەخت و تاجی لە دەست چووی وەربگرێتەوە، لێ گیراو کوژرا. یەکێکی دیکەشیان کە نێوی (فەروەرتیش) بوو ئەویش خۆی بە نەوەی هوخشتر لە قەڵەم دا و بەشێك لە مادەکان بە پاشای خۆیانیان هەڵبژارد. فەروەرتیش زۆر شەڕی دلێرانەی کردو سەردارانی داریوشی، کە یەکێکیان ئەرمەنی بوو، یەك لە دوای یەك شکاند، داریوش بە خۆی هاتە شەڕی فەروەرتیش. فەروەرتیش هەڵات بۆ (رەی) و لەوێندەر گرتیان، هێنایانە هەمەدان و لەوێ لە قەنارەیان دا. ئەمانە بە ئیدیعای خۆیان لە شازادەکانی ماد بوون و لە ڕای وەرگرتنەوەی مافی حوکمڕانی و فەرمانڕەوایی ماڵباتەکەی خۆیاندا هاتنە کوشتن.

لە سەردەمی سەردارانی ئەسکەندەردا، پارتەکان بە نێوی پەهلەوی سەریان قوتکردەوەو دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆیان وەرگرتەوەو بۆ ماوەی پێنج سەد ساڵ لە وڵاتانی زۆر بەرین و فراواندا حوکمڕانیان کرد. پاشان (ئەردەشیر بابك) کە لە کوردانی فارس نشین و لە

www.pertwk.com

ئێڵی شوانکارە بوو، جڵەوی ڕاپەڕینی شاهنشایی لە دەستی (ئەردەوان)ی ئەشکانی وەرگرت و دەوڵەتی بەشکۆی ساسانیانی دامەزراند. پێدەچێت ئەم ئێڵی شوانکارەیە، (پاسارکاد) بوو بێ کە بووە بە (پاساکار، ساپاکار، ساپانکار و شوانکارە) کە لە کوردەواریدا وەکو ئێڵێك هاتووەتە ناسین.

لە ئاخرو ئۆخری دەسەڵاتی ساسانیان و سەرەتاکانی ئیسلام دا، عارەبەکان پەیوەندی زیاتریان لەگەڵ ئێرانیەکان پەیدا کرد، تیرە کوردە فارس نشینەکان و هەموو تیرەکانی (گوتی، کوسی، ماد) یان بە نێوی گشتی ئەمڕۆکەی خۆیان، واتە کوردان ناو بردووە.

وشەی ماد چون گۆڕاوەو چۆن بووە بە وشەی کورد، هێشتا بە تەواوی و بە شێوەیەکی بنجبڕ خۆیا نیە. لەم بارەیەوە سێ ئەگەر دێتە بەرچاو:

1- لە سەردەمی ساسانیاندا بە خەڵك و لەشکریان گوتووە (کارا). بە خەڵك و لەشکری ماد گوتراوە (کاراماد)، ئیدی وشەی (کارا) بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار لەگەڵ وشەی کوڕ، واتە منداڵی نێرینە، تێکەڵ بووەو بووەتە (کوڕ مەد). (کوڕمەد)ش لەگەڵ وشەی (کورتی، زاگروتی، کاردو، کوسی)دا واتە نێوی هەموو هاونەژادەکان تێکەڵ بووەو بووەتە (کورد) و بە هەموو ئەو هۆزو تیرانە گوتراوە کورد.

2- کورتییەکان، لە مادستاندا، زۆرینەی بێ هەڤڕك بوونەو لە هەموو شوێنێکی مادستاندا هەبوونەو لەلایەن عارەبەکانەوە لەگەڵ هەموو تیرەو هۆزەکانی دیدا تێکڕا بە کورد ناوبراون.

3- لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا، عارەبەکان سەرەتا لەگەڵ تیرەکانی کورتی، کاردا، زاگروتییەکاندا پەیوەندییان پەیدا کردووە. ئێرانییەکانیش بە جەنگاوەر و پاڵەوانیان گوتووە (گورد). ئەو تیرەو هۆزانەش کە پاڵەوانیان تێدا هەڵکەوتووەو داوای دوئیلیان کردووە، هەمیشە وشەی (گورد)یان کردووە بە پاشبەندی نێوی خۆ (.....گورد)

لە ڕاستیا ئەم میللەتە جەنگاوەرترین و قارەمانترین خەڵکانێ بوونە کە عارەبەکان تووشیان بوونە. ئیدی سەبارەت بەوەی کە هەم لەقەبی (گورد) کە پڕ بە پێستی هەڵس و کەوتیان بووەو هەم سەبارەت بە نزیکی وشەی (گورد) لە نێوی ئەو هۆزو تیرانەوە کە نێومان بردن، عارەبەکان بە هەموویان گوتوون کورد. ئیدی تیرەو تایفەکانی تری ئەم میللەتەش هەر بە هەمان ناوەوە هاتوونەتە ناسین. لە سەردەمی ساسانیەکاندا وشەی (ماد) بووە بە (مای) و لە سەردەمی عارەبەکاندا وشەی (مای) بووە بە (ماه).

بەم پێیە بۆ نووسینی مێژووی کورد، پێویستە مێژووی ئەم دەوڵەتانە (گوتی: سوباری، لولو، کوسی، میتانی، نایری، مشوکی، خالدی، ماننائی، ماد کە ئەژدادی میللەتی کورد ئەوان دایانمەزراند بوو لە یەك شوێندا کۆ بکرێتەوە و بنووسرێت.

www.pertwk.com

لە ئەنجامدا دەبێ بگوترێ مێژووی کوردی وێڕای ئەو دەسەڵاتەی کە لە کوردستانی تورکیای ئەمڕۆدا هەیان بووە، بریتییە لە مێژووی ئێرانی کۆن و لە هەموو قارەمانێتی و شانازییەکانی ئێرانی کۆندا بەشدارن.

* * *

لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی خوێنەرانی بەڕێز پەی بە جوامێری و مێرخازی و ورە بەرزی ئەم میللەتە رەشیدو قارەمانە بەرن، لێرەدا دوو نموونە دەخەمە بەرچاو، یەکەمیان دەربارەی کەسایەتی یەکەمی کوردە پاش ئیسلام، دووەمیان دەربارەی ژنێکی هەژارو داماوی کوردی سەردەمی تازەیە.

1- شا سەلاحەدینی ئەیوبی بە ناڤودەنگ کە مایەی شانازی هەموو موسوڵمانانی جیهانیشە، لە میللەتی کورد بووە.سوڵتانی میسر، حیجاز، سوریا بووە. لە شەڕی خاچپەرستەکانا، فەرماندەی گشتی هێزی خاچپەرستان، (ریچارد شێردڵ)، پاشای ئینگلستان بوو، لە شەڕی (عەرسوف)دا سەلاحەدین و (الملك العادل)ی برای. لەسەر گردێك دەوەستن، لەوێندەرەوە چاودێری و سەرپەرشتی جەنگەکە دەکەن. ئەو رۆژە ریچارد بە خۆی هاتبووە شەڕ، ئەسپەکەی پێکراو کەوت، ریچارد بە پای پیادە درێژەی بەشەڕ داوەو بە قارەمانیەتیەکی بێ وێنە بەرگری لە خۆی دەکات. سەڵاحەدین و براکەی لای خۆیانەوە ستایشی ئەو قارەمانێتییە دەکەن، و بە رەوای نازانن کە ئەم قارەمانە، هەر چەند گەورەترین دژمنیان بوو، لەبەر بێ ئەسپی بشکێ و تیا بچێت!.. ئیدی دوو ئەسپی رەسەنی عارەبی بۆ دەنێرن.

لەم کاتەدا یەکێك لە ئەفسەرانی زێرەڤانی الملك العادل، بە دەنگی بەرز فەرمان دەدات: وەرنە دواوە، لە پاشای عیساییەکان دوور بکەونەوە!.

ئەم ئەفسەرە کە هەوساری جووتێ ئەسپی رەسەنی بە دەستەوە دەبێ، لە ریچارد نزیك دەبێتەوە، سڵاوی لێدەکات و دەڵێت:

ئەی پاشای خاچپەرستان! مەزنی من سەڵاحەدین و (الملك العادل)ی برای بە چاوی رێزەوە دەڕواننە ئازایەتی و قارەمانیەتی تۆ، سڵاویان هەبوو، گوتیان قارەمانێکی وەکو خودان شکۆتان حەیفە بە پای پیادە شەڕ بکات، ئەم جووتە ئەسپە رەسەنەیان بۆ تۆ ناردووە، (تارك) دیاریی سوڵتانەو (مارك) دیاریی (الملك العادل)ـە.

ریچارد کە ئەم جوامێرییەی بینی زاری چووە کلیلە، پاش ماوەیەك بێدەنگی گوتی: بگەڕێوە بۆ لای سوڵتانی خۆت، سڵاوو سوپاسی منی پێ بگەیەنە، بڵێ ریچارد لە هەموو شوێنێك و بە دەنگی بەرز دەڵێت: "لە سەرکەوتنی جەنگی عەرسوفدا خۆی بە قەرزارباری پیاوەتی و بەخشندەیی و گەورەیی ئێوەی جووتە برا. دەزانێ"!. (ئەمەم لە گۆڤارێکدا خوێندووەتەوە، مەخابن نێوی نووسەرەکەیم لەبیر نەماوە، پێم وایە دەبێ یەکێك لە رێزداران کورد بچە یا هەمزە سەرداور و یاپسیان بێ).

www.pertwk.com

2- له جەنگی ئازادیخوازی کوردان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا، له ساڵانی 1926- 1930 کە مەڵبەندەکەی لە ئارارات بوو، و بە فەرماندەیی نووسەر بوو. ئەگەر پێشمەرگە و خەباتکارێکی کورد بەر دەستی سوپای تورك کەوتبوایە یا سەریان دەبڕی یان بە دەم جۆرەها ئازارو ئەشکەنجەوە دەیانکوشت، لە زستانی ساڵی 1929دا لە شەڕێکدا کە لە ناوچەی ئورتولو روویدا، تورکەکان شکان، ئەو سەربازە تورکانەی کە لەلایەن کوردەکانەوە گیرا بوون، لەبەر کەمی ئازووقە لە ئاراراتەوە ڕەوانەی خاکی ئێران دەکران. کوردەکان نەك هەر نانی دەمی خۆو مندالەکانیان دەدا بە یەخسیرانی تورك، بەڵکو (هوريك) ناوێك کە بێوەژنێکی هەژارو بێ دەرەتان بوو، لە تیرەی حەسە سوریی جەلالی بوو کە بینی بووی گۆرەوی یەکێك لە یەخسیرەکان زۆر دڕاوە، گۆرەوییەکانی پێی خۆی داکەند بوو و کردبوویە پێی ئەو یەخسیرە تا لە ڕێگەدا پێی سەرمای نەبێ، بێوەژنەکە خۆی لەو سەرمایەدا بەپێی پەتی مابووەوە. هەر چەند ئەم ژنە پاشان لە چاکەی ئەو کارە مرۆڤدۆستانەیدا، کە نیشانەی گەورەیی روح و مرۆڤدۆستی میللەتی نەجیبی کورد بوو، پاداشتی خۆی وەرگرت.

کۆتایی

سەرچاوەکان:

1- شانامەی فیردەوسی
2- تاريخ ايران باستان، مشير الدوله
3- تاريخ قديم ايران، ميرزا عباسخان اقبال
4- كتاب مزديسنا پشتها، پورداود
5- گاتاها، پورداود
6- تاريخ كردو كردستان، امين زكى بگ
7- مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدين سجادی
8- تاريخ بختيارى، سردار اسعد
9- روضة الصفا،
10- مجمل التواريخ
11- كردو پيوستگى نژادى و تاريخى او، رشيد ياسمى
12- ايران نامه يا كارنامهء ايرانيان در عهد اشكانيان، عباس محمد على شوشترى.
13- تاريخ سيرجان مالكولم
14- شەرەفنامە، امير شرفخان بتليسى
15- كتاب كرد، شميم همدانى
16- نوروز نامە، عومر خيام

www.pertwk.com

17- اسکندرنامه، ئارستوفلس

18- مجله ایران کوده.

تێبینی:

ئەم کتێبەم لە ساڵی 1988دا لە شاری سەقز، وەرگێراو یەکەمجار لە گۆڤاری کەلتور، ژمارە چوار، بەرپەڕێن (307- 380)دا بڵاوبووەتەوە کە مەخابن نەك هەر هەڵەی چاپی زۆری تیایە، بەڵکو لێرەو لەویٚ دەستەواژەو رستەش پەڕیوە.. پاشان لە ساڵی 1998دا، بۆ جاری دووەم بە کتێب، لەلایەن ناوەندی رۆشنبیریی یەکگرتووەوە، وەکو ژمارە (26)ی پرۆژەی سەت کتێبی کوردی، چاپ و بڵاوکرایەوە، کە بەداخەوە نەك هەر هەڵەی زۆری تیا بوو، بەڵکو لە زۆر شوێندا رستەو دەستەواژەو پەرەگرافی بچووك پەڕی بوو، تەنانەت لاپەڕان پاش و پێش کەوتبوو، کە مامۆستا وریا قانع لە ژمارە پەنجای گۆڤاری راماندا وتارێکی لەسەر ئەو کەموکوڕیانە نووسی بوو و بەندە لە ژمارە پەنجاو یەکی هەمان گۆڤاردا وەڵامم دابووەوە..

جا خوێنەری بەڕێز ئەمەی ئێستا لە بەردەستدایە، دەکاتە چاپی سێیەم، کە هەم بژار کراوە هەم پێشەکییەکەی بۆ زیاد کراوەو لەم سەرچاوەیەی خوارەوە، کراوە بە کوردی، کە بە راستی چاپێکی یەجگار بیٚ سەروبەرو خراپە، بە تایبەتی لە رووی خاڵبەندییەوە، هیچ بایەخێکی پێنەدراوە.

حەمە کەریم عارف

سلێمانی 2008

سەرچاوە:

نام کتاب: تاریخ ریشە نژادی کرد

نویسندە: احسان نوری پاشا

ناشر: کتاب فروشی بزرگ سیدیان

تیراژ: (4000) هزار نسخه

چاپخانه: پیروز

تاریخ: 1361

www.pertwk.com

حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی 1951دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی 1975 کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (170) ڕۆژنامەی هاوکاری لە 1973/6/8 بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی 1975ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك, نووسەری کوردستان, کەلتوور, نووسەری کورد, گولانی عەرەبی, ئالای ئازادی تا ژمارە 00222, گۆڤاری نەوشەفەق.
- جگە لە ناوی خۆی, بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك, نووسەری کوردستان, کەلتوور, ڕۆژنامەی ئالای ئازادی تا ژ: 222 بەناوی گۆڤەند, زنار, سیپان, پاکزاد, محەمەدی حاجی, سیروان عەلی, دیدار هەمەوەندی, هێژا, ح. ع هامون زێیاری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە.
- جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ئیدی ئەندامی هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی نەبووە, لە ساڵی 1974 – 1975دا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە, لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ, بێ وابەستەگی حیزبی, پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات, چونکە باوەڕی وایە کە ڕۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.
- لە هەشتاکانەوە تا ئێستا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردۆتەوە, لێ زۆربەی هەرە زۆریان, بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاو بوونەتەوە, لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان ڕزگار بوون. هەندێك لە وانە:

1- تیرۆژ, کۆ چیرۆك, چاپی یەکەم 1979
2- کۆچی سوور, ڕۆمان, چاپی یەکەم 1988
3- بەیداخ, چیرۆك, 1988

www.pertwk.com

4- داوەتی کۆچەرییان, کۆ چیرۆك چاپی دووەم 2005
5- لە خۆ بێگانە بوون, کۆمەڵە چیرۆك, چاپی یەکەم (1999) دەزگای گوڵان
6- کوچ سرخ, کۆ چیرۆك, بە فارسی, وەرگێڕان چاپی یەکەم 1987 شاخ
7- نینا, ڕۆمان, سابت رەحمان, دوو چاپ, شاخ, شار 2002
8- نامۆ, ڕۆمان, ئەلبیر کامۆ, دوو چاپ, شاخ, شار 2003 دەزگای ئاراس، چاپی سێیەم 2007، ئینتەرنێت.
9- ڕێبەر, ڕۆمان, مەهدی حسین, یەك چاپ (شاخ)، چاپی دووەم، 2007
10- شکست, ڕۆمان, ئەلکساندەر فەدایەف, چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم: 2007 ئینتەرنێت.
11 – هاوماڵەکان, ڕۆمان, ئەحمەد مەحمود, دوو چاپ, شاخ, شار 2000 گوڵان
12- بێناسنامەکان, ڕۆمان, عەزیز نەسین, 3 چاپ شاخ, شار 2003
13- قوربانی, ڕۆمان, هێرب میدۆ, چاپی یەکەم 2004 دەزگای شەفەق
14- دووره وڵات, ڕۆمان ع. ڤاسموف, چاپی یەکەم2000 دەزگای گوڵان
15- ئازادی یا مەرگ, ڕۆمان, کازانتزاکیس, چاپی یەکەم 2003 کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: 2008
16- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی, دوو چاپ, شاخ, شار 2004 کتێبخانەی سۆران هەولێر
17- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی, چاپی شاخ 1985
18- دلێریی خۆراگرتن, ئەشرەفی دەهقانی, چاپی شاخ
19- مەسەلەی کورد لە عێراقدا, عزیز شەریف
20- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد, ئیحسان نوری پاشا, یەك چاپ
21- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ, مەسعودی ئەحمەد زادە, چاپی شاخ
22- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو, د. کوینتەر دیشنەر, چاپی شێیەم 2004 دەزگای ئاراس
23- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس, نەجەف قولی پسییان, چاپی یەکەم 2006
24- گوزارشتی مۆسیقا, د. فۆاد زەکەریا. چاپی یەکەم، یانەی قەڵەم: 2006
25- دەربارەی شیعر و شاعیری, رەزا بەراهەنی. چاپی دووەم، 2007
26- ڤنسنت ڤان گوگ, شانۆنامە, پاول ئایز لەر
27- بە دوعا شاعیرەکان, شانۆنامە, جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:12)
28- جولەکەکەی ماڵتا, شانۆنامە, مالرۆ.
29- داد پەروەران, شانۆنامە, ئەلبیر کامۆ.
30-بەد حاڵی بوون, شانۆنامە, ئەلبیر کامۆ.
31- چاو بە چاو, شانۆنامە, گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)
32- ریچاردی سێیەم, شانۆنامە, شەکسپیر.

www.pertwk.com

33- گەمەی پاشا و وەزیر, شانۆنامە, عەبدوڵلائەلبوسێری.
34- کورد لە ئەنسکلۆپیدیای ئیسلام دا, چاپی یەکەم 1998 وەزارەتی رۆشنبیری.
35- هونەر و ژیانی کۆمەڵایەتی, پلیخانۆڤ, چاپی یەکەم 2005 دەزگای موکریانی
36- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت, ئیڤلین رييد، چاپی یەکەم، 2006
37- لێکدانەوەیەك لە مەڕ نامۆ, لویس ریی.
38- منداڵە دارینە, چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
39- فاشیزم چیی؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان, یەلماز گونای
40- شوانە بچکۆلەکە, چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
41- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)
42- لە گە نجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم2008
43- کۆمەڵێك ئەفسانەی جیهانی (23 ئەفسانە)
44- زندە خەون, کۆمەڵە چیرۆکی چیخوف, چاپی یەکەم (2001) دەزگای موکریانی
45- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی, چاپی یەکەم (2004) کتێبخانەی سۆران, هەولێر
46- جێ پێ, کۆمەڵێك چیرۆکی فارسی چیرۆکنووسان :(سادقی هیدایەت, جەلال ئال ئەحمەد, بوزرگی عەلەوی, سادقی چوبەك, مەنسوری یاقوتی) چاپی یەکەم : 2006
47- چیرۆکستان, کۆمەڵێك دەق و رەخنە, چاپی یەکەم 2005 نووسەرانی کەرکووك
48- چۆنیەتی فێر بوونی زمانی فارسی, چاپی یەکەم (2000) حەمە کەریم عارف
49- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف
50- پەلکە رەنگینە, حەمە کەریم عارف, چاپی یەکەم (2004) وەزارەتی رۆشنبیری
51- کۆمەڵێك چیرۆکی بێگانە (ئەو رۆژەی کە ون بووم) چاپی یەکەم 2006.
52- چزیشفسکی, فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
53- چایکۆ فسکی, ژیان و بەرهەمی.
54- ئیدگار ئالین پۆ, ژیان و بەرهەمی.
55- جاك لەندەن, ژیان و بەرهەمی
56- گوگول, نووسەری ریالیست
57- یەڵماز گونای, ژیان و بەرهەمی
58- سادقی هیدایەت, ژیان و بەرهەمی
59- خافرو غ لە شیعر دەدوێ, ژیان و بەرهەمی
60- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
61- ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیات دا, چاپی یەکەم (2004) دەزگای سپیرێز
62- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (2001) دەزگای گوڵان
63- راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا, حەمە کەریم عارف
64- دیدار و دەق و رەخنە. چاپی یەکەم (......

www.pertwk.com

65- دیداری چیرۆکڤانی. چاپی یەکەم (......

66- قوتابخانە ئەدەبییەکان, رەزا سەید حسەینی.(چاپی یەکەم 2006، دەزگای موکریانی)

67- ناودارانی ئەدەب, حەمە کەریم عارف

68- هەزار تۆپی شیعری نوێخوازی و چەند باسێکی دی, حەمە کەریم عارف.

69- کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا, کریس کۆچرا, چاپی یەکەم 2003 کتێبخانەی سۆران

70- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین). چاپی یەکەم2008

71- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا). چاپی یەکەم2008

72- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا). چاپی یەکەم2008

73- چینی کۆن

74- دەربارەی رۆمان و چیرۆك

75- پەیڤستانی من

76- ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ

77-ئیلیادە، هۆمیرۆس

* لە راپەڕینەوە تا ئەوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دەکات و بەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاو دەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن, دەبێ پرس بە نووسەر بکات...

www.pertwk.com